کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
ژماره ٦١٩
چوار شەممە
١٥ی خەزەڵوەر ١٣٩٢
٦ی نوامبەری ٢٠١٣
نرخ: ١٥٠ تمەن
kurdistanukurd.com
kurdistanukurd.com
■ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■

## نوێنەرێکی مەجلیس: ئێران سەدان گوردانو هێزی چەکداری لە سووریە هەیە



جەواد کەریمی قودوسی، ئەندامی کومیسیونی ئەمنییەتی نەتەوەیی مەجلیس، دەڵێ ئێران سەدان گوردانی هێز لە سووریە هەیە.

ناوبراو چەند رۆژ لەوە پێش لە خۆراسان بەڕاشکاوی گوتی: هەواڵی سەرکەوتنەکانی ئەرتەشی سووریە لە زمان فەرماندە سوورییەکانەوە دەبیسترێن، بەڵام لە پشت ئەو سەرکەوتنانەوە هێزە نیزامییەکانی ئێران حوزووریان هەیە.

### حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بانگەوازێکی بە پەلە دا:

# داسی مەرگی کۆماری ئیسلامی بەربووەتە گیانی بەندییەسیاسییەکان، با یەکگرتووانە بەرەوڕووی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان بینەوە




شەپۆلی ئەم دوایانەی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هەتا ئێستا گیانی دەیان رۆڵەی بەلووچ و کوردی ئەستاندوە. دوا بەندیی ئێعدامکراو لە لایەن رێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی، شێرکۆی مەعارفی بوو کە بەرەبەیانی دووشەممە١٣ی خەزەڵوەر، لە سەقز لە دار درا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە دوای لەداردرانی حەبیبوڵلا گوڵپەرییوور و رەزا ئیسماعیلی، پاش ئەوەی بنەماڵەی ٦ بەندیی سیاسیی کورد ئاگادار کرانەوە کە بە زوویی حوکمی ئێعدامی رۆڵەبەندکراوەکانیان جێبەجێ دەکرێ، بانگەوازێکی بە پەلەی بڵاو کردەوە. لەم بانگەوازە دا ئەم حیزبە رووی قسەی خۆی کردوەتە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان و ئێران،کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵێک داوا و پێشنیاری خستووەتە بەر چاویان بۆ ئەوەی بە هەوڵی هەموولا، بەر بە شەپۆلی ئەو ئێعدامانە بگیرێ.

بە شوێن ئەو بانگەوازە و بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان، لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و لە چەند شاری ئورووپا، کۆبوونەوە و رێپێوان بە بەشداریی کوردانی رۆژهەڵات بەرێوە چوو.

دەقی بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەم ژمارەیەی کوردستان دا (لاپەرە ٣) بخوێنەوە

## ئایا ئەم سووکایەتییە ئینسانیو نەتەوەییە قەبووڵ دەکەین؟

قادر وریا

چاوەڕوانیی سەرچاوەگرتوو لە دروشمو بەڵێنەکانی حەسەن رۆحانی لە بارەی ئێعتداڵ (میانەرەوی)و مافەکانی هاونیشتمانان لە نێو خەڵکی ئێران بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکان، جێگای خۆی داوە بە ماتەمو نیگەرانیی تایبەت بە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان.

لە بەلووچستان، دوای ئەوەی پاسگایەکی سەرسنوور کەوتە بەر هێرشی چەکدارانەی «جیش العدل»و، کوژرانی ١٤ سەرباز و دەرەجەداری کۆماری ئیسلامیی لێکەوتەوە،١٦ بەرهەڵستکاری بەلووچ کە لە بەندیخانەکانی ئەو رێژیمە دابوون، بە تۆڵەی ئەو هێرشە ئێعدام کران.

لە کوردستانیش، کۆماری ئیسلامی، تۆڵەی کوژرانی کۆمەڵێکی٥کەسی لە مۆرە کوردە بەدناوەکانی سەربە سوپای پاسداران (جاشە کۆنەکارەکان) لە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە لە ناوچەی بانە خەریکە بە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان دەستێنێتەوە! ژمارەی ئەو بەندییانە سیاسییانەی تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە ئێعدام کراون، بوون بە سێ کەس. کۆمەڵێک بەندیی سیاسیی دیکەش کە لە پێشوو دا حوکمی ئێعدامیان بە سەر دا سەپێندراوە، چاوەروانیی جێبەجێکرانی حوکمەکانیانن.

گەلی عەرەبی ئێرانیش نیگەرانی ئەوەن مۆتەکەی ئێعدام لەم رۆژانە دا بەربینگ بە رۆڵەکانیان بگرێ. دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕاست لەم رۆژانەدا لە سناریۆی ئاشکراکردنی چەندین رایەڵکەی جاسووسی بۆ بێگانە لە خوزستان دەدوێن! ئەمەش دەتوانێ دەسپێکی پیلانی لە نیوبردنی رۆڵە خەباتکارەکانی ئەو گەلە بێ.

شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان، بە داخەوە ئەوەندەی مەسەلەی خودی بەندییە سیاسییەکانو بنەماڵەکانیانە، ئەوەندە مەسەلەی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان نییە. ئەوەندەی مەسەلەی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو چالاکانی مەدەنیو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە، ئەوەندە مەسەلەی خەڵکی ئاسایی نەتەوە بندەستەکان نییە. ئەوەندەش مەسەلەی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە، ئەوەندە مەسەلەی خەڵکە فارسیزمانەکەی ئێران نییە. هەروەها ئەوەندەی دنیای مەجازیی بە خۆوە خەریک کردووەو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو میدیای کوردی رۆژهەڵاتدا دەنگدانەوەی هەبووە، لە دنیای حەقیقیو لە میدیای ئێرانیی فارسزمانی دەرەوەدا، نیو ئەوەندە هەستی پێناکرێ.

ل٣



٤ وتووێژی بەڕێز خالید عەزیزی لەگەڵ کوردکاناڵ



٦ دەوڵەتی رووحانی! باش یان خراپ!؟



٦ ١٣ی خەزەڵوەرو دیپلۆماسیی تەدبیرو ئومێد!



٧ یارسانەکانو بزووتنەوەو رێبازە شوناسخوازییەکان!



٩ هەڵوەرینی گوڵێک لە باخچەی فەرماندەراندا

## بەرێوەچوونی خۆپیشاندانی نارەزایەتی بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامەکان لە ئێران



مەریوان :

دەیان کەس لە لاوانو خەڵکی بە هەڵوێستی شاری مەریوان بە نیشانەی نارەزایەتی دربڕین بە ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کوردو بە دروشمی «کوردستان لە سێدارە مەدەن» رژانە سەر شەقام. ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ١٤ی خەزەڵوەر کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی شاری مەریوان خۆپیشاندانێکیان لە سێرێیانی شەبرەنگەوە تا چواررێیانی سەرەکیی ئەو شارە بەرێوە بردو بەو خۆپیشاندانە نارەزایەتیی خۆیان لە شەپۆلی نوێی ئێعدامی لاوانی کورد بەهۆی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەربڕی. خۆپیشاندەران لە کاتێکدا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی «نا بۆ ئیعدام» و «کوردستان لە دار مەدەن» رێیان دەپێوا، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە پەلامار دران بۆ بڵاوە پێکردنیان. کۆمەڵێک لە شایەتحاڵانی ئەو رووداوە لە سەر تۆڕی فەیسبووک نووسیویانە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو خۆپیشاندانە کەشێکی ئەمنیەتیی قورس بە سەر شوێنە گشتییەکانی شاردا زاڵ کراوەو هەروەها باس لە دەسبەسەر کرانی کۆمەڵێک لەو خۆپیشاندەرانەیان کردوە.

هەر لەم پەیوەندییەدا راپۆرتێک لە لاپەرە ٢دا بخوێنەوە.

## کەمپەینی «هەزار کامێنت دژی ئێعدام»




دەستەیەک لە چالاکانی کورد کەمپەینێکی ئینترنێتییان وەڕێ خستوە بە ناوی «هەزار کامێنت دژی ئێعدام» و داواکارن لە بەکاربەرانی تۆڕی فەیسبووک کە بە کامێنتەکانیان نارەزایەتیی خۆیان دژی ئێعدام لە پەیج و لاپەرەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیدا بەتایبەتی پەیجەکانی سەرکۆمار حەسەن رۆحانی وەزیری دەرەوە، محەممەد جەواد زەریف، دادەربڕن.

دامەزرێنەرانی ئەو کەمپەینە داواکارن لە ژێر هەر پۆستێکی نوێی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیدا، بەبێ سرنجدان بە مەوزووعی دانراو، بەردەوام کۆمێنتەکانیان دابنێێن و مخالفەتی خۆیان دژی ئێعدام دەربڕن، کە ئەوەش یەکێکە لە رێگاکانی نارەزایەتی دەربڕین دژی ئێعدامەکان لە ئێران. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەمپەینە ئەوەیە کە بە شیوەیەکی چالاکانە شەڕی بردۆتە سەر عەرزی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیی سیاسیو مافناسی کورد سارمەخان سادق وزیری

هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حیزبی دێموکڕات سەردانی کەسایەتیی سیاسیو مافناسی کورد سارمخان سادق وزیری کرد.

ڕۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو له حەسەن حاتمی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانو مامۆستا عەزیز ئەحمەدی بەرپرسی پەیوەندیەکانی حیزب له وڵاتی سویس سەردانی کەسایەتیی سیاسیو مافناسی کورد سارمەددین سادق وزیریيان کرد.

لەم چاوپێکەوتنەدا وێڕای نوێکردنەوەی دیدار، بارودۆخی ئێستای کوردستان بە گشتی، دوایین هەڵبژاردنو ئاکامەکانی له ئێراندا، تێڕوانینو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت ئاڵوگۆرە سیاسییەکانو پێوەندیی حیزبە کوردستانییەکان هاتنە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## سەردانی هەیئەتی بزووتنەوەی گۆڕان له دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕان له پێوەندی له گەڵ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی باشووری کوردستانو پرسی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی هەرێم ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەر هەیئەتێک له بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرپەرەستیی دوکتور محەممەد حاجی، ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی گۆڕان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لەسەرەتای دیدارەکەدا کاک مستەفا مەولوودی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وێڕای بەخێرهێنانی هەیئەتی بزووتنەوەی گۆڕان، خۆشحاڵیی هەیئەتی خانەخوێی لە هاتنی هەیئەتی ناوبراو دەربڕی و هەروەها هەیئەتی بزووتنەوەی گۆڕانیش خۆشحاڵی خۆیان له پێوەندی له گەڵ هاتنیان بۆ بنکەی ناوەندی حیزب و پێوەندییەکانیان له گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی.

له درێژەی ئەم دیدارەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان بیروبۆچوونی لایەنەکەی خۆیان سەبارەت بە ئاکامی دوایین هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی باشووری کوردستانو پرسی چۆنیەتیی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتوو له هەرێم و چۆنیەتی هەڵوێستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بە تایبەت بزووتنەوەی گۆڕان لەم پێوندییەدا خستەڕوو.

له کۆتایی ئەم دانیشتەدا هەردوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پێداگرییان له سەر درێژە پێدان بە پێوەندییەکانیان دووپات کردەوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکڕات له جێژنی ساڵیادی دامەزرانی تورکیەدا



شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان له جێژنی ساڵیادی دامەزرانی تورکیە کە له کۆنسولگەریی ئەو وڵاتە له هەولێر بەڕێوەچوو، بەشداری کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ٧ی خەزەڵوەر شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو له کماڵ کریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبو برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕات له هەولێر له سەر بانگهێشتی کۆنسوڵی گشتیی تورکیە له هەولێر له جێژنی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری تورکیە دا بەشدارییان کرد.

شایانی باسە لەو ڕێوڕەسمەداو له پەراوێزی دانیشتنەکانی ئەو جێژنەدا شاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ نوێنەرانی زۆر له هەیئەتی حیزبەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیدارو چاوپێکەوتنی هەبوو.

## کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لەگەڵ بەشێک لەئەندامانی حیزب له شاری کۆیە

له کۆبوونەوەی ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب له شاری کۆیە و دەوروبەر گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران قسەیان له سەر کرا.

شەوی پێنجشەممە ٢٤ی ئۆکتۆبر، بە ئامادەبوونی هەیئەتێک له کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب له شاری کۆیە و دەوروبەر پێک هات.

لەو کۆبوونەوەیە کە بۆ باس و هەڵسەنگاندنی گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە کوردستانو ئێران پێک هاتبوو، دەیان کەس له ئەندامانی حیزب له دەڤەری کۆیە، هاتبوون تا له نزیکەوەو له زمانی بەرپرسانی تەشکیلاتەوە، لێکدانەوە و ڕوانینی حیزبەکەیان له بارەی پرسی کورد له وڵاتانی ناوچەو ئاڵوگۆرەکانی ئێران، ببیسن و قسەی له سەر بکەن.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم کۆبوونەوەیەدا، لێکدانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان له بارەی نوێترین ئاڵوگۆڕەکان له بەشە جیاوازەکانی کوردستانی خستەڕوو.

له درێژەی باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا، ئەندامی دەفتەری سیاسی چووە سەر ئاڵوگۆرەکانی ئەم دوایانەی ئێران. قادر وریا گوتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی وایە کۆماری ئیسلامی هەر وا له سیاسەتی دەرەوەی دا، دەستی بە نەرمی نواندن کردوە، له ژوورەوەی ئێرانیش دا، ناچارە چاو بە سیاسەتەکانی دا بخشێنێتەوە. دیارە ئەگەر ئەو ڕێژیمە نەشیهەوێ، دەبێ خەڵک بە خەباتی خۆی ناچاری بکا سیاسەتەکانی بگۆڕێو نەتوانێ وا بە هاسانی مافەکانی خەڵک پێشێل بکا.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات، تەوەری دوایی قسەکانی بۆ باس له ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی، پێوەندیی حیزبەکەی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هەر وەها ڕەوتی دیدار و دانیشتننەکانی دوو لای دیموکرات تەرخان کرد.

له دوا بەشی ئەم کۆبوونەوەیە، ئەندامانی حیزب پرسیار وبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان خستە روو و بە بەشداریی خۆیان باسەکانیان دەوڵەمەند کرد.

درێژەی لاپەڕی ١

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانی نارەزایەتی له شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات ......

### مەریوان

شایانی باسە ئەو خۆیشاندانە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە لەداردرانی سێ زیندانیی سیاسیی کورد، حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور، ڕەزا ئیسماعیلیو شێرکۆ مەعارفی بووە کە له مەودای ١٠ ڕۆژ دا بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیوەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەزگای قەزایی ئەو ڕێژیمە له زیندانی ناوەندیی ورمێو سەڵماس له دار دران.

### هەولێر

له شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆ مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بەردەوامیی له ئێعدامی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەدا کە پێش نیوەڕۆی پێنجشەممە، ٩ی خەزەڵوەر له سەر داوای یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردو کەمپینی «نا بۆ لەسێدارەدانی لاوانی کورد» پێک هاتبوو، بەشدارانی خۆپیشاندانەکە « نا» یەکی دیکەیان بە سیاسەتی سەرکوتو ئێعدامی لاوانی کورد بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران گوت.

ئەو کۆبوونەوەیە بەبەشداریی سەدان کەس له کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتووی باشووری کوردستان له پارکی سامی عەبدوڵرەحمان بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، پاشان پەیامی کەمپینی «نا بۆ لەسێدارەدانی لاوانی کورد» روو بە پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن عەلی ئیسماعیلنژاد خوێندرایەوەو دواتر پەیامەکە ڕادەستی نوێنەرانی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەشدار له کۆبوونەوەکە کرا.

دوای ڕادەستکردنی پەیامەکە بە نوێنەرانی پارلمان، خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی دروشم بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو خوێندنەوەی شێعرو سروودی نەتەوەیی بەرەو نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان له هەولێر کەوتنەڕێ.

له درێژەی بەرنامەکانی ئەو خۆپیشاندانە هێمنانەدا، فەردین کەریمی، بەیاننامەی کۆتایی کەمپینی «نا بۆ لەسێدارەدانی لاوانی کورد»ی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە سیاسەتی ئێعدام لەلایەن کۆماری ئیسلامی خوێندەوە. کە وێڕای مەحکوومکردنی ئێعدامی دوو تێکۆشەری سیاسیی کورد حەبیبوڵلا گوڵپەریپوورو ڕەزا ئیسماعیلی، مەترسیی ئێعدامکرانی نیزیک بە ٢٠ زیندانیی سیاسیی کورد کە حوکمی لە داردرانیان پەسند کراوە، وەبیر نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان له هەولێر هێنرایەوە.

پاشان چەند کەس لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سەردانی بەرپرسی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان له هەولێریان کرد تا بەیاننامەو داخوازی خۆپیشاندەران ڕادەست بکەن.

له بەشێکی دیکەی خوێندنەوەی پەیامەکاندا پەیامی ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەنجوومەنی زێد لەلایەن مستەفا شێخە خوێندرایەوە.

له دوایین بڕگەی کۆبوونەوکەدا ناسر گوڵپەریپوور، باوکی شەهید حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور کە بە تەلیفوون پێوەندی پێوە گیرابوو، سپاسی کەمپینی «نا بۆ لەسێدارەدانی لاوانی کورد» بۆ وەرێخستنی ئەو خۆپیشاندانەی کردو پەیامی خۆی بەو بۆنە بە بەشداران گەیاند.

ئەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە بە خوێندنەوەی شێعرو نوێکردنەوەی بەڵێن لەگەڵ شەهیدانو زیندانیانی سیاسی بۆ بەردەوامبوون لەسەر داوا ڕەواکانی گەلی کورد کۆتایی پێهات.

### کۆیە

لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە خۆپیشاندانێک بۆ مەحکووم کردنی ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشانەدا کە سەرەتا له بەردەم قایمقامەتیی شاری کۆیە دەستی پێکردو پاشان خۆپیشاندەران له مەیدانی حاجی قادر کۆبوونەوە، سیاسەتی تێرۆر، سەرکوتو ئێعدامی لاوانی کورد بەهۆی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرا.

خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب»و سروودی « ئەی شەهیدان»؛ خوێندنەوەی پەیامی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران لەلایەن سەید جەلال ساڵحی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیەو پەیامی چیمەن رەفێق، بەرپرسی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە چەند بڕگەیەکی ئەو خۆپیشاندانو کۆبوونەوەیە له شاری کۆیە بوون.

شایانی باسە بەشێکی زۆر له ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

هەروەها له دەرەوەی وڵاتیش خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینی کوردان له وڵاتانی فەرانسە، نۆرویژ، سوئێد له بەردەمبالۆێزخانەکانی ئێران لەم چەند ڕۆژەدا درێژەیان بووە و سیاسەتی سەرکوتو شەپۆلی نوێی ئێعدامی لاوانی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان مەحکووم کرد.

شایانی باسە شەوی ١٤ی خەزەڵوەر له پاریس کوردانی دانیشتووی ئەو شارە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە بەردەوامیی ئێعدامی لاوانی کورد هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران له فەڕانسەو تابلۆی باڵوێزخانەکەیان هێنایە خوارێو بە نووسینی ناوی حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور، شێرکۆ مەعارفیو ڕەزا ئیسماعیلی له سەر دیواری باڵوێزخانەو هەروەها نووسینی دروشمی بژی کوردو بژی کوردستان بێزاریی خۆیان له کۆماری ئیسلامی دەربڕی. له وڵاتی نۆروێژیش لاوانی کورد بۆ دەربڕینی ڕق و بێزاری خۆیان دژبە له سێدارەدانی لاوانی کورد شەوی ١٥ی خەزەڵوەر دیوار و درگای سەفارەتی ئێران له نۆڕوێژ بە ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانی لەسێدارەدراو داپۆشی.

## دیداری نوێنەری حیزبی دێموکراتی لەگەڵ سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست



مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزبو نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان له ئەنترناسیۆناڵی سوسیالیست، هاوڕێ لەگەل هەیئەتێکی ئیتلافی ئوپۆزیسیۆنی سووریە بەسەرپەرستی بەرێز ولید سەفوور، باڵوێزی ئیتلافی سووریە له بریتانیاو هەروەها عەزیزی تالانی و هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سووریە، ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣، سەردانی بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستیان کردو لەگەڵ بەرێز لویس ئەیالا سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە دانیشتن.

سەرەتای کۆبوونەوەکە کورتە باسێک لەلایەن بەرێز لویس ئەیالا لەسەر ئێس ئای و هەروەها چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە باس کرا. پاشان بەرێز وەلید سەفوور باڵوێزی ئیتلافی سووریە له بریتانیا، لەسەر دواین ڕووداوەکانی سووریەو پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد دوا و نیگەرانی خۆی له دەستێوەردانو پشتیوانی رووسیەو ئێران له ڕژیمی ئەسەد دەربڕی.

له بەشی دووهەمی ئەو چاوپێکەتنەدا، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە جیاو بۆ جاری دووهەم لەگەڵ بەرێز لویس ئەیالا دانیشتەوەو باسێکیان لەسەر ئەنترناسیونالو گیرو گرفتەکانی ئەم دوایانەی ئێس ئای و هەروەها ڕێکخراوی تازە دامەزراوی هاوپەیمانیەتی پێشکەوتوو دواین کۆبونەوەیان واتە ٢٤ی ئۆکتوبر کە له سوئید پێک هات کرد. پاشان نوێنەری حیزب لەسەر دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد بەدەستی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت دوایین ئێعدامەکانی زیندانیانی سیاسی و ئێعدامی حەبیبوڵلا گوڵپەری پوور له زیندانی ورمێو هەروەها ڕەزا ئیسماعیلی له زیندانی سەلماس و ١٦ چالاکی سیاسی و فەرهەنگی بلوچ له شاری زاهیدان، بێ ڕێزی کردن بە شوێنکەوتووانی ئایینی یارەسانو گرتنی زیاتر له ٣٠ کەس لێیان، بەشێکی دیکەی باسەکان بوون. نوێنەری حیزب لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا گلەییو گازەندەی له وڵاتانی زلهێزو له سەرووی هەموویانەوە ئەمریکاو بریتانیا کرد کە مەسەلەی چەکی ناوەکی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیان کردۆتە تەوەری سەرەکی باسو خواسەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی ئەو ڕژیمەدا و ئەو هەموو پێشێلکارییانەی کە دەرحەق بە خەڵکی ئێران، بە تایبەت ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەکرێ پشتگوێ خستووە. له کۆتایی ئەو دانیشتنەدا نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان له ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست، لۆگۆیەکی ڕێکخراوی ئێس ئای له لایەن حیزبەوە پێشکەش بە لویس ئایالا کرد.

## کۆبوونەوەیەک لەژێر ناوی « هۆکارەکانی بەشداریی لاوازی کرماشان، ئیلام و لوڕستان له بزوتنەوەی کوردی دا»

کۆمیسیونی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە ٦ی خەزەڵوەر سمینارێکی بۆ ئاسۆ کرماشانی، ڕاگەیەندکاری ئەو حیزبە لەژێر ناوی « هۆکارەکانی بەشداریی لاوازی کرماشان، ئیلام و لوڕستان له بزووتنەوەی کوردیدا» پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەشداریی کۆمەڵێک له کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو، ئاسۆ کرماشانی له باسەکەی دا بە چاوخشانییێکی خێرا بە شۆڕشەکانی خواروی کوردستانی ئێران، بەراوردی ئەو شۆڕشانەی له گەڵ شۆڕشە مودێرنەکانی بزووتنەوەی کورد کرد.

کۆڕگێڕ له بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە تیشک خستنە سەر تایبەتمەندیی فەرهەنگو کەلتوور و داب و نەریتی ناوچەکانی خواروی کوردستان، له ڕوانگەی خۆیەوە خەسارناسیی بەرفراوان نەبوونی خەباتی نەتەوەیی کورد لەو ناوچانەی خواروی کوردستانی کرد.

شایانی باسە له بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک له بەشداران ڕاو سەرنجی خۆیان له سەر باسەکەی ئاسۆ کرماشانی خستە ڕوو.

٣

کوردستان

ژمارە: ٦١٩

١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢

٦ی نوامبری٢٠١٣




## کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبو کۆمەڵە لە هەولێر

هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شاندێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

ڕۆژی سێ شەممە، ٣٠ ی ڕەزبەر هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حەسەن کاکیلی، سەردانی دەفتەری پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان لە هەولێر کردو لەلایەن هەیئەتی خانەخوێ پێکهاتوو لە زاگرۆس خوسرەویو سامان ڕیشەساحێب پێشوازی یان لێکرا. لەو دیداره دۆستانەیەدا، گەلێک بابەتو پرسی جۆراوجۆر هاتنە بەر باسو پێکەوە بە دوورو درێژی لە سەر بارودۆخو ئاڵوگۆرەکانی پەیوەندیدار بە ئێرانو بە تایبەت سیاسەتو ڕوانگەکانی تازەی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی بەرامبەر بە دنیای دەرەوە، ئاڵوگۆری بیروڕا کرا. بابەتێکی دیکەی دانیشتنەکە چەندو چۆنیو ئاستی پەیوەندییەکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پێویستیی هەرچی لێک نێزیک بوونەوەی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانی ویستو ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک بوو. لە کۆتاییدا تیشک خرایە سەر ئامادەکارییەکان بۆ بەستراني کۆنگرەی نەتەوەیو لایەنە جۆراجۆرەکانی پێوەندیدار بەو کۆنگرەیە خرایە بەرباسو لە سەر پەرەپێدانو پتەوتر کردنی زیاتری پەیوەندی دوو لایەنە، پێداگری کرایەوە .

ڕاگەیەندراو

# نەتەوەی کورد بە ئێعدامی ڕۆڵەکانی لە خەباتو داواکانی سارد نابێتەوە

ڕۆژی شەممە، ٤ ی خەزەڵوەر دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران حوبیبوڵڵا گوڵپەریپوور، زیندانیی سیاسیی کوردی کە پێشتر بە تۆمەتی محاربە مەحکووم بە ئێعدام کردبوو، لە دار دا.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی حەبیبوڵلا گوڵپەریپووری هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی وڵاتو کردەوەی تێکدەرانە بە دژی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندبوو، لە حاڵێکدا حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور کاتی دەسبەسەرکرانی لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە تەنیا چەند کتێبی لێگیرابوو، لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو بازجوویی لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا هیچ کام لەو تۆمەتانە درابوونە پاڵی، لە سەری ساغ نەبوونەوە؛ تەنانەت لە ژێر ئەشکەنجەی تاقەت پرووکێنیشدا حەبیبوڵلا دانی بە تاوانی نەکردوودا نەنا، هەر بۆیەش بە پەروەندەسازی لە دادگایەکی ناعادڵانەدا مەحکووم بە ئێعدام کراو تەنانەت حوکمەکەشی بەنهێنیو بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی خۆی، بنەماڵەکەیو پاریزەرەکەی جێبەجێ کرا.

ئێعدامی حەبیبوڵلا گوڵپەریپوور لە کاتێکدا کە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی بە وادەو بەڵێنی خۆ بەدوورگرتن لە داخرانی سیاسی، چاندنەوەی تۆوی هیوا بۆ چاکسازیو کرانەوەی سیاسیو بە متمانەی زۆرینەی خەڵک هاتۆتە سەر کار، ئەو پەیامە بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا کە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەر بە زمانی سەرکوتو ئێعدامو زەبروزەنگ وەڵامی داوا بەرحەقو ڕەوا، قانوونیو ئینسانییەکانی کورد دەداتەوەو بەشی کورد لە نەرمینواندنی دەوڵەتی نوێ هەر پەتو سێدارەو بەردەوامیی پێشێلکردنی مافەکانیەتی.

پەیامی دیکەی ئەو کردەوەیەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئەویش ڕاست تەنیا چەند ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی ئێعدامی بەکۆمەڵی ١٦ کەس لە جیابیرانی بەلووچ لەهەمان ڕۆژدا ڕوو بە دنیای دەرەوە ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە سەرەڕای تەریکبوونەوەی لە هاوکێشە جیهانییەکانداو، لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ چەندین قەیرانی گورچکبڕی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی بەرەوڕوویە، بەڵام بەو حاڵەش دەروەستی هیچ کام لە پرەنسیپە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ نیەو، بێترس لە کاردانەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی درێژە بە سیاسەتی تاوانو سەرکوتو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەدا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتی سەرکوتو ئێعدامی لاوانو ئازادیخوازانی کوردو ئەو تاوانەی دەرهەق بە نەتەوەکانی دیکە لە ئێران دەکرێ، ڕادەگەیەنێ ئەگەرچی لەداردانی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد خەسارێکە بۆ بزووتنەوەی کورد، بەڵام ئەو جۆرە تاوانە دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتو تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیو مافەکانیان دڵسارد ناکاتەوە، بەڵکوو دەنگی نەسرەوتنو خەباتی ئازادیخوازانەیان لە پێناو مافە دێموکڕاتیکو ڕەواکانیان بەگوڕتر لە جاران دەکا.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٥ ی خەزەڵوەری**
**١٣٩٢ ی هەتاوی**

بانگەوازێکی بە پەلە:

# داسی مەرگی کۆماری ئیسلامی بەربووەتە گیانی بەندییە سیاسییەکان، با یەکگرتووانە بە دژی بوەستین

**بۆحیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران!**

**بۆ کوردستانیانو ئێرانیانی ئازادیخواز لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات!**

**بۆ ڕێکخراوە نیودەوڵەتیو مرۆڤدۆستەکانی جیهان!**

کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای دروشمو بەڵێنەکانی سەرکۆماری نوێ لە بارەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نەرم چ پێش هەڵبژاردنو چ دوای هەڵبژاردن و، لە حاڵێکدا ڕوو بە دنیای دەرەوە گوتارو هەڵوێستی خۆی نەرم کردوەتەوە، لە ژوورەوەو لە پێوەندی لە گەڵ نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا، هەروا لە سەر سیاسەتی توندوتیژو سەرکوتکەرانەی پێشوو دەڕوا.

دوای ئێعدامی ١٦بەرهەڵستکاری بەندکراوی بەلووچو ئێعدامی دوو زیندانیی سیاسیی کورد، بە پێی هەواڵەکان کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە ئێوارەی سێشەممە ٢٩ی ئۆکتۆبر(٧ی خەزەڵوەر) بە بنەماڵەکانی ٦ بەندیی سیاسیی کوردیان ڕاگەیاندوە کە کوڕەکانیان بە زوویی ئێعدام دەکرین.

هەر ئێستا کۆمەڵێک بەندیی بە ئێعدام مەحکوومکراوی کورد لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە گەڵ مەترسیی جێبەجێکرانی حوکمی مەرگ بەرەوڕوون.

شەپۆلی نوێی ئەو ئێعدامانە لە کاتێک دایە کە ڕاپۆرتنووسی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز ئەحمەد شەهید، لەمێژ نییە نوێترین ڕاپۆرتی خۆی لە سەر ئێران بڵاو کردوەتەوەو سەلماندوویەتی کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە تایبەتی لە پیوەندی لە گەڵ کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکان لەم مانگانەی دواییدا، دۆخیکی دڵتەزێنتر لەپێشووی هەیە.

بەم جۆرەو بە کردەوە، لە جیاتی جێبەجێبوونی دروشمو بەڵێنەکانی سەرکۆماری ئێران لەبارەی نەتەوەکانو پەیرەوانی ئایینە جیاوازەکان، لە جیاتی بەشدارکردنی ئەوان لە بەڕێوەبردنی وڵاتو کاروباری ناوچەکانی خۆیانو بە جیگای کەمکردنەوەی هەڵاواردنە نەتەوەیی، زمانیو ئایینییەکان، شایەدی لە نێوبردنی ڕۆلە بەندکراوەکانی ئەوانین. نیگەرانی لەوە کە ژمارەیەکی دیکە لە بەندییە سیاسییەکانی کوردو بەلووچو عەرەبو هتد، ئێعدام بکرێن، جیددییە. ئەگەر لە ئاستی نیوخۆییو جیهانیدا، دەنگی ناڕەزایەتی دژی ئەم کوشتارە بەرز نەبێتەوە، دوور نییە زۆر لەو بەندییانەی کە حوکمی ئێعدامیان تەنانەت لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینەژادیشدا بەڕێوە نەبرابوو، بە زوویی گیانیان لێبستیندرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەرک کردنی ئەو نیگەرانییەو لە پێناوی دروستبوونی هەڵوێستێکی گشتیو یەکگرتووانە لە ئاستی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانو کوردستانیانو ئێرانییانی ئازادیخواز لە نیوخۆو دەرەوەی وڵات بەرامبەر بە شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان، داوا دەکا:

١- هەر چی زووتر لە ئاستی ڕێبەریی هەموو حیزبەکاندا کۆبوونەوەی هاوبەش بە مەبەستی یەکخستنی هەڵوێستو قسە بەرامبەر خەلکی کوردستانو ئێرانو کۆمەڵگەی جیهانی، پێک بێ.

٢- لە ژوورەوەو دەرەوەی وڵات، ڕۆژی دیاریکراو بۆ مەحکوومکردنی ئەو تاوانانەو دەربڕینی نارەزایەتیی گشتی، دیاری بکرێ.

٣- هەموو ئەو کەسایەتیو لایەنانەی لە سەر بناغەی ئاوڕدانە لە هەڵاواردنە نەتەوەییو زمانیو ئایینییەکانو دابینکردنی مافی هاونیشتمانەتی (شهروندی)، دەنگی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێرانیان بۆ حەسەن رۆحانی کۆ کردەوە، رەخنەو نارەزایەتیی خۆیان بەرەوڕووی ناوبراو و کابینەکەی بکەنەوە.

٤- نەتەوە یەکگرتووەکان، شوورای ئورووپاو رێکخراوە نێودەوڵەتییە مرۆڤدۆستەکان، دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر ئێعدامی ڕۆلەکانی خەڵکی ئێران بەرز بکەنەوەو تەنیا بە گۆڕانی گوتارو هەڵوێستی ئەو ڕێژیمە لە بارەی کێشەی ناوکی، قەناعەت نەکەن.

هاونیشتمانە بەرێزەکان!

هەموو رابردووی پڕ لە زەبرو زەنگو کوشتاری کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی ئێران پێمان دەڵێ تەنیا بە راوەستانو هەڵوێستگرتنی یەکگرتووانە دەتوانین پاشەکشە بەو ڕێژیمە بکەین.

هەر وا کە ئەم تاوانانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر نەتەوە بندەستەکانی ئێران، دژی یەکیەتیی خەلکو یەکپارچەیی خاکی ئێرانن ، بێدەنگیو بێهەڵوێستیی هاونیشتمانانیش لە ئاست ئێعدامی رۆڵەکانی ئەو نەتەوانە بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە، داهاتووی پێکەوەژیانی بە ئاشتیی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران دەخاتە مەترسییەوە. کەوابوو با هەموومان یەکگرتووانە، دژی ئەم تاوانانە بوەستینەوە.

بە هیوای هەڵگیرانی هەنگاوی خێرا لە لایەن سەرجەم بەردەنگەکانی ئەم بانگەوازەو بە هومێدی پێشوازیو پشتیوانیی هەموو لایەنە پێوەندیدارو بەرپرسەکان لەم داوایانە دلسۆزانەمان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**دواساتەکانی شەوی**
**٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣**
**٧ی خەزەلوەری ١٣٩٢**

# وڵامێک بۆ بانگەوازی دلسۆزانەی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی کورد

**ئاماژە:**

نزیکە ٤٠ ژنی چالاکانی کورد، لە دوای وەرێکەوتنی شەپۆلی ئەم دوایانەی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەکیان ڕوو لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە. ئەوان لە نامەکەی خۆیان دا، وێڕای ڕەخنەگرتن لە نەبوونی هاوکاریو یەکگرتوویی لە نێوان ئەو حیزبانە، داوای هاوهەڵوێستیو کاری هاوبەشیان لێیان کردوە. ئەم دەقەی خوارەوە وڵامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە نامەی ئەو خانمە بەڕێزانەیە:

**ژنانی چالاک لە بوارەکانی سیاسی، کولتووری و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی!**

**خاتوونە بەڕێزەکان!**

نامەکەتان کە ڕوو بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسیوتانە، بە ئیمەش گەیشتو لە دەفتەری سیاسی حیزبدا قسەی لە سەر کرا. ئێمە ڕیز لە بانگەوازەکەتان دەگرین کە داواکارن لەم هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی خەریکی گیانستاندن لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانە، حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتوو بن‌و بە یەکدەنگیو هاوبەشی بەرەوڕووی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە ببنەوە.

لە گەڵ ئەوەی پێمان وایە ئەو ڕەخنانەی ئێوە کەمتر ڕوویان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانەو زۆر بە کەمی ئێمە دەگرێتەوە، بەو حالەش هەوڵی ئێوە بە مەبەستی دروستبوونی کۆدەنگیو یەکگرتوویی لە ئاستی حیزبە سیاسییەکاندا، داوایەکی ڕەواو جیگای پشتیوانییەو ئێمە پێشوازیی لێدەکەین.

حیزبی ئیمە ئامادەیی هەیە بۆ بەشداری لە بەیاننامەی هاوبەشو هەوڵی هاوبەش لە بەربەرەکانی لە گەڵ سیاسەتو کردەوەی ئینسانکوژانەی کۆماری ئیسلامیو هەر هەول و هەنگاوێکی هاوبەش کە بەرژەوەندی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستانو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بێت. ئەگەر بە ئینسافیشەوە ئاوڕ لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بدەنەوە، قبووڵ دەکەن کە حیزبی ئێمە نەک، ئامادەیی بۆ ئەم جۆرە کارە هاوبەشانە هەبووە، بەڵکوو دەستپێشخەر و ئاڵاهەڵگری ئەم جۆرە هەوڵە هاوبەشانە بووە. نوێترین بەڵگەشمان، ئەو بانگەوازە بە پەلەیەیە کە ڕۆژی ڕابردوو [٧ی خەزەلوەری ١٣٩٢] لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی یەکخستنی هەڵوێستو قسەی حیزبو ڕیکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاست ئێعدامی بەندییە سیاسییە کوردەکان، بڵاومان کردوەتەوە.

هیوادارین هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێشوازی بانگەوازە دڵسۆزانەکەتانەوە بێن و بە زوویی شایەدی هاودەنگیو هاوکاریی حیزبەکانو یەکیەتیی گوتارو کردەوەی ئەوان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ شەپۆلی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان دا بین.

لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە:

**قادر وریا**
**٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣**
**٨ی خەزەلوەری ١٣٩٢**

دڕێژەی:

# ئایا ئەم سووکایەتییە ئینسانیو نەتەوەییە قەبووڵ دەکەین؟

ئەم ڕەهەندەی مەسەلەکە، کە دەولەتو سەرکۆماری نوێی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەکەونە کوێی ئەم ئێعدامانە؟ و کام مەرجەعی دەسەڵاتو کێهە دامودەزگای سەرکوت لە پشتی ئەم شەپۆلە نوێیەی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکانن؟ و چ پێوەندییەک لە نێوان بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنو چاوەڕوانییەکانی دوای هاتنە سەرکاری حەسەن ڕۆحانیو ئەو ئێعدامانە هەیە، باسێکی جیاوازو تایبەت هەڵ دەگرێ. ئێستا هەنووکەییترین پرس ئەوەیە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەم شەپۆلە شوومەی ئێعدام بوەستێندرێو ڕێگەی پێنەدرێ گیانی ژمارەیەکی دیکە لە ڕۆلە بەندکراوەکانی بەلووچو کوردوعەرەبو هتد بستێنێ؟ چی بکرێ بۆ ئەوەی خەمی لەداردرانی لاوانی خەباتکارو ئازادیخواز، هەر تەنیا مەسەلەی کۆمەڵێک میدیاکارو چالاکی سیاسیومەدەنیو ڕاگەیەنەکانی چەند حیزبو ڕێکخراوی سیاسیی نەتەوە نافارسەکانی ئێران نەبێ؟ چ بکرێ بۆ ئەوەی ئەم بێڕێزییە ڕووهەڵماڵاوانەیەی کۆماری ئیسلامی بەم یا ئەو نەتەوە، هەر وا هاسانو بێ تێچووی سیاسی، بە سەری دا تێپەڕ نەبێ؟

ئێعدامی ناڕازییانو خەباتکارانی بەندکراوی بەلۆوچو کورد وەک تۆڵە ستاندنەوە لە گرووپە بەرهەڵستکارەکان، هەرتەنیا گاڵتەجاڕبوونو دژی ئینسانیبوونی ڕێوشوێنە قەزاییو حوقووقییەکانی ئەم ڕێژیمە ناگەیەنێ. ئەو پەڕی بێباوەڕیی ئەو ڕێژیمە بە ستاندارو پیوانە جیهانییەکانی ڕەفتار لە گەڵ بەندییە سیاسییەکان، هەروەها بێمنەتییەکی تەواو لە قەزاوەتی بیروڕاو ویژدانی گشتیی جیهانیانیش لەبارەی ئەو تاوانانە دەگەیەنێ. لە مانەش زیاتر عەمدێکی ئاشکرای لە سووکایەتیکردن بە غورووری نەتەوەییو مرۆڤبوونی ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایەی تێدا دەبینرێ کە بەندییە ئێعدامکراوەکان سەر بەوان. ئەم بێمنەتیو نەترسبوونەوەی بڕیاردەرە جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی، ئایا لەو ڕاستییە تاڵەوە سەرچاوە ناگرێ کە دژکردەوەیەکی گشتیو یەکگرتووانەی جیددی بەرامبەر بە تاوانەکانی خۆی لە نێو ئەو میللەتانە دا بەدی ناکەن؟

ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سووکایەتییەکی ئاشکرا بەو نەتەوە و کۆمەڵگایەن کەئەوانی لێوە هاتوون. ئەم نەتەوەو کۆمەڵگایە بە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو کۆمەڵگە مەدەنییەکەیەوە، بە دانیشتووانی شارو لادێیەوە، بە سەرجەم چینو توێژەکانو بە هەموو تاکەکانییەوە، ئەگەر نەتوانن وڵامێکی شیاو بەم سووکایەتییە بدەنەوە، مانای ئەوەیە سووکایەتی بە ئینسانەتیو غرووری نەتەوەیی خۆیان قبووڵ دەکەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر بە حەرەکەتێکی گشتیی لە چەشنی ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩ لەم ئێعدامانە وەدەست نەیە، شایانی خۆسەرکۆنەکردنێکی مێژووییە. لەم خۆ سزادانەشدا، بەشی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە بێئیقدام و نایەکگرتووەکانی، زۆر سروشتییە کە لەوانی دیکە قورستر دەبێ.

**باشترین خەبات ئەوەیە، ئەگەر بگونجێ کەمترین هەزینەی بۆ بدەی، من ئارەزوو ناکەم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە فەعالیەتی خۆیاندا، مەجبوور بین قاچاغ بن و وڵاتەکەیان بە جێ بهێڵن. ئەمە دیاردەیەکی باش نیە بۆ کورد لە کوردستانی ئێران کە شێوەیەک ببینێتەوە کە بەدوای شێوەکە مەجالی نەبێ و دیسانەوە هەڵات هەڵات و وڵات چۆلکردنی بەدواوە بێ.**

**پێمان وانیە کە شەڕ موشکیلاتی قانوونی و سیاسی کورد چارەسەر دەکا، قەت ئارەزوو ناکەین ئەوەی بەسەر سووریا هاتووە، ئەوەی بەسەر عێراق هاتووە کە هەموو رۆژێ شەڕ و تەقینەوەو کوشتنە، یان ئەوەی بەسەر ئەفغانستان هاتووە بەرسەر ئێراندا بێ. قەتیش پێمان وانیە کە دێمۆکراسی دەبێ هەموو جۆرێک هەزینەی بۆ دابنێی**

## خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ کوردکاناڵدا:

# ئینسانییەت زۆر لە حیزبایەتی گەورەترە، ئەگەر قەرارە حیزبایەتی ئێمە ئینسانەکان خراپ بکاو دایم لە دژی یەکتر بین ئەوە حیزبایەتییەکی خراپە

**لەم وتوویژەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە سەحنەی سیاسیی ئێران و هێندێک پرس و بابەتی سیاسی و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان شرۆڤە دەکا کە بەهۆی گرنگیی ئەو بابەتانە، رۆژنامەی «کوردستان» دەقی ئەم وتوویژەی کاک خالید عەزیزی لەگەڵ کوردکاناڵ بڵاو دەکاتەوە.**

**_کاک خالیدی بەڕێز! وێڕای سڵاو و ماندوو نەبوونتان خۆشحاڵین بۆ ئامادەبوونتان.**

**خالید عەزیزی:** رێزوسڵاو بۆ ئێوەو هەروەها بۆ بینەرانی تلویزیۆنی کوردکاناڵ.

**ئێوە وەکوو حیزبی دیمۆکرات لەچەند ساڵی رابردوو دەکرێت بڵێین، سیاسەتێکی تازەتان رچاو کردوە، بەشێوەیەک لە گەڵ پرسە سیاسییەکان بەرخوردتان کردوە، کە جیاواز بووە لەگەڵ پێشوو. بۆ نموونە لە ئینتخاباتی پێشوو کە هەموو خەڵکی کوردستان ئاگادارن جیاوازتر لە ئەحزابی دیکە روانیوتانە ئەو پرسە سیاسییە، ئەوەی کە ئێوە «تاکید»ی لەسەر دەکەنەوە رێز لە دەنگی خەڵکە، ئێستا کە چەند مانگێک لەم دەوڵەتە تازە گوزراوە ئێوە هەڵسوکەوتی ئەم چەندمانگەی دەوڵەتی تازە چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

**خالید عەزیزی؛** بە باوڕی من جەوهەری کاری سیاسی بۆ حیزبێکی سیاسی، کە ستراتیژی و دوورەدیمەنێکی ڕەچاو کراوی هەیە، بە تایبەت وەک حیزبی دیمۆکرات کە لەماوەی نزیک بە ٦٨ ساڵ تێکۆشانی خۆی دژی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی هەوڵی داوە بە شێوازی جۆراجۆر تێبکۆشێ و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان، داخوازییە نەتەوایەتییەکان بیانکات بە فەرهەنگو «نهادینە» بکرێن، خەڵکی بۆ سازمان بداتو بیانهێنێتە گۆڕێ.

ئێمە لە پەیوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو، هەڵبژاردنی ئەخیر، زۆرتر مەبەستمان ئەوە بوو کە کاتێک کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ مەسەلەی کوردستان لە پەڕاوێز بخات، لە میدیاکانی خۆی مەجال نادا کە ئەم مەسەلە ئاماژەی پێ بکرێ و خەڵکانێکی زۆر لە دەرەوەی کوردستان بە داخەوە بە باشی لە قەزیەی کورد ناگەن و زانیاریی تەواویان نیە، هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین و مەسەلەی خۆمانو ویست و داخوازییەکانی خۆمان بێنینە گۆڕێ. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ئێمە لە حیزبی دیموکرات دەمێکە لەو باوەڕەداین باشترین شێواز کە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بەربەرەکانی ئەوەیەکە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی ئێران خۆیان لە جوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات ببیننەوە، جێی خۆشحاڵییە کە لەو بارەوە حیزبی دیموکرات مەسئوولانە دەجووڵێتەوە، نفوزێکی باشی جەماوەری هەیە، ڕابردوویەکی جێی شانازیی هەیە. بەڵام پێمان وایە هەر ئەوە بە تەنێ کافی نیە. مادام ئێمە بەدوای چارەسەری کێشەی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەگەڕین، خەڵکی جیا لە کوردیش دەبێ کەم و زۆر لە [پرسەکەی] ئێمە تێبگەن. ئەگەر قەرار بێ بە دیموکراسی ئیدارە بکرێ و دەوڵەتێکی دیموکراتیک دابەمەزرێت لە ئائێندەدا، کورد بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، رەنگە وەک رێژە لە پارلمان کەم بێت، هەر بەو [رێژە] کەمە ناکرێت کێشەکان چارەسەر بکەین، دەبێ تێبکۆشین خەڵکێکی زۆرتر لە کێشەی ئێمە تێبگات. جا لە ژێر رووناکایی ئەو سیاسەتەدا ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە دەرفەتێک کە دێتە گۆڕێ یەک «بعدی» چاوی لێنەکەین و دەبێ لایەنەکانی ئەو مەسەلە لە بەر چاو بگرین و لە ئاکامدا تێبکۆشین مەجال بۆ خەڵکێکی زۆر بێڵینەوە، کە بێنە ناو مەجال و دەرفەت و پرۆسەکانی ئێمە.

بە نیسبەت هاتنە سەرکاری ئاغای رووحانی، هەر بەو شێوە کە هەمووان ئاگادارن لە دەورانی فەعالییەتی ئینتخاباتیدا ئاغای رووحانی کۆمەڵێک قسەوپرسیاری هێنا گۆڕێ، ئێمە ئێستا بە ئاغای رووحانی و هەموو ئەوانەی کە هاوکارین لە دەوڵەتی تازەدا دەڵێین دەبێ ئاورێک لەقسەکانی خۆی بداتەوە، لە سەردەمی ئینتخابات چی گوتوە. [چۆن] دەبێ بە کردەوە بەداویاندا بڕوات. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکیش ئەرکیانە، کە وەبیری بێننەوە وپێ بڵێن ئێمە ئینتزاراتێکمان هەیە کە دەبێ جێبەجێ بکرێن. بە باوڕی من بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردن کارم بە کەم و زۆری نییە، جیاواز لە سروشتی «طبیعتی ذاتی» هەڵبژاردن ناچمە نیو ئەو مەوزووعە، بەڵام هێندێک ئەرک و وەزیفەی بۆ ئاغای رووحانی و دەوڵەتی ئەو داناوە. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەگەر بکرێ و عەمەلی بێ خەڵک لە مەیدانی جۆربەجۆری سیاسی ئەو [پرسانە] بێننە پێشێ. بۆیە لێرە دەکرێ خوێندنەوەیەک ئەمە بێ کە ئایا لە جەهووری ئیسلامی‌دا لە بنەڕەتدا لانیکەم داخوازیەکانی کورد، مافی ژن، ئازادی زیندانیانی سیاسی و ئازادی ئەحزاب و زۆر شتی دیکە جێبەجێ دەکرێت. ئێمە دەبێ تێبکۆشین ئەمانە بکەین بە ویست و دواخوازی کۆمەڵگاو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمانە رووبەروو بێتەوە. ناکرێت تەنیا لەسەر لێکدانەوەکانی خۆمان و ئەو ئارەزوو وئامانج و ئیدەئاڵانەی کە هەمانە جمهووری ئیسلامی [هەڵسەنگێنین] و لە شرۆڤەی نەهایی‌دا بڵێین کە ئەو نیزامە ئیستعدادی هیچی نیە و هیچ شتێک جێبەجێ ناکات و جیاوازییەک لە نێوانی ئاغای رووحانی و ئاغای ئەحمەدی نژاددا نیە. ئەوە گرفتێک چارەسەرناکات، هۆیەکەیشی ئەوەیە ئاغای رووحانی لە ئێران و لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا ئینتخاب کراوە.

**کاک خالید! هەروا کە جەنابیشت فەرمووت ئەم دوو روانگە هەیە روانگەیەک پێی وایە کە دەوڵەتی حەسەنی رووحانی لە گەڵ دەوڵەتەکانی پێش خۆی هیچ فەرقێکی نیە، لە ماهییەتدا یەکێکن و درێژەدەری دەوڵەتانی پێش خۆیە! بەڵام روانگەیەکی دیکە پێی وایە کە نەخێر بە [سەرنجدان] بە ئاڵوگۆرەکانی ناوچە و دەنگ دانی مانادری خەڵک، رەنگە ئاڵوگۆرێک یا گۆڕانێک بەداوی خۆیدا بهێنێت، بەرێزت ئەم دوو روانگەیە چۆن لێک ئەدەیتەوە؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە پێشەکێی دەبێ بزانین کۆماری ئیسلامی کێیەو ئێمەکین؟ کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکە بەرهەمی ئینقلابە، نزیک بە ٣٤ساڵە لە دەسەڵات دایە، ئێمە سابقەی سی وچوارساڵ تێکۆشانی تەشکیلاتی، دیپلۆماسی و تەبلیغاتیمان لە دژی ئەو حکوومەتەدا هەیە.

هەروەها کۆمەڵانی خەڵکیش لە ناوخۆی کوردستان ئەو تەجرووبەیانەیان هەیە باشترین حاڵەت بۆ ئەوەی کە خەڵک لە ئێران بە دیمۆکراسی بگات ئەوەیە کە سیستمی جمهووری ئیسلامی نەمێنیت، مادام قسە لەسەر نەمانی سیستمی جمهووری ئیسلامی دەکرێت تۆ دەبێ کۆمەڵێک سیناریۆ دابنێت، کە کام ئیحتمال لە گۆڕێدا هەیە ئەگەر ئەوسیستمە دەمێنێت بەڵام لە نێو خۆی وڵات ئاڵوگۆڕ دێنێتە پێشێ، دەبێ بۆ ئەوەش ئیحتمال دابنێی. حەسەنی رووحانی کە ئینتخاب بوو، بۆ ئەوە ئینتخاب نەبووە کە بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی دیمۆکرات بباتە پیشێ، بۆیە ئینتخاب بووە کە لە چوارچێوەی نیزامی جمهوری ئیسلامی‌دا تێبکۆشێ کە گیروگرفتەکانی ئەو نیزامە جێبەجێ بکات. تەعەهودات و ئیلزاماتی ئەو لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدایە. بەڵام حەقیقەتێک لە گۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە نیزامی جمهووری ئیسلامی لە گەڵ چالشێکی بەربەرین و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک، نێوخۆیی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو فشارە [ئابووری]یە کە لەسەریەتی، مەسەلەی هەستەیی، مەسەلەی دیموکراسی، کێشەی ماف، بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە نێو خۆی وڵات دەیانهەوێت حکوومەت وەڵامدەر بێ، خەڵکەکەش بەشداری بکەن لە چەندوچۆنی بەرێوەچوون و ئیدارەی وڵات، لەگەڵ ئەمانە رووبەروویە. مادام ئەم کێشانە هەیە بەدوای حەللێکدا دەروات، ئەو حەللە دەورانێکی زۆر فشارو ئەشکەنجەوئیعدامی و .....لە کوردستاندا بووە، بەڵام ئێستا لە دەوروبەری رووحانی وا هەست پێدەکرێ ئەگەر بۆ نەجاتی خۆشیان بێت، (تعدیل) ێک بدەن لە چۆنیەتی سیاستی خۆیان لەگەڵ خەڵک و لە ناوچەکەو لە گەڵ دنیای دەروە.

حیزبی سیاسی دەبێ وەزع بەو جۆرە کە هەیە ببینێت. ئێمە لێرە لەگەڵ واقعیاتێکدا رووبەرووین ئەویش ئەوەیە ئەگەر بێین لە بەینی سفر و سەد عەدەدێک دابنین لە چۆنیەتی «تعامل» لەگەل کۆماری ئیسلامی، من ئارەزووم دەکرد کە سەدەکەمان (١٠٠) بۆ جێبەجێ ببێت، یانێ ئەو سیستمە نەمابا بەڵام مادام ئەوە عەمەلی نیە، خۆ من نابێ هەر دابنیشم و بڵێم جمهووری ئیسلامی وەڵامی بۆ هیچ شتێک نیە وئیستعدادی بۆ هیچ شتێک نیەو نیزامێکە کە ئەگەر حەسەنی رووحانی بێتە سەرکار هیچ ناکات، خاتەمیش بێتە سەرکار هیچ ناکات! دەی مادام کە من پێم ناڕووخێ و[پرسی] رووخاندنی حکوومەتی مەرکەزی مەسئەلەیەکەو، ئۆپۆزسیونی ئێران لاوازەو نەبووە بە ئاڵترناتیڤ، نەیتوانیوە کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ خۆی بکات، مەسەلەی شۆرش بەو شێوە لە گۆڕێدا نیە، کێشەی نیزامی یان هەمان هێرشی نیزامی لە دنیای دەروە پێوەندی بە قەزیەی ئێمەوە نیە، کە کێشەیەکە بەینی تاران و واشنگتۆن و شوێنەکانی دیکەیە، خۆ ئێمە نابێ دەست لەسەر دەست دابنێین و بڵێین: تا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نەرووخێ هیچ شتێک جێبەجی نابێت و وەداوی هیچ شتێک ناکەوین. بە باوڕی من ئەوە سیاسەتێکی دروست نیە. لە دوای ئەوەش ئەوە (توهم) نیە، لە سیاسەتدا یان حیزبێکی سیاسی و میللەتێک کەنزیک بە ٣٤ساڵ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە کێشەدایە دڵنیام کۆماری ئیسلامی باش دەناسن هونەر ئەوەیە ئەو فرسەتە کە ئێستا هاتووتە گۆڕێ چۆنی کەڵک لێوەربگرین؟ چۆن خەڵک بێنینە نێو مەسەلەکە؟ چۆن خەڵک شەرت دابنێ؟ چۆن خەڵک جمهووری ئیسلامی مەجبوور بکات بەدوای ویست وداخوازییەکانیاندا بڕوات؟ ئەویش ئەرکی ئێمەیە. ئێمە دەورانێکی زۆر سیاسەتێکی یەک «بعدی»مان هەبووە، ئەویش ئەوە بووە کە هەموو شتێکمان لە خانەی رووخانی کۆماری ئیسلامی‌دا خولاسە کردووتەوە. لەو خانەیەدا هەوڵمان داوە ئینتخابات کە تەحریم بکەین، سەرنجمان بە ویست وداخوازیەکانی خەڵک لە راسی‌دا زۆرجار کەم بووە. خەڵک لە هەڵبژاردن بەشدارییان کردوە سەرەرای ویستی ئێمە، ئەمانە دەبێ سیگناڵێگ بۆ ئێمە بنێرن، پرسیارێک بۆ ئێمە ئەحزابی کوردی دروست بکا، حیزبێکی سیاسی وەختێک شوعارێک دێنێتە گۆر، بەرنامەیەک دێنێتە گۆڕێ، ئەو بەرنامە، ئەو داوایە ئەگەر زۆری وەڵام نەداوە دەبێ بەدوای‌دا بچێت بزانێ هۆیەکەی چیە؟ بەداودا چوونەکەی بەشێکی ئەمەیە کە جمهووری ئیسلامی کە ئەم حەقیقەتەی تێدا هەیە وەڵامی هیچ شتێک ناداتەوە، مەجال بە هیچ شتێک نادا، منیش پێم وایە مەجال بە هیچ شتێک نادا، دەی باشە جمهواری ئیسلامی مەجال بە هیچ شتێک نادا، منیش بۆم ناڕووخێ، ئەی چی بکەین؟ بەڵام ئێستاکە کەش و هەوایەک دێتە گۆڕێ دەکرێ کاری لەسەر بکەین. بە باوڕی من سیاسەت ئەو شتەیە کە چۆن بتوانی وەڵامی ئەو شتانە بدەیتەوە. دوای ئەوەش لە کۆمەڵگای ئێراندا کۆماری ئیسلامی بەرەو ئەوەدەروا مکانیزم وسیستمی خۆی لە «تعامل» لە گەڵ ئیدارەی وڵات و خەڵکی خۆی لە ئینتخابات ببینێتەوە، پێم خۆشە ئاماژە بە حەقیقەتێک بکەم ئەویش ئەوەیە خوێندنەوەی بەشێکی زۆرلە ئینسانە سیاسییەکان و ئەحزابی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی خوێندنەوەیەکی «یک بعدی»یە، بەو مانایە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی سیستمێکی ئیستبدادیە، سیتمێکی دیکتاتۆرییە. ئەمە حەقیقەتێکە بەڵام چۆن لە نێو دیمۆکراسییەکان‌دا فەرق وجیاوازی هەیە، دیمۆکراسیی ئەمریکاو دیمۆکراسیی سویس ودیمۆکراسیی بریتانیا و دیمۆکراسیی تورکیا فەرقی هەیە، هەر بەم شێوە لە نێو ئیسبداد ودیکتاتۆرییەکانیش فەرق هەیە. هەر لە نێو ئەو سیستمی ئیستبدادی کۆماری ئیسلامییەدا رەقابەتی ئینتخاباتی هەیە، خەڵک (کەسەکان) دەورانێک سەمبولن دوایە لە زیندان دەکرێن و دوایی ئازاد دەکرێن! رەقیبەکان لە دژی یەکتر شت دەڵێن، رەقابەت بەینی دەوڵەت و مەجلیس وتەنانەت خەڵکی دەوروبەری «ولی فقیە» و سپای پاسداران و ئەو ئۆرگانانە هەیە. مادام ئەوە تایبەتمەندییەکی کۆماری ئیسلامییە کە لە نێو خۆی‌دا مەجالی رەقابەت دەهێڵێتەوە، سروشتییە خەڵکێکی زۆر لەوێدا خۆیان بەبەشدار دەزانن، مادام خۆیان بەبەشدار بزانن دەچنە نێو گەمەکە، مادام دەچنە نێو گەمەکە دەبن بە بەشێک لە چەندوچۆنی حەلی مەسەلەکە. ئەمەش بە باورێ من کورد وەکوو بەشێک لە دانیشتوانی ئێران دەبێ بچێتە نێو ئەو گەمەیە، دەبێ بەرنامەو تەرحی هەبێ لەو چوارچێوەیەدا.

**کاک خالید! ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی کوردیش دەبێ بچێتە نێو ئەو گەمە سیاسیانەوە، سەرەڕای گشت ئەمانە کە ئاماژەت پێکرد کە کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆرە، ئیستبدادی تێدایە وهتد، بەڵام کورد بە تایبەت چالاکانی ناوخۆ لە ئەم دەرفەتە ئینتخاباتیانە هەمیشە هەوڵیان داوە کە کەڵک وەربگرن بە سوودی میللەتەکەیان، لەگەڵ هەموو ئەوانە قسەلەسەر دامەزراندنی حیزبێکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، وەک دەگوترێ داوای ئەوەیان کردوە بەڵام تا ئێستا دەوڵەت جوابی نەداونەتەوە. ئەگەر دەوڵەت ئیجازەی بە دامەزراندنی حیزبێکی کوردی دا هەڵوێستی ئێوە چ دەبێ؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات لەو باوەڕەداین هەروەک کە ئاماژەم پێکردو دەمێکیشە ئەو سیاسەتەمان هەیە کە خەڵک دەبێ لەهەموو مەجال ودەرفەتەکانی قانوونی و هەر هەلومەرجێک کە دێتە گۆرێ بە شێوازی جۆرواجۆر کەڵکی لێ وەربگرن. هەروەها ئەگەربەدوای هاتنە سەرکاری رووحانی کە ئێستا باس لە ئازادی ئەحزاب دەکرێ لە چوار چێوەی ئەو نیزامەدا، قسە لە ئازادی زیندانیانی سیاسی دەکرێ، قسە لەئاوردانەوەیەک لە مافی «اقوام»دەکرێ، بەو شێوە کە خۆیان دەڵێن، قسەلە خوێندن بەزمانی دایک دەکرێ و زۆر شتی دیکە.. زەمانێک ئەوانە عەمەلی دەکرێ کە کورد لە کوردستانی ئێران برێک خۆی سازمان بدا وەک دیاردەیەکی یەکرەنگ و یەکدەنگ لەگەڵ ئەو شتانە «تعامل»بکات. دەبێ هەر لە ئیلامەوە هەتا دەگاتە ورمێ گوفتمانێکی کوردییان هەبێ، بەو مانایە کە بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بڵێن کە کۆماری ئیسلامی بە دیدی ئەمنییەتی خۆیەوە نەیویستوە کە مەسەلەی کوردەکان لە ئێران دیار بێ، بەڵام حەقیقەتێکەو لە گۆرێ دا هەیە. لەگەڵ تاران کە دادەنیشن، لەگەڵ خەڵکی ئاڵوگۆرخواز کە دادەنیشن رەنگە کەمێک گوێیان بدەنێ یان لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە دادەنیشن بڵێن لە رۆژئاوای ئێران دیاردەیەک بەناوی دیاردەی کورد هەیە، رۆژبەرۆژ لە حاڵی گەشەدایە لە کوردستانی عیراق فاکتۆرو فورسەتە بۆ داهاتووی عێراق، لە تورکیا ئینکار ناکرێت و تورکیا بەدوای حەللیدا دەگەرێت، لە سووریەش بەشارئەسەد بمێنێ یان نەمێنی کورد تازە فاکتەرێکەو ئێعترافی پێ دەکرێ، کەوایە بۆ ئێوە لە ئێران ئێعتراف بە مەسەلەی کورد ناکەن و بەدوای حەللی ئەو مەسەلەیە ناگەرێن. بۆیە بە باوڕی من دروست کردنی حیزبێک شتێکی باشە، بە شەرتێک، لە هەنگاوی یەکەم‌دا ئەو خوێندنەوەیان هەبێ کە ببێت بە چەترێکی وەحدەتی هەموو [جۆراوجۆرییە]کانی کورد لە هەموو کوردستانی ئێران. بەهەموو زاراوەکان و ئایین و ئایین زاکانەوە هەموو خۆ لەوێدا ببیننەوە، تەجرووبەیەکی ناخۆش کە ئێمە لە بیرۆکەی ئەحزاب لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەمانە کە ئێستاش لە دەرەوەی ئێران زیاتر لەیەک جیا بوونەوەو یەکتر بۆغزاندن و رەقابەت لەگەڵ یەکتر کردن و زۆر جار یەکتر تەحمول نەکردنە.... هیوادارم ئەو تەجرووبە خراپەی ئێمە کە هی تاراوگەیە نەچێتەوە نێوخۆ، ئەوانیش بەدوای ئەوەدا نەڕۆن. پاشان تێبکۆشن کە ئەو خەڵکەی کە لەوێ خۆ دەبینێتەوە رەنگە کۆماری ئیسلامی و سیستمی



کوردستان
ژمارە: ٦١٩
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٦ی نوامبری٢٠١٣



**بە باوڕی من سیتمی ئیتلاعاتی ئێران، سپای پاسداران لەوە نیگەرانن گوتاری مەدەنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا شکڵ بگرێ و خەڵکێکی زۆر بەدەوری خۆی کۆ کاتەوە و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەرەبەرە لە گەڵ جۆڵانەوەیەکی بەربڵاو و بەرینی مەدەنی و جەماوەری ڕووبەروو بێ. سپای پاسداران و بەشی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی رەنگە زۆر پێیان خۆش بێت کە ئێمە شوعار لە دژیان بدەین، وەکوو شوعاری رووخاندن و نەمان و نابوود کردن**

ئیتلاعات و سپای پاسداران بەدناویان بکات و ناوی جۆراوجۆریان لەسەربنێ، پشتیوانی لە هێندێکیان بکا، لە دژی ئەوانی دیکە. ئەوان لەگەڵ چۆنیەتی «تعامل» لەگەڵ ئەو موشکیلاتە بە حەوسەلەبن، هەر زۆر زوو نێو و ناتۆرە لەسەریەک دا دانەنێن. تێبکۆشن ئەو حیزبەی کە دادەمەزرێ مێحورێک بێ کە خەڵکانی زۆر خۆی تێدا ببیننەوە. زوو لە مەقابلی ئەودا شتێکی دیکە دروست نەبێ، جیاواز لەوەش ئەو حیزبەی کە دروست دەبێ، دەبێ ئێمە ئینتزاری وامان لێ نەبێ، کە ئەو حیزبە دەبێ شوعاری رووخانی کۆماری ئیسلامی بدا. پێمان وا نیە ئەو حیزبەی ئەگەر لەوێ دروست بوو بچێتە نێو شێوازێک لە خەبات و تێکۆشان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و خەڵکێکی زۆر لە ناکاودا قاچاغ بن و هەڵێن و وڵات بەجێبهێڵێن و فشارێکی زۆریان بۆ بێت و دیسانەوە گرتن و کوشتن وهەموو ئەمانە بێتە گۆڕێ. حیزبێک کە لەوێ دروست دەبێ لە چوارچێوەی ئەوەندەی بۆ عەمەلییە کە بەشێوەیەکی ئارام و هێمنانە ئەوەندەی بۆی دەگونجێ کە مەجالەکان و دەرفەتەکانی قانوونی ئەساسی کەڵک وەربگرێ و پرسەکانی خۆی بێنێتە پێشێ. پێم خۆشە «تاکید» لەسەر یەک شتی دیکەش بکەمەوە؛ باشترین خەبات ئەوەیە، ئەگەر بگونجێ کەمترین هەزینەی بۆ بدەی. من ئارەزوو ناکەم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە فەعالیەتی خۆیاندا، مەجبوور ببن قاچاغ بن و وڵاتەکەیان بە جێ بهێڵن. ئەمە دیاردەیەکی باش نیە بۆ کورد لە کوردستانی ئێران کە شێوەیەک ببینێتەوە کە بەدوای شێوەکە مەجالی نەبێ و دیسانەوە هەڵات هەڵات و وڵات چۆڵکردنی بەدواوە بێ.

**کاک خالید! هەموو ئەمانە کە مەبەستی جەنابتە دەچێتە خانەی تێکۆشانی مەدەنییش، چالاکی مەدەنیش بەستێن وفەزایەکی ئارامی دەوێت. لەم دوو حەوتووی رابردوودا هەندێک تەقوتۆق بە تایبەت لە ناوچەی بانە رووی‌داو بوو بە هۆی کوژرانی ٦ئەندامی سپای پاسداران، [جاش] پێتان وانیە ئەم شەڕوتێکهەڵچوونانە بە شێوەیەک کۆمەک دەکات کە ئەو فەزا مەدەنییە بەرتەسک ببێتەوە و ئەو فەزا ئەمنییەتییە کە لە مێژە بەسەر کوردستاندا حاکم کراوە دیسانەوە زاڵ ببێتەوە و مەجالی هەرچەشنە چالاکییەکی مەدەنی مەحدوود وبەرتەسک بکاتەوە؟**

**—خالید عەزیزی:** کۆماری ئیسلامی هەر بەدوای ئینقلاب دا کە موزاکراتی ئێمەو دەوڵەتی مەرکەزی سەر نەکەوت، ئێمە کە پەیامەمان ئاشتی و ڕێگا چارە گفتگۆو موزاکرە بوو، هەر لەو ڕۆژەوە سپای پاسداران و سیستمی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی پرسی کوردستانی بە دیدی ئەمنییەتی چاو لێ‌کردوە. مادام بە دیدی ئەمنییەتی چاو لێدەکا، گەمەیەکە کە قەواعیدی خۆی هەیە، یانی یەکەم تێدەکۆشن کوردستان ملیتاریزە بکەن، حزوورێکی زۆریان هەبێ، لێرەولەوێ لە خەڵکی مەحەللی ئیستفادە بکەنو موسەللەحیان بکەن. دووهەم تێدەکۆشن لەو فەزای ئەمنییەتییە کە دێتە پێشێ، مەعلووماتێک بدەن بە کار بەدەستانی خۆیان لە تاران و هێندێک لەو خەڵکە کە رەنگە بە دیدی نیزامی چاو لە پرسەکە بکەن و بڵێن کوردستان هەمیشە نائەمنە، بۆ ئەوەی کە بوودجەیەکی زۆر لە دەوڵەت وەربگرن و لە کوردستان مافیایەکی بەربەرینی ئابووری و ئەمنییەتی دروست بکەن و هەموو ئەوانە بکەن بە حیسابی ڕاگرتنی ئەمەنییەت لە کوردستان. سێهەم، فەزای ئەمنیەتی دەبێتە هۆی ئەوە کە مەجال بە خەلک نەدرێ کە بە شێوەیەکی مەدەنی بیر وباوڕی خۆیان دەرببڕن.

بۆیە بۆ ئەوەی ئەو فەزایە نەمێنێ چەندین شت پێویستە هەر بەو دەلیلە سازماندەهی و دروست کردنی حیزبیک کە بتوانێ واقعییاتی کوردستان باس بکا و خەڵکێکی زۆر لە مەسەلەی کورد لە ئێران بگەیەنێ و بە کاربەدەستانی ئێران بڵێت: ئێوە خوێندنەوەتان لە کوردستان خوێندنەوەیەکی ئەمنییەتیە، کێشەی میللەتێک کە حقووقییە، ئینسانیە، قانوونییە_ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوە دەچێ کە جێبەجێ بێتو ئێران لە حەللەکەی وەدوا کەوتووە_ [ئەو پرسە] لە ژوورەکانی سپای پاسداران بهێننە دەرێ. چیتر بە چاوی ئەمنییەتی و شەڕ و خوێن ڕشتن چاوی لێ‌مەکەن، بەڵکوو بیبەنەوە بۆ ژووری دەوڵەت و بەشێوەی حقووقی و قانوونی چاوی لێ‌بکەن من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە؛کاتی خۆی کە دەوڵەتی موقت لە ئێران لەسەر کار بوو، ئەوانەی کە هاتبوونە کوردستان و لە هەیئەتی وتووێژدا بوون بەتایبەت مەرحووم داریوش فروهەر و سەباغیان و دوایە سحابی و هەتا دوایی.. لە دەوڵەتی «بەنی سەدر»یش دا، باسیان دەکرد دەیانگوت؛ مەوزوعی کوردستان وەک دەستووری کار نەدەهاتە بەرباس، بەڵام کاتێک کە قسەمان دەکرد ناراستەوخۆ لە هەموو مەوزووعێکدا ناوی کوردستان دەهاتە بەرباس یەکێکیان گووتبوی :ئەو مەوزووعەی کوردستان ئێمە ئیعترافی پێ‌ناکەین بەڵام هەموو رۆژێک هەیە، دنیا باسی دەکا شەر لەوێ هەیە، نائەمنی لەوێ هەیە، دەبا جارێک لە سەر میزی دابنێین و مەسەلەی کورد بەچاوی ئەمنییەتییەوە چاوی لێنەکەین، بەڵکوو بەچاوی حقووق و قانوون لێی‌بڕوانین. من هیوادارم دەوڵەتی ئاغای رووحانی ئەو واقعییەتانە ببینن. ئەوخەڵکانەی کە لەدەوری ئاغای رووحانین ئاوردانەوەیەک لە قسەکانی خۆیان پێش ئینتخابات بکەن و ئەو واقعییەتانە ببین، کە کێشەی کورد لە ژوورەکانی سپای پاسداران حەل ناکرێ کێشەی کورد بە ئەمنییەتی چاو لێ نەکەن، پرسی کورد لە کوردستان وەک فرسەت چاو لێ‌بکەن. دەرفەتێکە بۆ ئێران و گەشەئەستاندنی ئابووری و «ثبات»ی سیاسی و ئابووریی ئێران دەتوانێ دەوری باشی هەبێ. حەقیقەت ئەمەیە هەتا ئەوان ئەم واقعییەتانە قەبووڵ نەکەن، کێشەی کوردستان هەر دەمێنێتەوە و خەڵکیش بە شێوازی جۆربەجۆر هەوڵ و تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دەدا. ئەو حیزبەی کە ئاماژەت پێ‌کرد ئەگەر دروست ببێ ئێمە بەتەواوی پشتیوانی لێ‌دەکەین، یانی پشتیوانیی لەوە دەکەین کە خەڵک لە نێو خۆی وڵات لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرێ و بەو جۆرەی کە بۆیان عەمەلیەو دەگونجێ ئەوانیش مەوزوعاتی کورد بێننە گۆڕێ و کاری بۆ بکەن.

**جەنابت باس لە پشتیوانی لەو حیزبە دەکەیت کە قەرارە دروست ببێت و هەروەها چالاکیی مەدەنیی ناوخۆ، ئەمە لە کاتێک دایە کە دیسانەوە هەوڵ دەدرێ کە فەزای کوردستان نائەمن نیشان بدرێ. وەک ئێوەش ئاگادارن تۆمەتی ئەم شەڕوتێکهەڵچوونانە لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەخرێتە ئەستۆی حیزبی دیموکراتەوە. ڕای جەنابت لەم بارەوە چیە؟**

**خالید عەزیزی:** یەکەم ئێمە شەڕمان بینیوە، و شەڕمان تەجرووبە کردوە، قەتیش ئێمە لە سەرەتاوە شەڕمان دەستپێ‌نەکردوە. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە مەجبوور کراوین شەڕ بکەین، یان شەڕیان پێ فرۆشتووین و مەجبوور بووین کە دیفاع لەخۆمان بکەین زۆر قاتعانە و قارمانانە شەڕمان کردووە،خەڵک لە کوردستانی ئێران بە باشی ئەمە دەزانن.

دووهەم؛ پێمان وانیە کە شەڕ موشکیلاتی قانوونی و سیاسیی کورد چارەسەر دەکا، قەت ئارەزوو ناکەین ئەوەی بەسەر سووریا هاتوە، ئەوەی بەسەر عێراق هاتووە کە هەموو ڕۆژێ شەڕ و تەقینەوەو کوشتنە، یان ئەوەی بەسەر ئەفغانستان هاتوە بەرسەر ئێراندا بێ. قەتیش پێمان وانیە کە دێمۆکراسی دەبێ هەموو جۆرێک هەزینەی بۆ دابنێی. لە وڵاتێک وەک سووریا کە بۆتە وێرانەیەک، بە داخەوە سەدان هەزار کەس کوژراوە و هەزارانیش دەربەدەروماڵ وێران بووە، لە شوێنێکی ئاوەهادا کە لە لەحازی، قانوونی و ئینسانی و ئابووری و.... بەردی بناغەی ئەو وڵاتە وێران بووە، ئیدی دیموکراسی بەسەر ئەو بەدبەختیانە جێبەجێ نابێ. دیمۆکراسی ئیحتیاجی بە ئارامش و ئەمنییەت هەیە، ئەمە باوڕی ئێمەیە. پێم خۆشە لە وەڵامی پرسیارەکەت ئەم واقعیەتە بڵێم کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەمێکە هێزی پێشمەرگەی بۆ عەمەلیاتی نیزامی نەناردۆتەوە ئێرانە، ئێمە لەسەر هیچ کام لە مەقەر وپایەگاکانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان عەمەلیاتی نیزامیمان ئەنجام نەداوە، دەستوورمان بە پێشمەرگەکانی خۆمان نەداوە هێرش بەرنە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هۆیەکەشی هەر ئەوەیە نەمانویستوە بەهانە بدەینە دەست کۆماری ئیسلامی، کە ناوچە کوردنشینەکان نائەمن بکات و مافیای سپای پاسداران لە لەحازی ئەمنییەتی وئابووری بیکات بە مەیدانی خۆی و ئارامشی ناوچەکە تێک بدات. بەڵام ئەو چالاکییانە دەتوانێ چەندین دەلیلی هەبێ؛ یەکەم خەڵک لە ناو خۆی وڵات وە گیان هاتوە لە دەسەڵاتی موتڵەقی سپای پاسداران، لە دەسەڵاتی مافیای سپای پاسداران. بۆیە سەیر نیە لە هەموو ئوستانەکانی کوردستانی ئێران خەڵک بۆخۆیان وەدەنگ بێن،(عکس العمل) نیشان بدەن و لێیان قەبووڵ نەکەن و تەنانەت دەست بۆ چەکیش بەرن لە دژیان. بەدوای ئەمەش وەک ئاماژەم پێ‌کرد لە کوردستانی ئێران حەقیقەتێک هەیە کە سپای پاسداران و کۆمەڵێک کە دیدی ئەمنییەتییان هەیەو پاشماوەی ئەحمەدی نژادن و... دیانەوێت کوردستانی ئێران هێندەی دیکە نائەمن بێت. سەیر نیە لە رەقابەتی نێو خۆیان دا باڵە جیاوازەکانی سپای پاسداران ئەوەی کە بە دوای بیزنس و بازرگانی و معاملەدا دەگەڕێن ئەو جۆرە عملیاتانە بکەن و دوایی بە دەوڵەت لە تاران بڵێن؛ بوودجەی زۆرترمان دەوێ، کوردستان نائەمنە. هەر بەم جۆرەش پووڵ و پارەیەکی زۆرتر خرپکەنەوە. یانێ بەشێک لە سیستمی کۆماری ئیسلامی وجوودی خۆی لە دروست کردنی نائەمنی لە ئێران و لە کوردستاندا دەبینێ.

**کاک خالید! بۆچی سپای پاسداران لەم نێوەدا یانی لەم چەند حیزبەی تاراوگەنشین بەتایبەتی کۆمەڵەکان و دیموکراتەکان بە تایبەتی ناوی ئەو حیزبە دەهێنێت کە جەنابت ڕێبەریی دەکەی؟**

**خالید عەزیزی:** یەکەم بەو دەلیلە کە حیزبی دیموکرات نفووزی جەماوەری هەیە ئیعتباری ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە لە حەددی خۆی‌دا، تا ئەوەندە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ناکرێ نادیدە بگیردرێت.

هۆکاری دووهەم بە باوری من سپای پاسداران هەدەفمەند ئەوە دەکات. لەبەر ئەوەی کە«گفتمان»ی ئێستای حیزبی دیمۆکرات، ئەو شیوازەی کە ئێمە «تعامل» لە گەڵ وەزعی ناوخۆ دەکەین، تەشوێقی ئاڵوگۆر دەکەین خەڵک تەشویق دەکەین کە بەشدار بن لە ئاڵوگۆڕو چالاکیی مەدەنی و دەڵێین کە گوفتمانی کوردی لە تاران بێننە گۆڕێ، و خەڵکێکی زۆر گوێ بەوە دەدەن. بۆیە بە باوڕی من سیتمی ئیتلاعاتی ئێران، سپای پاسداران لەوە نیگەرانن گوتاری مەدەنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا شکڵ بگرێ و خەڵکێکی زۆر بەدەوری خۆی کۆ کاتەوە و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەرەبەرە لەگەڵ جووڵانەوەیەکی بەربڵاو و بەرینی مەدەنی و جەماوەری ڕووبەڕوو بێ.

سپای پاسداران و بەشی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی رەنگە زۆر پێیان خۆش بێت کە ئێمە شوعار لە دژیان بدەین، وەکوو شوعاری رووخاندن و نەمان و نابوود کردن و بڵێین فەرقی بەینی ئەمو ئەو نیە .... ئەمە بە باوڕی من لە سەحنەی سیاسەتدا، باوڕێکی پاسیوە. رەنگە پێیان خۆش بێ کە ئەو حیزبانە ئینتخاباتەکان هەر بایکۆت بکەن. لە نەتیجەی ئەو جۆرە سیاسەتەدا تۆ خەڵکێکی زۆر لە گەڵ خۆت ناخەی. ئێمە ٣٤ ساڵە ئەو سیاسەتەمان ئیدامە داوە. یانی ئەوان تێدەکۆشن ئێمە بکێشنە نێو شەڕ وکێشەوە و کوردستان ئەوەندەی تریش نائەمەن بێت و مەجال بۆ تێکۆشانی مەدەنی نەبێت. من زۆر بە ڕاشکاوییەوە بڵێم، ئێمە لەو ماوەیەدا کە ئەو سیاسەتەمان هێناوەتە گۆڕێ و (اعتماد بە نفس) بە کۆمەڵانی خەڵک دەدەین، تەشویقیان دەکەین، پێمان وایە کە لە کوردستانی ئێران خەڵک کە بە شێوازی جۆبەجۆر تێکۆشانی خۆی دەکا و هەموو بەشیان تێیدا هەیە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە «اعتماد بە نفس» لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەهێز بێ. حیزبی دیموکرات ئەگەر کەسێک ئوستاندارە، فەرماندارە، نوێنەری پاڕلمانە،چالاکی مەدەنییە، چالاکی ئەدەبیە، بە ژن و پیاو کە فەعالیەت دەکەن بێ حوورمەتتیان پێ ناکەین. زوو و بە پەلە ناڵێین ئەوانە خائینن یان خۆ فرۆشن بەڵکوو شەخسیەتیان پێ‌دەدەین. پێمان وایە هەموو ئەوانە کوڕوکچی ئەو میللەتەن، ژنو پیاوی ئەو میللەتەن. رەنگە لە حەددی خۆیاندا لە چوارچوەی جمهووری ئیسلامی‌دا کار بکەن. بە باوڕم نیگرانی کۆماری ئیسلامی لەو عەقلیەتەیە، لەو سیاسەتەیە، بەتایبەت سیاسەتی حیزبی دیمۆکرات کە بە باوڕی من سیاسەتێکی دروست و واقع بینانەیە، خەڵکێکی زۆر ئێستا خۆی تێدا دەبینێتەوە. مەجال بۆ پرۆژە ئەمنییەتیەکانی سپای پاسداران کەم دەکاتەوە و رەنگە لێ پرسینەوەی بەدوادا بێ و وردەو وردە لە مەتبووعاتی ئێرانی دا لە میدیاکانی‌دا ئێران بەرەوە ئەو قوناغە بچێت.. بەهەرحاڵ ئێمە تەشویقی ئەو سیاسەتە دەکەین.

**کاک خالید! کە باس لە دامەزراندنی حیزبی تازە کرا لە ناوخۆی وڵات، کۆمەڵیک راسپاردەت باس کرد، کە لە تەجرووبەی حیزبەکانی دیکە دەرس وەربگرن، یەکتر نەبۆغزینن، لە یەکتر دوور نەبنەوە. لە گەڵ هەموو ئەمانە حیزبی دیموکرات یەک لەو حیزبانەیە کە بەو نەخۆشییەوە ناڵاندوویەتی. ئەمە ٧ساڵە کە ئەم حیزبە(انشقاق) و لەت بوونی بەسەردا هاتوە. یەک ساڵە کە هەواڵەکان باس لەوەدەکەن ئێوە بەتایبەتی هاتوچۆی یەکتر دەکەن و قسە و باس لە بەین دایە بۆ حەلی کێشە لە نێوان دیمۆکراتەکان. بەڵام بە کردەوە تا ئێستا هیچ نەبووە، دوایین ئەنجامەکان بە کوێ گەیشت؟**

**خالید عەزیزی:** مادام کە قسە لەسەر حیزبی دیمۆکراتە، سەرەڕای نفووزێکی بەربەرینی جەماوەری و قوربانی و حماسەتێکی زۆر لە خەبات وتێکۆشان و(موقعیت)ێکی باشی حیزبایەتی، بەڵام بە دوای کۆماری کوردستان حیزبێکی بێ موشکیل نەبووین. موشکیلاتی نێو خۆییمان زۆر بووە، بەداخەوە ئینشعاباتو لەیەک جیابوونەوە لە نێو حیزبی ئێمەدا زۆرە و شاراوە نیە لە خەڵک، لانیکەم پێم خۆشە لێرە ئەمە ڕابگەێنم تا ئێستا کە ئێمە لێرە قسە دەکەین بە داخەوە دانیشتنەکانی ئێمە هەردوو باڵی دیموکرات بە شێوەی کۆنکرێت و موشەخەس بە هیچ حەلیک نەگەیشتوە. ئێمە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک دانیشتنمان هەبووە، دانیشتنەکان وا باس دەکرێ کە بۆ عادی بوونەوەی پێوەندییەکانە، بۆ ئەوەی کە خەڵکی هەردوولا هاتوچووی یەکتر بکەن،لە شایی وشینی یەکتردا بەشداری بکەن. بەڵام کە لەوانە دەگوزەرێ و دێتە سەر شتی عەمەلی، بەداخەوە هیچ شتێک عەمەلی نەبووە و هاوڕێیانی پێشووی ئێمە تا ئێستا ئامادەگییان بۆ هیچ شێوە هاوکاری و کاری بە کردەوەی هاوبەشیان دەرنەبڕیوە.

ڕەنگە کۆمەڵانی خەڵک لە ناوخۆی وڵات تەنانەت گاڵتەشمان پێ بکەن، بڵێن؛ لە جیاتی ئەوە هەردوو لای حیزبی دیمۆکرات دابنیشن و لەسەر سیاسەتی گەورە قسەبکەن، لەسەر داهاتووی ئێران قسەبکەن، لەسەر قەزیەی کورد لە ئێران قسەبکەن، لەسەر ئەوەی کە دەبێ چبکەین لە سناریۆ نارووناکانی ئێستا و داهاتوو، ئەو دوو دیمۆکراتە چۆن کار بکەن؟ و دەنگ و رەنگی کورد لە کوردستانی ئێران چۆن بە قوەت بکەن؟ رەنگە پێیان سەیر بێ و گاڵتەیان پێ بێ کە ئافەرین! دوای ٦٨ساڵ خەبات، ئێستا قسە لەوە دەکەن کە چۆن پێوەندییان باش بێ و عادی بێتەوە! من بەش بەحاڵی خۆم ئەو گاڵتەیە قەبووڵ دەکەم. بۆیە قەبووڵی دەکەم ئینسانیەت زۆر لەحیزبایەتی گەورەترە، پیش ئەوەی حیزبی دیموکرات دروست بێ ئێمە ئینسان بووین. ئەگەر قەرارە حیزبایەتی ئێمە ئینسانەکان خەراپ بکا، ئینسانەکان فێری کینەجویی و دەسیسە و... بکات، دائیم لە دژی یەکتر بین، ئەوە حیزبایەتییەکی خەراپە. لە رابردوو دا کێشەکانی ئێمە، من نایشارمەوە هەموو ئەوانەی تێدا بوو، لە دەورانی ڕێبەرانی شەهیدمان، لە دەورانی کاک ئەحمەد تەوفیقەوە تا دوکتور قاسملوو هەتا ڕێبەرانی زیندوو کە بۆ خۆشم ئێستا یەکێکم لەوانە، جا بۆیە زەمانێک ئەو حیزبە دروست دەبێتەوە کە ئێمە بە ئاوردانەوەیەکی مەسئوولانە لەسەر حیزبێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران، چاو لەمەسەلەکە بکەین.

**کاک خالید! لێرە پرسیارێک هەیە کە پرسیاری زۆرێک لە خەڵکو لە لایەنگەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتە کە لەوەتی ئەم حیزبە لەت بووە، لە لایەن جەنابتەوە وەهەروەها لە دوو کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمە پەسند کراوە کە دەبێ ئەم دوو حیزبە یەک بگرنەوە، جەنابت لەم بارەوە زۆر بە خەمی و هەوڵت بۆ داوە، بەڵام وەک دەفەرمووی لەلایەن هاورێیانی پێشوومانەوە تا ئێستا ئاوردانەوەیەکی جیدی و بە کردەوە لەم بارەوە نەکراوە، کە وایە بۆچی جەنابت بەم مەسەلەوە خۆت ماندوو دەکەی؟**

**خالید عەزیزی:** پرسیارێکی جوانە هەم من و هەمیش هاورێیانم لە ڕێبەری حیزبی دیموکرات و زۆربەی زۆرێک لە کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب کە ئەو تەجروبەیان لە ژیانی حیزبی دیمۆکراتدا هەیە و پێداویستیی حیزبێکی بە قووەت لە کوردستانی ئێران دەرک دەکەن پێیەوە ماندووین، بەچەندین دەلیل ماندووین؛ یەک ئێمە ئێستا تەجرووبەی سووریامان هەیە، کە گرفتی گەورەی کورد لە سووریا ئەوەیە کە ئەحزاب یەکگرتوو نیە و حیزبی زۆرە، هونەری دیمۆکراسی و هونەری فرە حیزبی کە جاری وایە ئێمە بە هەڵە لێی تێدەگەین ئەوە نیە هەتا خودا حەز دەکات حیزب زیاد بێ! ئەمە هەڵە تێگەیشتنە لە چەمکی فرە حیزبی کە هەر کێشەیەک هاتە گۆڕێ هەر زوو حیزبێکی دیکە دابمەزرێت، یان هەموو کێشەیەک بە ناوی دیمۆکراسی زەوابت و پرنسیبەکانی حیزبی لاواز بکات. ئەمە هەڵەیە.

پێداویستییەکانی کوردستانی ئێران لە داهاتوودا پێمان دەڵێت، ئەگەر کورد یەکگرتوو نەبێ بەتایبەت حیزبی دیموکرات ئەگەر لەیەک حاڵی نەبین یان یەک نەگرینەوە لەو یارییە ئاڵۆزە، لەو سیناریۆ ناروونەدا لەو گێژاوەدا کە ئێمە تەجرووبەی دەکەین لە سووریاو لەعیراق ولە تورکیا، کورد رەنگە دۆڕاو بێ، ئێمە نازانین چی لێ‌دەبێتەوە. زەمانێک کورد لەو کێشانە دێتە دەرێ کە ڕێبەرییەکی بە هێزی هەبێ، حیزبەکەی بە «اقتدار» بێ و سەرچاوەیەکی هەبێ و ئەو سەرچاوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک باش وەرگیرابێ و خەڵک بەقسەی بکات. ئێمە ئەمەمان تەجرووبە کردوە. زۆرجار داوامان لە خەڵک کردوە کە بە موناسبەتی جۆربەجۆرەوە وەکوو رۆژە مێژوویەکان و بانگەوازەکان، بەو جۆرە کە پێویستە خەڵک بەدەم قسەکانی ئێمەوە نەهاتوە. دیارە بەشێکی ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامی مەجالیان پێ نادا، بەڵام بە باوری من لە تەنیشت ئەوە کە کۆماری ئیسلامی مەجالیان پێ نادا و بە دیدی ئەمنیەتی چاو لە ڕووداوەکان دەکات، نەوعێک ناڕەزایەتی، نەوعێک گلەیی‌و گازندە لە نێو خەڵکدا دەبینم، کە لەتبوونی حیزبی دیموکرات و لەوەی کە ئێمە دێموکراتەکان سادقانە کار ناکەین بۆ یەکگرتنەوە، ئەوش هاتووتە گۆڕێ. ڕەنگە خەڵک لە نێو خۆی وڵات بڵێ جا بۆ داواکاریی ئێوە قەبوول دەکەم؟ دیموکراتەکان بوون بە دوو، لایەنەکانی دیکە بوون بە چەندە ئێوە لە تاراوگە هەر خەریکن لەت دەبن و ئینشەعابتان تێ‌دەکەوێ و یەکتر دەبوغزێنن، سەیر نیە کە خەڵک لە کوردستانی ئێران هەر بەراستی جوابی ئێمە ناداتەوە، ئەو جواب نەدانەوە دەلیل بەر ئەوە نیە سیاسەتی ئێمەیان پێ غەڵەتە. دەلیل بەر ئەوەنیە هەڵویستەکانی ئێمەیان پێ هەڵەیە...دەلیل بەرئەوەیە لە ئێمە نارەحەتن، زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە لەگەڵ دیمۆکراتدا بووە شانازی کۆماری کوردستانی هەیە، رابردووی زمان لە زۆر بابەتەوە، فەرهەنگ لە زۆر بابەتەوە کەسایەتیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حیزبی دیموکرات، جا حیزبی دیموکرات کە ئێستا تووشی ئەو چارەنووسە بووە تەبیعەتەن ئەوەیش دێتە گۆڕێ. بەم چەند دەلیلە هەم منو هەم هاوڕێیانم زۆر هەوڵی بۆ دەدەین کە دەرئەنجامێکی هەبێ و بەرەو ئەوە بچین کە حیزب یەک بگرێتەوە.

**تائێستا هیچ نەتیجەیەکی نەداوە؟ئێوە تائێستا بۆ خۆتان چیتان کردوە بۆ نموونە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوەی مەربووت بە خۆمانە لە نێو ریزەکانی خۆمان گرنگی ئەم بابەتە دێنینە گۆڕێ و باسمان کردوە کە بۆ یەکگرتنەوەی دیمۆکرات پێویستە، هەروەها بەدوای باس وگفتگۆ لە گەڵ دەفتەری سیاسی و ریزەکانی خۆمان، بە تەرحی گەڵاڵەیەک گەیشتووین کە هەر ئێستاکە ئامادەیە.

**ئەم گەڵاڵەیە شتێکی تازەیەو ئایا گەیشتووە بەدەستیان؟**

**خالید عەزیزی:** بەڵێ، رەنگە تائێستا گەیشتبێ بە دەستیان. لەو گەڵاڵەیە دووسێ شتی جەوهەری تێدایە. یەکەم ئەمە کە زەرووڕەتی کارکردنێکی سادقانە و شەفاف کە ئەوحیزبەی کە رابردووی هاوبەشمان هەیە، کۆمەڵێک موشکلی هەبووە. مێژووی هەردوولا، مێژووی هەموومانە، چالاکی هەردوو لا، چالاکی هەموومانە، ئیفتخارات و شکستەکان هی هەموو لایەکمانە، بە قەبوولی ئەم واقعییەتانە هەوڵ بدەین حیزبی دیمۆکرات بۆ ئایەندە دروست بکەین.

بۆ ئەوەی ئەم جەوهەر و ئەسڵە جێبەجێ ببێ کۆمەڵێک خاڵمان هێناوەو قوناغ بەندیمان کردوە و کە لە هەر قوناخێک دا چ بکەین، بۆ وێنە گرینگە کە کۆبوونەوەی هاوبەش بکەین، بە جۆریک خەسارناسیی رابردوو بکەین، دەفتەری سیاسیی هەردوولا لەگەڵ یەک زۆر دابنیشن، کۆمیتە مەرکەزی هەردوولا لەگەڵ یەک زۆر دابنیشن، لە هێندێک شت کە ئێستا عەمەلییە وەک شتە مێژووییەکان هاوکاری دەست پێبکەین. پێشنیارمان کردوە کە چۆن بەیەکەوە هەردوولا بچینە کۆنگرەیەکی هاوبەش، لە کۆنگرەیەدا هەموومان دیموکراتین جیاواز لەوەی کە ٧ساڵە چۆن لەگەڵ یەک کارمان کردووە کێ سەر بەچ لایەنێک؟ بە لکوو ئایەندە لە پێش چاو دادەنێ و لە رابردوو تەجرووبە وەردەگرێ کە ئەو حیزبە وەسەریەک بخاتەوە بیکات بە حیزبێکی واحید و بەهیز بۆ داهاتووی ئێران. لێرەش دا لە دوایین کۆنگرەی ئەو هاوڕێیانەمان کە خەڵکەکەیان بەشدارییان کرد، کۆمەڵێک ئەرکی لەبەردەم ڕێبەریی ئەوان داناوە. ئەو گەڵاڵە، ئاوردانەوەیەکە بەسەر هەموو ئەو کێشانە. لە هەمووی گرنگتر ئەمەیە کاتێک ئێمە دەکەینەوەسەر یەک نابێ بەرداشتەکان خوانەخواستە ئەوە بێ کە هەرلایەک بە قازانجی خۆی تۆڵە لەیەکتر بکاتەوە، نابێ غرووری ئینسانەکان بشکێندرێن، نابێ رابردوویان پێشێل بکرێ، بەڵکوو دەبێ هیوایەک دروست ببێت کە چۆن لەگەڵ یەکتر کار بکەین. ئەگەر ئەوانە قسەی لەسەر بکەین و کاری بۆ بکەین لە سکرتێرەکانی هەردوولا، لە ئەندامانی ڕێبەری لە هەردوولا، بڵێین ئێمە لە رابردودا هەڵەمان بووە، رەخنە لە خۆمان بگرین ئەگەر لەبەر دەم کامێراکانیش نایڵێین، با لە نێو ریزەکانی خۆماندا بیڵێین، بۆ ئەوەی کە ئەو خەڵکە فێر بکەین لە داهاتوودا ئاوا بەئاسانی حیزبەکەیان تووشی کێشەی نادروست نەبێتەوە و دیسانەوە بە ئاسانی

ل ٧

هەڵبژاردنی ڕووحانی نەک لە ڕوانگەی خودی کەسایەتی ڕووحانی بەڵکو لەم بوارەوە کە دروشمو خواستەکانی خەڵک لە زمانی سەرۆکی دەوڵەتەوە دەوترێ و نکۆڵییان لێناکرێ (هەرچەند حاشا نەکردن لەم داخوازییانە لە دڵەوە بێ یان بە ناچاری) پێشکەوتنێکە کە سیستمی خستۆتە مەترسییەوە و سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بەرانبەر ئەو خواست و پێداویستییانە دژکردەوەی هەبێ.

ئارەش لۆرستانی

دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا هەروەک گوترا بۆتە بەشێک لە شوناس و هۆوییەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و، دەسەڵاتدارانی تاران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بڕینی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکایان بە باشترین ڕێگە زانی بۆ ئەوەی دەستی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆی ئێران کەم بکەنەوەو بەمجۆرە گەرەنتیی زیاتری مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان بکەن.

مەسعود ڕەواندوست

# دەوڵەتی ڕووحانی! باش یان خراپ!؟



ئارەش لوڕستانی
وەرگێڕان بۆ کوردی: ئاڵەشین

ئەگەر چاوێک لە هەموو ئەو دەوڵەتانە بکەین کە لە کۆماری ئیسلامیدا هاتوونە سەر کار؛ دەبینین هەموویان کێشەیان دەگەڵ ڕێبەری سیستم کە وەک کەسی یەکەمی ڕێژیم پێناسە کراوە هەبووە، کە ئەو کێشانە هەمیشە قەیرانی سیاسی – ئابووری تایبەت بەخۆی لێکەوتۆتەوە. لە ڕاستیدا لەو سیستمانەدا کە نادیموکراتیکن کۆمەڵگەی مەدەنی لەو بەشانەدا دەگوڕێن (باس لە دەسکاری ئاکامی هەڵبژاردنو هەڵبژاردنی دیموکراتیک ناکەم، تەنیا باس لە هەڵبژاردن تەنانەت ئەگەر شانۆییش بێ) کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەو بەشانە دەبێ وەڵامدەر بنو بەردەوام بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن بە ئەهرومی گوشار بۆ هێنانەدی بەشێک لە داواکانیان.

کۆمەڵگەی ئێران لە دوای تەسویە حیسابی پارت و لایەنە سیاسیو چالاکانی مافی مرۆڤ بەهۆی کۆماری ئیسلامی دوای شۆڕشی ٥٧ و هەروەها شەڕی ٨ ساڵە، لە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی ڕەفسەنجانیدا بە هاوسەنگییەکی ڕێژەیی دەگاو بەرە بەرە بە بەدواداچوونی داخوازی و مافەکانی خۆی، ڕەوشەکەی بەرەو داخوازییە مرۆییەکان بردوە. سیستمی نادیموکراتیکی کۆماری ئیسلامییش وەک هەموو دیکتاتۆرەکان چونکە ئەو داواو داخوازییانەی بە دژی شوناسو سەقامگیری خۆی بینیوە، بەردەوام هەوڵی سەرکوتو بێدەنگ کردنی داواکارانی داوە. سیستم لە لایەکەوە بۆ پاراستنی خۆی ناچار ئەو داخوازیو پێویستیانەی سەرکوت کردوە و لە لایەکی دیکەشەوە ڕووبەڕووبوونەوەی دەگەڵ دەنگی گشتی، سیستمی بەرەو تێداچوون بردوە، هەر بۆیە دەبینین لە سەردەمی چاکسازیدا هاوسەنگییەکی ڕێژەیی زەمینەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی سەرەتایی سەرهەڵدەدەنو خۆ دەردەخەن و سیستمی کۆماری ئیسلامییش هەمیشە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ئەهرومە گوشارەکانییەوە دەسەڵاتی نێوخۆیی سیستم سەنترالیزە بکا و کەمترین دەسەڵات بە خەڵک و نوێنەرەکانیان ببەخشێ. ڕووداو و بیرەوەری تاڵی (کوی دانشگاه و قتلهای زنجیرەای) ئاکامی ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە و دژایەتییانەی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی کۆماری ئیسلامی بوون کە دیارە ژمارەیەکی زۆری داخوازییە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی وەک بایەخ و پێداویستی زەروور بە کۆماری ئیسلامی ناساند. دوای سەردەمی چاکسازیی کۆماری ئیسلامی ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوت تا ڕادەیەک پێکهاتەی خۆی دارێژێتەوە و لە ژێر دروشمی کەرتی تایبەت زۆربەی کانگە و سەرچاوە ئابوورییەکان بخاتە دەستی باوەڕپێکراوانی سیستم، ئەو سەرچاوانەی کە لە دوای ئەحمەدینژاددا نەکەوتە دەست دەوڵەتی یازدەیەم و لە ڕاستیدا ئاستەنگە ئابوورییەکان تارادەیەکی زۆر کارکردی دەوڵەوت و تەنانەت نوێنەرەکانی مەجلیسیش ئەگەر بیانەوێ بە ئاراستەی دواخوازییو ویستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاو بنێن، هەنگاوەکان خاو دەکا و کێشە و ئارێشەیان دەخاتە سەرڕێ. کۆمەڵگەی ئێران کە لە سایەسەری ڕاگەیاندن، گۆڕانی نەوە و چالاکی پارت و لایەنە سیاسی – مەدەنییەکانی نێوخۆ و دەرەوە بەرەو گەشە و ڕوو بە بەهێزکردنی سترەکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەنگاو دەنێ دەوڵەتی ئێعتداڵی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەپاند، دیارە هەڵبژاردنی ڕووحانی نەک لە ڕوانگەی خودی کەسایەتی ڕووحانی بەڵکو لەم بوارەوە کە دروشمو خواستەکانی خەڵک لە زمانی سەرۆکی دەوڵەتەوە دەوترێ و نکۆڵییان لێناکرێ (هەرچەند حاشا نەکردن لەم داخوازییانە لە دڵەوە بێ یان بە ناچاری) پێشکەوتنێکە کە سیستمی خستۆتە مەترسییەوە و سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بەرانبەر ئەو خواست و پێداویستییانە دژکردەوەی هەبێ. کۆمەڵگەی مەدەنی خواستو داواکانی لە دەوڵەتی یازدەیەم دەوێ و ئینجا ئەم دەوڵەتە چ نیازی پاک بێ یان خراپ ئارێشەیەکی گرنگە کە دەتوانێ خواست و ویستەکانی خەڵک و دیسانترالیزەی دەسەڵات لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، بەرە بەرە سیستم بەرەو کەشێکی مەدەنی ڕەکێش بکا و بە کردنەوەی فەزاکە، ڕێگە لە پاوانخوازان ببەستێ و یان بە خۆڕاگری و دژایەتی کردنی خواست و داواکاریی خەڵک سیستمی کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵوەشانێکی لەسەرەخۆ و لە ناکاو بەرێ. بەو دەوڵەتە نە دەبێ گەشبین بین و نە ڕەشبینیش، بەڵکوو دەبێ زۆروردبینانە بەدواداچوونی خواستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین تا بتوانین ڕێژەی پێشکەوتن یا پاشڤەچوونی داخوازییە کۆمەڵگەتەوەرەکان وەک ئەهرومی گوشار دژی کۆماری ئیسلامی بەکار بێنین. سیاسەت هونەری مومکینە و دۆگماتیزم و چەقبەستوویی لایەنگرانی دەخاتە پەراوێزەوە و لە ڕیزبەندیو پۆلێنبەندی کۆمەڵگەی مەدەنیو یا دژی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر لایەک و ڕەوتێک بن دەخاتە ڕیزی دژبەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. کۆمەڵگەی ئێران نیشانی داوە کە جۆرارجۆری شوناسیو فەرهەنگی و ماڤەکانی کۆمەڵگەی مەدەنەی گرنگترین فاکتەری بەشداری خەڵکە لە کاروبارە سیاسی – مەدەنییەکانداو هەر کەس یا ڕەوتێک کە بەم ئاراستەیە هەنگاو بنێ دەتوانێ سیستمی کۆماری ئیسلامی زیاتر تووشی کێشەو ئارێشە بکا و کۆمەڵگەی مەدەنییش زۆر جاران سەلماندوویەتی کە بە باشی بەشداری ئەم کەشەی کردوە و تەنانەت تێچووی گۆڕانەکانیشی داوە.

دەوڵەتی ڕووحانی سەرەڕای هەوڵە باشەکانی، دیسانیش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کۆماری ئیسلامیو سیستم بە فشاری ناڕەوا و نادروستی وەک ئێعدامەکان و یا زۆر کارشکێنیی دیکە، دەیەوێ سترەکتوری دەسەڵات بەرەو هەڵدێرێک نەچێ کە گەڕانەوەی بۆ نەبێو ئینجا ئەگەر ئێمە وەک دەرفەتێک بڕوانینە دەوڵەت و خۆ لە دەمارگرژی بێ جێ بپارێزین، دەتوانی کەڵک لەو (ظرفیت) انەی دەوڵەت وەرگرین کە کۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندوە و دەوڵەت دەبێ وڵامدەریان بێو دەبێ ئەوەش بزانین کە وەڵامدەر بوونی دەوڵەت و زەق کردنەوەی خواستەکانی خەڵک یەکێکە لە مەرجە گرنگە کاریگەرەکان، چونکە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ٩٢ و هەروەها ناڕەزایەتییەکانی ٨٨ بە ڕوونی ئەمە دەردەخەن کە خەڵک چییان دەوێ و ڕێگەی شوێندانان لە سەر خەڵکو ڕاکێشانیان بۆ بەشداری کردن چییە. لێگەڕێن نەک هەر دەوڵەتی ڕووحانی بەڵکوو هەموو دەوڵەت و ئەو کاراکتێرانەی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن لە بەرابەر خواستە کۆمەڵگەتەوەرەکاندا هەڵوێستی خۆیان بنوێنن و کەشی سیاسی – مەدەنی بە سەر دوو بەشی کۆمەڵگەی مەدەنی و دژی کۆمەڵگەی مەدەنی دابەش بکەین، چونکە لەم حاڵەتە دایە کە دەتوانین بە دامەزرانی دیموکراسی هیوادار بین، چ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا چ بە رووخانی ئەم سیستمە. دیارە کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە بەو سترەکتۆرەی ئێستایەوە هەنگاو بەرەو دیموکراسی، دژایەتی قوول دەگەڵ شوناس و مەنتیقی خۆی دەزانێ و هەر ئەمەش ئەرکی چالاکانی سیاسی – مەدەنی قورستر دەکا چونکە چاکسازییو گۆڕینی سیستمو داهاتووی ئێران پێویستی بە عەقڵانییەت و وردبینیو بەرنامەی ورد هەیە.

# ١٣ی خەزەڵوەر و دیپلۆماسیی تەدبیر و ئومێد!



مەسعود ڕەواندوست

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەر کە یادکردنەوەی هێرشی تاقمێک بەسیجی بە ناوی «خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام» بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تارانە، بۆتە هێماو سەمبولی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکاو، وەک یەکێک لە بنەماکانی شوناسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لێهاتوە.

ئەم ڕووداوە کە تێیدا بەسیجییەکان ٥٢ دیپلۆماتی ئەمریکاییان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتەگرت، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دانا و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە پێوەندیی ڕەسمییان پێکەوە نەبووە. ئەگەرچی لە ماوەی ئەم ٣٤ ساڵەدا لە چەند قۆناغی تایبەتدا دانیشتنو تەنانەت یارمەتیی ئیتلاعاتیو نیزامیی نهێنیان پێکەوە هەبووە، بەڵام باڵی دەسەڵاتداری ڕێژیمو لە سەرووی هەموانەوە خامنەیی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکاو دروشمی «مرگ بر آمریکا»ی کردوە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناس و هۆوییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە دوای ئەوەی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە ماوەی ٨ ساڵدا پێوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ ڕۆژئاوا گەیاندە خراپترین ئاستی خۆی، ئێستا بە هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانیو بە وتەی خۆی بە تێڕوانینو سیاسەتێکی نوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ڕێژیم هەوڵ دەدا پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاسایی بکاتەوەو ڕادەی ئەو گەمارۆ سیاسیو ئابوورییانە لەسەر کۆماری ئیسلامی کەم کاتەوە کە لە ئاکامی ناڕاستیو سیاسەتی هەڵەی تاران لە پەروەندەی ئەتۆمیدا بەسەر ڕێژیمدا سەپاون و بەرەبەرە بەرەو ئەوە دەچن کە ڕێژیم تووشی مەترسی قەیرانی زۆر جیددی و تەنانەت داڕمان بکەنەوە.

حەسەن ڕووحانی هەر لە دوای هاتنە سەر کاری وەک سەرکۆماری نوێی ئێران، بە چرای سەوزی خامنەیی هەوڵی دا ڕوو بکاتە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەو گرفتەکانی ڕێژیم کە بە باوەڕی ئەوان ئەمریکاو سیاسەتەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندایە. حەسەن ڕووحانیو تیمی سیاسەتی دەرەوەی پێیانوایە ڕێگە چارەی گرفتەکانی تارانو ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، چارەسەری کێشەکان لەگەڵ لایەنی سەرەکی، واتە ئەمریکایە. هەر بۆیە لە کاتی سەفەر بۆ ئەمریکاو بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لە چەند کاناڵەوە هەوڵیان دا لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا پێوەندی بگرنو دیپلۆماسیی ئێرانیان بە سازشکارانە ناوبردووەو لە ڕاگەیەنەکانیاندا گوشارێکی زۆریان بۆسەر دەوڵەتی ڕووحانی هێناوە.

بناژۆخوازان وێڕای ئەوەی داوادەکەن دەوڵەت لە پەروەندەی ئەتۆمیدا ئیمتیاز نەداو پاشەکشە نەکا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاشدا زۆر بە توندی دژی نەرمی نواندنو ڕێخۆشکەری بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانن. هەر بەو بۆنەوە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا لە تاران باڵی بناژۆخوازی ڕێژیم کۆمەڵێک پۆستێر و بیلبۆردیان بە دارو دیوارەکاندا هەڵواسیوە کە ئاماژە بە بێ سەداقەتیو ناڕاستیی ئەمریکا دەکاو بەمجۆرە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکاو دروشمی «مرگ بر آمریکا» لە ساڵانی پێشوو بەرزتر بکەنەوە.

هاوکات قسەکانی خامنەیی لە ڕۆژی ١٢ی خەزەڵوەر لە نێو پۆلێک لە خوێندکارانو قوتابیاندا بەم بۆنەوەو، ئاماژەی ناوبراو بە کارە دیپلۆماتیکەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، جێی لێوردبوونەوەیە.

خامنەیی دەگەڵ ئەوەی پشتیوانیی لە تیمی دیپلۆماسیی ئێران کردو داوای کرد کەس بە سازشکاریان ناو نەبا، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی دا باڵی توندڕەوی دژە ئەمریکاش ڕازی ڕابگرێ و ڕایگەیاند کە هیوایەکی ئەوتۆی بە دانوسانەکان





ئەو هەوڵانە لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا دەنگدانەوەی بەرچاویان بەدوادا هاتو گەشبینییەکی زۆری لای خوازیارانی پێوەندیی دۆستانەی ئێران و ئەمریکا لە دنیادا دروست کرد.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانەی ڕووحانی، لە نێوخۆی ئێراندا دژایەتییەکی توند لە لایەن بناژۆخوازانی نێو دەسەڵاتو توندڕەوەکانی باڵی دەسەڵاتداری ڕێژیم دژی ئەم سیاسەتە نوێیە لە ئارادایەو سیاسەتەکانی ڕووحانیو تیمی هەوڵی لەباربردنی سیاسەتی نوێی دەوڵەتیان داوە و تێکۆشاون دەوڵەتی ڕووحانی لەگەڵ بیروبۆچوونی خامنەییو بنەما هۆوییەتییەکانی ڕێژیم ناتەبا نیشان بدەن.

لە پێوەندی لەگەڵ ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵیشدا پێشبینی دەکرا کە لە درێژەی ئەم هەوڵانەی باڵی کۆنەپارێزی ڕێژیم دەستی پێکردوون، تێبکۆشن ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەر زۆر گەرمو گوڕتر لە ساڵانی پێشوو بەڕێوەبەرنو دەنگی لەگەڵ ڕۆژئاوا نیەو لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاداو سیاسەتەکانی لە بەرامبەر ئێراندا ڕاشکاوانە وشەی «چ غەڵەتێکیان پێ دەکرێ؟!»ی بەکارهێناو پێداگریی لەسەر سیاسەتەکانی تا ئێستای ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا کردەوە. ناوبراو بە ئاماژە بەو هەواڵانەی لەم دواییانەدا لەسەر کردەوە سیخوڕییەکانی ئەمریکا بڵاوبوونەتەوە، وتی ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە لاوانی ئێران ٣٠ ساڵ پێشتر ئەمریکایان باش ناسیوە و باڵوێزخانەی ئەمریکا بە ڕاستی «لانەی جاسووسی»یە.

ئەم بەشەی قسەکانی خامنەیی ڕۆژێک پێش ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەر دڵگەرمیی‌یەکی زیاتری بە باڵی توندڕەوی دەسەڵات دا کە لەم ڕێوڕەسمەدا گەرم و گوڕتر لە ساڵانی پێشوو دەربکەون، بە جۆرێک کە بە پێی هەواڵی هەواڵدەریی فارس لە زمانی محەممەد ڕەزا نەقدی، سەرۆکی بەسیجی «مستضعفین»، ڕێژەی بەشداریی خوێندکاران و قوتابیان و چین و توێژەکانی خەڵک لە ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا پێنج هێندەی ساڵانی پێشوو بووە. و تەنانەت گەرم و گوڕیی ڕێوڕەسمەکە زۆر لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژادیش زیاتر بووە.

کۆی ئەم کێشەو ململانێیە، بێ وەبەرچاوگرتنی ڕاستی و ناڕاستیی هەواڵەکان لەسەر ڕێژەی بەشداری لە ڕێوڕەسمی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا هەروەک گوترا بۆتە بەشێک لە شوناس و هۆوییەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و، دەسەڵاتدارانی تاران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بڕینی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکایان بە باشترین ڕێگە زانی بۆ ئەوەی دەستی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆی ئێران کەم بکەنەوەو بەمجۆرە گەرەنتیی زیاتری مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان بکەن. هەر بەو پێیە دروشمی «مرگ بر آمریکا»یان کردە بەشێک لە شوناسی ڕێژیمەکەیان و لە ڕاستیدا فەلسەفەی بوونو مەشرووعییەتی ڕێژیم لای بەشێکی بەرچاو لە بەدەنەی توندڕەو و بناژۆخوازی ڕێژیم لەم دروشمەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر بۆیە لای بەشێک لە دەسەڵاتداران، شکاندنی ئەم تابۆیەو ڕووخاندنی ئەم دیوارە یەکسان دەبێ لەگەڵ ڕووخانی بینای مەشرووعییەتی نیزامەکەیان. کەوابێ ئەوانەی دەیانهەوێ ئەم دیوارە ٣٤ ساڵەیە بڕووخێنن ڕێگەیەکی دژواریان لەپێشەو ڕووحانی و دەوڵەتەکەی لە ڕەوتی گەڕاندنەوەی متمانەی ڕۆژئاوا بە ئێران و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکادا ڕێگەیەکی زۆر سەختیان لە بەردەمە و ئەم ڕێوڕەسمە گەرم و گوڕەی ١٣ی خەزەڵوەرەی ئەمساڵ و هەوڵەکانی لەم دەستە، تێچوو و هەزینەکان بۆ ڕووحانی زیاتر دەکەن و نەک هەر لە نێوخۆ بەڵکوو لە دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاواشدا کارەکەی سەختتر و پڕهەزینەتر دەکەن.

**مێژووی بەرهەڵەستکاریو راوەستان لە بەرانبەر دیکتاتۆریو سەرەڕۆییدا ئەوەی سەلماندوە کە گەلێک یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکی کە خاوەن کۆمەڵێک ئەرزشی دێرین بووە، نەتوانراوە بە زەبرو زەنگ رەسەنایەتییان لێبسێندرێتەوە. لە هەر جێگایەک سەرەڕۆییو نایەکسانی حاکم بێ، بەرهەڵەستکارییش ئەرکێکی نەتەوەیی، نیشتمانی، وڵاتپارێزیو ئایینیە. بێگومان کوردەکانی یارسانیش هەروەک لە رابردوودا سەلماندوویانە، لە داهاتووشدا پێ لەسەر مافەکانی نەتەوەیی و ڕێبازو باوەڕە دێرینەکانی خۆیان دادەگرنو بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بلوێ، بۆ وەدیهێنانیان تێدەکۆشن.**

# یارسانەکان و بزووتنەوە و ڕێبازە شوناسخوازییەکان!

## لە سەدەی دووهەمی کۆچیەوە تا سەدەی یازدە:



ئێقباڵ سەفەری

کوردانی یارسانی بەشێکن لە نەتەوەی گەورەی کوردو بەدرێژایی مێژوو لە کوردو پرسی نەتەوەیی دانەبڕاون. لەهەرکام لە سەردەمە مێژووییەکاندا کۆمەڵێک فەلسەفەو باوەڕی جیاواز لە کوردستان بوونی هەبووە کە بەرچاوترینیان بریتی بوون لە: مێهرپەرستی، میترایو زەردەشت. خوداکانی هەموو ئەم فەلسەفەو باوەڕانە لەسەر گۆی زەوەیو دەگەڵ خەڵک ژیاون. پاش ئەوەی عەرەبی نیوەدورگەی سەعوودی بە باوڕێکی نوێوەو بە مەبەستی داگیرکاری هێرش دەکەنە سەر ناچەو وڵاتی کوردان، کوردەکان بەرهەڵەستیان دەبنەوە. لەسەرەتای هێرشی عەرەبەوە، زەروانیسم شکڵ دەگرێ کە بزووتنەوەیەکی بەرهەڵەستکاری بووە بۆ دیفاع لە بایەخەکانی باوک و باپیرانیان. لە سەدەی دووهەمی کۆچی دا، کوردەکان بە ڕێبەریی بالیولی دانا بۆ دیفاع لە سامانی مێژوویی‌و دابونەریتە نەتەوەییەکانی کورد، بزووتنەوەی یاری وەڕێ دەکەوێو بزووتنەوەی ئەبوو موسیلم شکڵ دەگرێ بۆ پارێزگاری لە باوەڕەکانی پێشینانیان. هەر لەم پێوەندییەدا، دەیان بزووتنەوەی دیکە سەریان هەڵداوە کە مێژوونووسان، زۆریان بایەخ پێنەداون. لەبەرئەوەی مەبەستی ئەم بابەتە شرۆڤە کردنی دۆخی مێژوویی‌و ئێستای کوردانی یارسانییە، برگە بە برگە، ئاماژەیەکی هەرچەند کورتیش بێ بە پێویست دەزانین.

یارسان، باوڕەکان، خوداکانیان:

یارسان بزووتنەوەیەکی شوناسخوازیو سەربەخۆ بووە کە لە لوڕستانەوە سەری هەڵداوەو چەندین قۆناخو برگەی تێپەڕاندوە. بالویلی دانا بناخەدانەری ئەم سیستمە کۆمەڵایەتی سیاسییە بووە کە باس لە ئایینی کوردان دەکا. لەم ڕێبازەدا خوداکان هەموویان مرۆڤنو لەسەر گۆی زەوی ژیاون.

پاش بالیولی دانا، بابا خوەشین لوڕستانی لەسەدەی چوارەمدا ڕێبەریی بزووتنەوە وەئەستۆ دەگرێو بە یارمەتیی بابا سەرهەنگو کۆمەڵێکی دیکە لە یارانی، ئەم باوەڕو ڕێبازە پەرە پێدەدەن کە بەشێکی بەرچاو لە پانتایی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

«پارچە شێعرێکی هۆنراوەی بابا خوەشین و چەند هۆنراوەیەکی دیکەی دەورانی رابردوو کە لە زاراوەی گۆرانی کۆنەوە (هەورامی یان ئەهۆراییەوە) وەردەگێڕدرێنەوە بۆسەر زاراوەی سۆرانی»:

یارسان وە ڕا
راه حەق راسیەن، بڕانان وە ڕا
پاکی و راستی، نیستی و ردا
قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگاه.

واتە: یارسان لە ڕێگادایە، لە ڕێگای ڕاستیدا، ئەم ڕێبازە بەردەوامە، ڕێبازی پاکی، ڕاستی، نیستی و ردایە، هەنگاو بە هەنگاو دەچین تاکو دەگەینە ئامانج.

او دم دردی
او موینڍی او دم دردی
وعده کرد پیمان او بالاسردی
پادشام مکرو دیوان، دیوان کوردی.
(زبورحقیقت، ص١٩٦٨)

واتە:»بەشی ئێمە هەر دەرد و ڕەنجە، پادشای ئێمە وەعدی داوە کە دیوانی یەکسانی دامەزرێنێ، دیوانێک کە دیوانی کوردی بێ».

پارچە شێعرێکی هۆنراوەی بابا سەرهەنگ:

سەرهەنگ دەودان، هەن کە نام من سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان، مەگیەڵو هەردان
مەکوشوم پەری ئایین کوردان.
(زبورحقیقت، ص١٩٨٣)

واتە:» ناوی من سەرهەنگی دەودانە، لەگەڵ هاوبیرەکانم دەگەڕێم بە دەرەو دۆڵدا، تێدەکۆشم بۆ بەردەوامیی ئایین (ڕێبازی) کوردان».

لە سەدەی پێنجەمدا بابا ناعۆس دێتو تێکۆشان بۆ پاراستنی هۆوییەتی کوردیو ڕێبازو باوڕەکانی خۆماڵی بەردەوام دەبێو پانتاییەکی زیاتری کوردستان دەگرێتەوە.

لە سەدەی حەوتەمدا کەسایەتیی کۆمەڵایەتی– سیاسی، سوڵتان سەهاک لە ناوچەی هەورامان، بزووتنەوەکە دەباتە قۆناخی کردارییەوەو دەگەڵ کۆمەڵێکی بەرچاو، شکڵی سیاسیی پێدەداو ڕێبەریی دەکا. ئەم سەردەمە گەلێک دژوار دەبێتو داگیرکەران بۆ بەچۆکداهێنانی یارسانەکان ڕێکاری نۆی دەگرنەبەر، کە دیسان شکست دەهێننو ڕێبازی یارییش کە لەسەر بنەمای کوردانە دانراوە، بە شیویەکی بەرچاو جێدەکەوێو باڵدەکیشێ بۆ بەشێکی بەربڵاوتر لە کوردستانی ئەودەم. ڕیبازە شوناسخوازییەکەی یارسانەکان لەم هۆنراوانەی خوارەوەدا بەجوانی خۆی دەردەخا:

سلطان مرمو:
اصلمن چه کرد
کردی ونا کرد اصلمن چه کرد
شیر ازلینا بورم کردن ورد
سرخیل دوستاننان دوستان مکم گرد
یاری تاخیر مبو آلویا و سربرد
(زبورحقیقت، ص)١٩٨٣

واتە: «ئەسڵی من کوردە، کوردی دەخوێنین، ئێمە شێری ئەزەڵین، بەبرمان ورد کردوە، سەرکردەی دۆستانمانین، گشتیان کۆدەکەینەوە، ئەم باوەڕە وەدەرنگ دەکەوێ، بەڵام عەلەویە دەبێتە سنوور؟»

«ڕەنگە مەبەست لە عەلەویە، حەلەب یا ئەدلەبی ئێستا بێ کە لە خۆرئاوای کوردستانەو لەو سەردەمەدا ئەم باوەڕە بەرەو کەرکوک و موسڵ و جەزیرەش چۆتە پێش. هەروەها لەو سەردەمە دا باوەڕی عەلەویە (آلویا) شکڵی نەگرتوە، بۆیە ناتوانێ الویا، عەلەوی بێ» ( نووسەری بابەت).

عابدین لە زمانی سلطان سەهاکەوە:

دستی خلکی بگره له ژین
با اوانیش وک تو بژین
چونکه همو هر وک یکن
لر و جاف و لولو لکن
(سرانجام،ص ٥١٠)

...»سلطان مرمو

برگ خودرنگی بی و خلاتش / تمام کردستان دا و براتش
یکسر کردوه کرد و کردستان / هم معجزات هم و سفرەو خوان
هم و معجزات هم و سفره و نان /
یکسر کردوه کورد و کردستان
(زبور حقیقت، ١٩٠٣٠)

ئەم باوەڕە تاکوو سەدەی نۆهەم لەسەر ڕێبازی خۆی بەردەوام ڕوو لە گەشە دەبێ، تاکوو خامۆشە وەک کەسێکی خاوەن مەنسف، دەبێتە ڕێبەری بەشێک لە یارسانەکان. ئەم سەردەمە هاوکات دەبێ دەگەڵ دەسەڵاتی فرقەی سەفەوییەو شیعەگەری. لەولاشەوە عوسمانییەکان چاویان بە سەرکەوتنی ڕێبازی یارسانییەکان لە لایەکو هێزو نفوزی سەفەوییەکان لە لایەکی دیکەوە هەڵنایەو دەکەونە پیلانگێڕانو پیلان نانەوە. بەسەرنجدان بەوەی کە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباری جۆغرافیەوە گەلێک ئێستراتیژی، لەباری دێموگرافیو زاراوەوە، پێکهاتەی ڕەنگاورەنگ، لە باری بیروباوەڕەوە شوێنی سەرهەڵدان و خۆڕاگریی باوەڕەکانی سەربەخۆو خۆماڵی بووە، بۆ کێشەنانەوە، گۆڕەپانێکی لەبار دەڕەخسێ. ئەم هۆکارانە و شەڕی نێوان سەفەوییەکانو عوسمانییەکانو بەتایبەتی کارتێکەریی شیعیسمی سەفەوی بە بوونی کەسیک وەک خامۆشە، بارودۆخ بۆ ناکۆکی دروستکردنو کێشە نانەوە لە نێوان پێکهاتە یارسانیەکان ئامادە دەبێ. بۆیە ناوچەکە دەبێتە گۆڕەپانی ڕمبازێنی دوو دەوڵەتی شیعەی سەفەویو سوننەی عوسمانی. ئەم بارودۆخەو شەڕی نێوان ئەم دوو هێزەی ناوچەکە کارتێکەریی خراپیان لەسەر ژیانو ئاسایشی یارسانەکان دەبێو خەڵکو ڕێبازی یارسان دەکەوێتە تەنگانەوە. لەم سەردەمەداو بە هاندانی سەفەوییەو داردەستەکانیان، جۆرێک ناکۆکیو ناهاوئاهەنگی دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام بەو حاڵەش هەر وەک کوردو یارسانی دەمێننەوە.

لە کۆتایی ئەم شەڕانەداو لەسەدەی یازدەی کۆچیدا، کەسێک بەناوی شێخ ئەمیر زۆڵەیی بەکردەوە شیعیسم دێنێتە ناو ڕێبازی یاریو یارسانییەکانەوە. ئەم سەردەمە هاوکات دەبێ لەگەڵ قەراردادی زەهاو لە نێوان عوسمانییەکانو سەفەوییەکان لە ساڵی ١٠٤٩ کۆچی. لەو قەراردادەدا بەغدا دەبێتە بەشێک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیو سەیدوساداتی زیاتریش بۆ یارسانەکان پەیدا دەبنو هەنگاوبەهەنگاو درز دەکەوێتە شێوە بیرکردنەوەیان. لێرە ئیتر پروپاگەندەی شیعیسم دەچێتە قۆناخێکی نوێوەو عەلی کوڕی ئەبوتالب وەک خودای دەوران لە ڕێگای «دۆناودۆن» ( حلول ڕۆح)، کە بانیەکەی زۆڵەییو سەیدو سادات دەبن، دبێتە وێردی سەرزمانانو شەوەکی وەخەیرو ئێوارە وەخەیر کردنی یارسانییەکان، جێگای خۆیان دەدەن بە ( یا عەلی مەدەد)!! ئەم ڕەوتە بە شێوەی جۆراوجۆر ئێستاس بەردەوامە، بەڵام تۆزقاڵێک شوێنی لەسەر بابەتی کوردبوونی یارسانەکان دانەناوە.

یارسانەکانو دەورانی پەهلەوییەکان:

بە گەیشتنتی ڕەزاخان بە دەسەڵات، دیسان مەزهەبی دانپێدانراو دەبێتە شیعەو ئەمەش کاری زیاتر دەکاتە سەر یارسانەکان. لێرەش ناوە داتاشراوەکان بۆ هاوشێوەکردنو ئاسیمیلاسیۆن (پاکتاوکردن)ی باوەڕەکانو پەراوێزخستنی بابەتی نەتەوەیی و ڕێبازە سەربەخۆکانی کوردی، دەبنە بناخەی سیاسەتی نوێی ڕەزاخانو پاشان محەممەدڕەزای کوڕی. ئەو ناوە داتاشراوانە بریتی دەبن لە:

ئەهل حەق، واتە شتێک وەک ئەهلی بەیت. عەلیوڵلاهی، واتە عەلی خودایە. شەیتان پەرست، واتە کۆمەڵێک بێگانە یان بێ باوەڕ بە ڕێوشوێنە ئایینیە ئاسمانییەکان. بێجگە لەوانەش لە نیازپاکیو تا ڕادەیەکیش دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، نازناوی سنووروانانی لیهاتوویش!ی پێ زیاد دەکرێو بەمجۆرە سڕینەوەی باوەڕە دێرینەکان، پێکهاتەی نەتەوەیی، دابونەریتە ڕەسەنەکانی کوردەواری، ئەدەبو زمانی کوردیو تا دوایی دەبێتە سیاسەتی پێشکەوتن و پەرەئەستاندنی شارستانییەتە گەورەکەی محەمەدڕەزا شا!




کۆماری ئیسلامیو یارسانەکان:

یەکەم قوربانییەکانی سیاسەتی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی، کوردەکان بوون، بە یارسان، شیعەو سوننەوە. لە ئێعدامو کۆمەڵکوژیەوە بگرە تاکوو دەربەدەر کردن، لەدەرکردن لە سەرکارو لە بێحورمەتیەوە بگرە تاکوو بێبەشکردنیان لەکارو مووچە لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی و... . پاش شۆرشی ١٣٥٧ (١٩٧٩ی زایینی)و بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم نیزامە ئیدیولۆژییە، کوردەکان بە هەموو جیاوازییە ئایینیەکانیانەوە وەک یەک کەوتنە بەر هێرشو پەلاماری ئەم سیستمە. لەو پەلامارو قەتڵو بڕەدا، گوندەکانی کفراوڕ و گواوڕ، قارنێ و قەڵاتان، قەڵاباڕی و کویک، تەپانیو دنگی، قوچی باشی و هەنجیر بۆس لە دەیشتیوڕ، وەکیەک قەڵاچۆ کران. گیان لێستێندراوانو لە سێدارەدراوەکانی، کۆمەڵێکی زۆر لە جیابیرانی کوردی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، لوڕستان، سنەدژو ورمێو تا دوایی بوون، کە هەموویان وەکیەک گیانیان لێستێندرا و لە هیچکام لەوانە نەپرسراوە کە سوننەن یان شیعەو یارسانی. ئێستاش درێژەی هەمان سیاسەتی بێچم گرتووی یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک مەزهەبو یەک زمان، بە بیانووی جۆراوجۆر سیماو کەسایەتیی کوردەکانی یارسانی کردۆتە ئامانجی دەمارگرژیی ئایینیو بێحورمەتیکردن بە بایەخو باوەڕەکانیان بۆتە ئەرکێکی سیستماتیک.

یارسان ئایین یان ڕێباز و باوەڕێکی دێرین؟

لە سەرەوە باسمان لەوە کردوە کە یارسان باوڕو ڕێبازێکی دێرینەو ئاماژەشمان بە چەند نموونەیەکیان وەک میترائیسم، مێهرخۆشەویستی، زەردەشت و ... کردوە. دیسان لە وتەکانو هۆنراوەکانی خوداکانی ئەم ڕێبازەشدا چەندین نموونەمان هێناوەتەوەو وەرگێڕاونەتەو سەر زاراوەی سۆرانی، کە ڕاستیی ئەم بابەتە دەسەلمێنن.

ئەوانەی کە خوێندنەوەیان هەیە و بەدواداچوونیان بۆ کردوە دەزانن کە ئایین بە هەموو شیوەکانیەوە خاوەنی چەندین بنەمای سەرەکییەو ئەم بنەما سەرەکیانە دیانباتە چوارچێوەی ئایین یان ئیدیولۆژیەوە. ئەمانەش بریتین لە:

یەکەم شت بوونی خودایەکی ئاسمانییە کە دنیای ژینی دروست کردوە. دووهەم نێردراوی خودایە واتە « پێغەمبەری جووەکان، مەسیحیەکانو موسوڵمانەکان»، بۆ ڕێنوێنی کردنی ئەو مرۆڤانەی کە خودا بۆ خۆی دروستی کردوون. سێهەم بوونی وتەکانی خودایە وەک تەورات، ئنجیل، قورئان و ...

کاتێک دێینە سەر یارسان، دەبینین کە خاوەنی هیچکام لەو بنەمایانە نییە. واتە نە خودایەکی هەیە کە لە ئاسمان بێ، نە پێغەمبەرێکی هەیە کە خودا ناردبێتیو نە کتێبیکی ئاسمانییش. کەوابێ یارسان ڕێبازو باوەڕێکی خۆماڵیو کوردییەو تیکۆشاوە بۆ پاراستنی بایەخە دێرینو نەتەوەییەکانی کوردو هەر لە کوردستانیشەوە سەری هەڵداوە.

### ئاکامگیری:

مێژووی بەرهەڵەستکاریو راوەستان لە بەرانبەر دیکتاتۆریو سەرەڕۆییدا ئەوەی سەلماندوە کە گەلێک یان پێکهاتەیەکی ئیتنیکی کە خاوەن کۆمەڵێک ئەرزشی دێرین بووە، نەتوانراوە بە زەبرو زەنگ ڕەسەنایەتییان لێبسێندرێتەوە. لە هەر جێگایەک سەرەڕۆییو نایەکسانی حاکم بێ، بەرهەڵەستکارییش ئەرکێکی نەتەوەیی، نیشتمانی، وڵاتپارێزیو ئایینیە. بێگومان کوردەکانی یارسانیش هەروەک لە رابردوودا سەلماندوویانە، لە داهاتووشدا پێ لەسەر مافەکانی نەتەوەییو ڕێبازو باوەڕە دێرینەکانی خۆیان دادەگرنو بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بلوێ، بۆ وەدیهێنانیان تێدەکۆشن.

ئەمرۆ ڕۆژی کۆدەنگیو هاوهەڵوێستیەو لێرە پێویستە هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە باوەڕو ئایینی جیاوازەوە، پاڵپشتیی خۆشکو برا یارسانییەکانیان بنو یارمەتیدەریان بن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ڕەوایان. ئێمە هەموومان بە ئایینو باوەڕو ڕێبازی جیاوازەوە کە هەمانەو زۆریش سروشتییە کە ئەو جیاوازیانەمان هەبێ، وەکیەک زوڵممان لێ دەکرێ. بۆیە دەبێ لەبەرانبەر ئەو بێحورمەتیو سووکایەتیانەدا کە دەرحەقمان دەکرێن، بێتەفاوەت نەبینو بەرەنگاریان بینەوە. ئەوەی ئێمەی پێکەوە گرێ داوەو هاوچارەنووسی کردووین کورد بوونە، نەک شیعە، سوننە یان یارسانی بوون.

کاتێکیش دەمانهەوێ ئاوڕ لە مێژووی بابەتێک بدەینەوە کە مەبەستی ئەم وتارەیەو باس لە باوەڕو ڕێبازێکی دێرین، یان ئایینو ئایینزاکان بکەین، دەبێ بڵێین کە چۆن جووەکان، فەلە (مەسیحییە) کانو عەرەبەکان ئایینی تایبەتی خۆیان هەیەو مافی خۆیشیانە هەیانبێو بە زمانی ئاخاوتنی خۆیشیان بێ، کوردی یارسانیو کورد بە گشتی مافی خۆیەتی ڕێبازو باوەڕێکی کوردانەی هەبێ کە لەگەڵ مێژووی دێرین، زمانو چاندی خۆی بێگانە نەبێت.

داماوی، بەشی کۆنەپارێزان بێتو سەرکەوتنیش بۆ نەتەوەی کوردو وڵاتی کوردان، کوردستان.

٣/١١/٢٠١٣

---

درێژەی:

## وتووێژ لەگەڵ کاک خالید عەزیزی

تووشی (انشعاب) نەبێتەوە.

بۆیە هیوادارم ئەو هاوڕێیانەی ئێمە ئەو گەڵاڵەی ئێمە کە (جامع)ە، (متنوع)ە،و بەرینە و هەموو ئەوەموزوعاتەی لە بەر چاو گرتووە بیکەن بە بنەمایەک، کە هەردوولای دیمۆکرات لە داهاتوودا یەک بگرێتەوە. ئێمە ئامادەیشین لەسەر ئەو گەڵاڵەیە وتووێژو دانیشتن بکەین و دەرئەنجامەکانی بە نووسراوەو بەقسە دەبێ تەحویلی خەڵکی بدەین.

**کاک خالید! لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کە دانیشتنەکانی هەردوولا حیزبی دیمۆکرات دەستی پێکردوە، بە داخەوە جگە لە هەواڵ هیچ شتێکتر لە ناوەرۆکی ئەو دانیشتنانە بۆ خەڵک باس نەکراوە یان میدیایی نەکراوە، وەک ئەو گەڵاڵەی کە دەفەرمووی، بەفەرز ئەگەر قەبوول یان ڕەد بکرێتەوە ئێوە حازرن دوایی باس بکەن کە چیتان پێشنیار داوە؟**

**خالید عەزیزی:** هەروەک ئەوەی کە عەرزم کردی و ئێستاش بە ئاشکرا دەڵێم کە ئەو گەڵاڵەمان ئامادەکردوە. ئەمە یەک. دووهەم لەسەر ئەو گەڵاڵەیە موزاکرە دەکەین. بە باوڕێ من ئێمە ناتوانین شتەکان بشارینەوە، ئەوەڵ کارمان ئەوەیە کە ئەو گەڵاڵەی قسەی لەسەر دەکەین تێدەکۆشین لە سەر ئەوە کار بکەین کە هەردوولا پێی ڕازی بن، ریزەکانی هەردوولامان خۆیان تێدا ببینەوە و خەمخۆری بن و بەدوایدا بڕۆن. لە قوناخی تر ئێمە دەبێ ئەمە بەخەڵک ڕابگەینین و بۆیان باس بکەین کە گەڵاڵەیەکی وامان هێناوە هەڵویستی ئەوان چۆن بووە،لە کوێ بە نەتیجە گەیشتووە. من لەم باوەڕەدام لەمەو بەدوا کە واردی دانوستان دەبین دەبێ کۆمەڵانی خەڵک کە خەمخۆری حیزبی دیمۆکرات و ئایەندەکەین، لە چەندوچۆنی ئەم موزاکراتە ئاگادار ببن.

**–کاک خالیدی بەرێز! ئێمە پرسیارمان نەماوە ئەگەر بەرێزت قسەیەکت ماوە بۆ دوایین بەش تکایە بفەرموون:**

**خالید عەزیزی:** هیوادارم کە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەم دابێتەوە، تەنیا دەمهەوێت تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کە ئاڵۆگۆرەکانی ڕوژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەنگە ڕەنگی جوراوجۆری هەبێ لە ناو ئەو تەحەولاتە دا بەخۆشیەوە قەزیەی کورد ڕۆژبەرۆژ گەورە دەبێتەوە، پێم خۆشە کە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات ئەوە مەترەح بکەن و زەق بکەنەوە، بە خەڵکی کوردو خەڵکی غەیرە کورد بڵێین کە کورد فاکتەرێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردی ئێرانیش بەشێکە لە هەموو ئەو ئاڵ وگۆڕانە. قەزیەی کوردستانی ئێران بە دەرفەت چاو لێبکەن، ئەوە ئەرکی خەڵکی ناوخۆی وڵاتە کە لەسەر مەسەلەی کورد مەعلووماتی زۆر بدەن بە خەڵکی غەیرە کورد و وەحدەت و هاوئاهەنگیان زۆربێ و تێبکۆشن لە جیاتی لەگەڵ یەک نەسازان، مکانیزمی پێکەوە کار کردن بە هێز بکەن و لەو دەرفەتانەی کە دێنە گۆرێ لە ڕاسییدا کەڵکی لێوەربگرن و گوتاری کوردی لە ئێران بە قوەت بکەن. هیوادارم هەموو لایەک کاری بۆ بکەین، چۆنکە هەمووومان لە نێو کەشتییەک داین ئەویش کەشتی ڕزگاری و بە ماف گەیشتنی کوردە و دڵنیام یەک ڕیزی و هاوکاریمان ئەو کەشتییە دەگەێنێتە شوێنی خۆی و هیوادارم ساغ وسڵامەت بن و سەرکەوتنیش بۆ ئێمە دەبێ.

کوردستان
ژمارە: ٦١٩
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٦ی نوامبری ٢٠١٣

**ئێعدام ناتوانێ ئەو سزایە بێت کە تاوانبار ئیسلاح بکاو بیگەڕێنێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو بە ئێعدام کردنی ئەویش ئەو زیانەی لە کۆمەڵگا کەوتووە قەرەبوو ناکرێتەوەو لە هەمان حاڵدا ناتوانێ ڕێگا چارەیەکی باش بێ بۆ کەم کردنەوەی تاوان**

عومەر باڵەکی

**ئێمەی کوردو هێزەکانمان دەبێ بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە هیچمان بە تەنیا نوێنەری گشتی خەڵک لە ڕۆژهەڵات نینو هیچ لایەنێکیشمان توانای بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە قورسەمان نییە کە چارەنووسی گەلێکی زیاتر لە دە میلیۆنی بۆ داهاتوو دیاری دەکا**

تەها ڕەحیمی

# قانوونی سزادانی ئیسلامی و دەست ئاوەڵەبوونی زیاتری ڕێژیم بۆ ئێعدام



عومەر باڵەکی

ماوەیەکە ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوەکارو گەنجو لاوانی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران بێ‌ئەوەی لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی بکرێن، بەتاوانی جۆراوجۆری وەک «دژایەتی لەگەڵ خوا» و «دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی» بە ئێعدام مەحکووم دەکرێنو سزاکەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ.

ئەگەر چاوێک بە ئاماری ئێعدامەکان لەماوەی ٣٤ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی‌دا بخشێنین، دەبینین بە هەزاران کەس بە تاوانی جۆراوجۆرو بێ‌بنەما ئێعدام کراونو لەو ماوەیەدا ئێران پلەی دووهەمی دوای چین لە ڕێژەی ئێعدام کردن‌دا بۆخۆی پاراستووەو بەپێی ئەو ڕێژە زۆرە لە ئێعدام، ئێستا لەئێران‌دا دەبوایە کەس نەی‌وێرابایە کە تاوانی لەوچەشنە بکا کە پێی ئێعدام بکرێ.

دیارە مەبەست ئەوە نی‌یە کە ئەوانەی ئێعدام کراون یا قەرارە ئێعدام بکرێن هەموویان تاوانبار بوون بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی تەڕو ویشک پێکەوە دەسووتێنێو تاوانبارو بێ‌تاوان وەک یەک سزادەدا، چونکە ئەگەر چاوێک لە پێناسەی سزاو تاوان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کەبەڕاستی ئەوانەی ئێعدام دەکرێن زۆربەی زۆریان بەتایبەتی ئەوانەی تاوانی سیاسی‌یان دەدرێتەپاڵ بێ‌تاوانن. لەیاسادا بەو شێوەیە باس لەسزا دەکرێ «ئامانج لە سزا چاککردنی تاوانبار و دیفاع لە کۆمەڵگاو بەڕێوەچوونی دادپەروەری‌یە«، بەواتایەکی دیکە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی کە بە هۆی تاوانی تاوانبارێک لە کەس یا کەسانێک یا لە کۆمەڵگا کەوتووەو گەڕاندنەوەی تاوانبارە بۆسەرڕێگای دروست و ئوسووڵی کە کۆمەڵگا پەسەندی کردوە.

بە پێی ئەو پێناسەیە ئێعدام ناتوانێ ئەو سزایە بێت کە تاوانبار ئیسلاح بکاو بیگەڕێنێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو بە ئێعدام کردنی ئەویش ئەو زیانەی لە کۆمەڵگا کەوتووە قەرەبوو ناکرێتەوەو لە هەمان حاڵدا ناتوانێ ڕێگا چارەیەکی باش بێ بۆ کەم کردنەوەی تاوان.

ئەزموونو ئامار پێمان دەڵێ کە سزای ئێعدام نەتەنیا لە ڕادەی تاوانو جەنایەت کەم ناکاتەوە بەڵکوو بەپێچەوانە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی تاوانو تاوانکاری. حکومەتێک کە بۆخۆی ڕۆژانە کوشتنی ئینسانەکانی لەبەرچاوی خەڵک کردۆتە پیشە زۆر سروشتی‌یە کە کردارەی ئەو بەجێێ پێشگیری لە توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگادا زیاتر پەرە بە توندوتیژی دەدا.

دەکوترێ کە سزای ئێعدام لە ڕادەی تاوانکاری کەم دەکاتەوە بەڵام ئامارەکان وا نیشان نادەن لە ساڵی ١٩٩٦-ەوە تا ئێستا سزای ئێعدام لە ئورووپا بەڕێوە نەچووەو بەو پێیە دەبێ لە ئێستادا ئەگەر هەموو خەڵکی ئورووپا تاوانباری جەنایی نەبن ڕادەی تاوانی جەنایی بەپێی تێک چڕژانی حەشیمەت لە ناوچەکەدا زۆر زیاتر لە ئێران بێ، کە دەبینین لە ڕاستی‌دا وا نی‌یە. بەڵام لەئێران بەپێچەوانەیەو ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ئامارە ڕەسمییانەی لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی پاراستنی مافی مرۆڤەوە کە هەموو ساڵێ ڕاپۆرتێک لە بەڕێوەچوونی ئێعدامەکان لە ئێران ئامادە دەکەن، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕادەی ئێعدامەکان ساڵ‌بەساڵ ڕوو لە زیادبوونە. ساڵی ٢٠٠٩/٣٨٨ کەس، ساڵی ٢٠١٠/٥٥٣ کەس، ساڵی ٢٠١١/٦٣٤ کەس، ساڵی ٢٠١٢/٥٤٤ کەس ئیعدام کراونو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣هەتا ٤ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ ڕادەی ئێعدامەکان گەیشتۆتە لانی‌کەم ٤٨١کەس کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئەوڕادەیە بریتیە لە ٢٨١ئێعدام کەبەڕێوەچوونو ٢٠٠ کەسی دیکەش هەر ئێستا چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامن.

هەروەک دەبینین ئاڵوگۆڕی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامی‌دا و دەست بەکاربوونی سەرکۆماری نوێ هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی لە بەڕێوەبردنی سزای ئێعدامدا پێک نەهێناوەو زۆربەی زیندانیانی مەحکووم بە ئێعدام لەدادگایەکی دادپەروەرانەدا دادگایی ناکرێنو مەحکووم بوونی ئەو کەسانە زۆرتر لەسەر بنەمای بوختانو تۆمەتی نەسەلمێندراوەو تەنانەت لە هەمووچەشنە کەرەسەیەکی ئازارو ئەشکەنجە لەبواری ڕووحی‌و جەستەیی کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی کەسەکە دان بە تاوانێک دابنێ کە نەی‌کردووەو تەنانەت زۆربەی زۆری ئەو کەسانە لە بوونی پارێزەر بێ‌بەشنو هۆکارو کاتی ئێعدام کردنی خۆشیان نازانن.

ئێستا ئەگەر زۆر بەکورتی سەرنج بدەینە چەند یاسایەکی کۆماری ئیسلامی ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە نادادپەروەری لە حوکمی ئەو ئێعدامانەدا هەیە.

مەجلیسی شورای ئیسلامی دوای چەند ساڵ وەدوا خستنی پەسەندکردنی قانوونی سزادانی ئیسلامی سەرەنجام لە١١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ ئەو قانوونەی پەسند کردو لە ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردانەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ بەشێوەی تاقیکاری بۆ بەڕێوەچوون بە دەوڵەت ڕاگەیەندرا.



یاسای نوێی سزادانی ئیسلامی لە سزای ئێعدامدا هەتا ڕادەیەکی زۆر تەواوی بابەتەکانی قانوونی پێشووی پاراستووەو وا وێ دەچێ لە زۆربەی بابەتەکان‌دا چوارچێوەی سەڵاحییەتی بەربڵاوتر کردوون. لە قانوونی نوێ‌دا هەروەک قانوونی پێشوو بەڕاشکاوی لە مادەی ٢٢٠یدا ئەو بابەتانەی کە قانوون باس لە سزاکانی «حدوود»ی نەکردوە، قازی دەتوانێ ئەسڵی ١٦٧ قانوونی ئەساسی بکاتە بناخە بۆ دانی حوکمو بڕیار.

بە پێی ئەسڵی ١٦٧ی قانوونی ئەساسی: «قازی لەسەریەتی هەوڵ بدا حوکمی هەر دەعوایەک لە قانونی نووسراودا ببینێتەوەو ئەگەر لە قانون‌دا نەنوسرابوو، قازی دەتوانێ بە پاڵپشتی سەرچاوەکانی جێگای باوەڕ لە ئیسلام‌دا یافتوای جێگای ئێعتبار، حوکم لەسەر قەزیەکەیدا، قازی ناتوانێ بە بەهانەی نەبوون یا کەمو کورتی یا دژایەتی قانوونە نووسراوەکان لەگەڵ یەکتر خۆی لە پێ ڕاگەیشتن بەدەعواو دەرکردنی حوکم بپارێزێ.

بەو پێ‌یە ڕوونە کە قازی‌و حاکمە شەرعییەکان لە کۆماری ئیسلامی‌دا، بێجگە لەو بڕگەو مادانەی کە لە یاسای سزادانی ئیسلامی‌دا دەست‌نیشان کراون لە بابەتگەلێکی زۆردا لەسەر ئەساسی شەرعییەتو تێ‌گەیشتنی خۆیان لەمەسەلەکە دەستیان ئاوەڵەیە بۆ دەرکردنی حوکم. ئەوەتا لەقانوونی نوێی سزادانی ئیسلامی‌دا عینوانێکی دیکە بەناوی «بغی» زیادی کردوە کەلە قانوونی پێشوودا نەبوو و ئەو بەشە لەقانوون تەنیا بۆ ئەوە هاتووە کە چوارچێوەی سزای ئێعدام بۆ ئەو کەسانە پەسەند دەکا کەتاوانبارن بە پەرەپێدانی فەساد لەسەر زەوی. مادەی ٢٨٦ لەیاسای سزادانی ئیسلامی نوێ‌دا «فەساد لەسەر زەوی» بەشێوەی خوارەوە پێناسەدەکا: «هەر کەس بەشێوەی بەر بڵاو، تووشی تاوان بەدژی تەواویەتی لەشی مرۆڤەکان، تاوان بەدژی ئەمنییەتی نێوخۆودەرەکیی وڵات، بڵاو کردنەوەی مادەی ژەهراوی‌و میکرۆبی یا دروست کردنی ناوەندەکانی فەسادو لەشفرۆشی یا بەشداری کردن لە ئەوانەو کرداری دیکە کە ببێتە هۆی شێواندنی نەزمی‌گشتی وڵات، بەفەساد لەسەر زەوی دەناسرێنو بەئێعدام مەحکووم دەکرێنو سزادەدرێن.» بەڵام ئەو مادەیە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەئانقەست خۆی لە پێناسەیەکی ڕوون بۆ ئەوانەی لەسەرەوە بەتاوانی داناون خۆی پاراستوەو سنووری بۆدانەناونو وادیارە یاسادانەر ویستوویەتی دەستی دەسەڵاتو قازی لە خوێندنەوەی تاوانو بڕیاردان‌دا ئاوەڵا بهێڵێتەوە. چونکە هەر ئەو ئێعدامانەی ئەو چەندڕۆژەی ڕابردوو لە کوردستان کەبەتۆمەتی شەڕ لە گەڵ خوداو فەساد لەسەر زەوی بەڕێوە چوون دەرخەری ئەو ڕاستی‌یەن، ئەوانەی ئێعدام کراون نە کارێکیان کردبوو کە بە گژ یاساکانی خوادا بچنەوەو نە ئەو فەسادەیان لەسەر زەوی پەرە پێ‌دابوو، تەنانەت دەستیان بەخوێنی کەسیش سوور نەببوو و تەنیاو تەنیا بیرو ئەندیشەیان لەگەڵ بیرو ئەندیشەی کۆماری ئیسلامی جیاواز بوو و داواکاری‌یان ئەوەبوو کەوەک مرۆڤو نەتەوە مافیان بپارێزرێ.

لەمادەی ٢٨٧ لەیاسای سزادانی ئیسلامی نوێ‌دا باس لە ئیستلاحێک دەکا لە ژێر ناوی «باغی» کە ئەو مادەیەش ئەوەندەی دیکە دەستی دەسەڵاتو قازی‌و بەڕێوەبەری حوکمی ئاوەڵەتر دەکا بۆ داسەپاندنی حوکمی زۆرتری ئێعدام بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکو هێنانیان بۆ ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆیانو بەو شێوەیە پێناسەی دەکا: «دەستە یەک کەلەبەرابەری کۆماری ئیسلامی‌دا چەک هەڵبگرن، لەحاڵەتی کەڵک وەرگرتن لەچەک ئەندامانی ئەو دەستەیە بەسزای ئێعدام مەحکووم دەکرێن.» هەر وەکی دیتمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە بەلوچستان ئەو مادەیە دەقاودەق بەڕێوەچوو دوای ئەوە شەڕو پێکدادان لەنێوان تاقمەچەکداری‌یەکی دژبەری کۆماری ئیسلامی‌و هێزەکانی سەر سنووری کۆماری ئیسلامی ڕووی‌داو ١٤ کەس لە هێزەکانی دەوڵەت کوژرانو دەست‌بەجێ دەسەڵاتدارو قازی لە ناوچەکەدا ١٦ زیندانی بەلووچیان لەخەو هەستاندو بێ ئەوە بزانن چی‌ڕووی داوەو لەسەرچی ئێعدام دەکرێن حوکمی ئێعدامیان لەسەر جێ‌بەجێ کردنو تەنیا لەبەر ئەوە کە گوایە ئەوانە ئەندامی ئەو تاقمەچەکدارە بوون.

لە کۆتایی‌دا بۆبەربەرەکانێ لەگەڵ ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی کەبەرگی یاسایی لەبەر کردوە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لەدایکو باوکان ڕا بگرە هەتا مامۆستاو خوێندکارو دوکاندارو بازاڕی‌و پارێزەرو پارلەمانتێر ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان کەبەهەر شێوەیەک کە دەگونجێ ئێعترازو خۆنیشاندان بکەن بەو شەپۆلە ئێعدامانەی کە وەڕێ کەوتوە. هەتا بیروڕای گشتی خەڵک وەجۆشو خرۆش نەکەوێ‌و بەدژی ئەو کردارە نامرۆڤانەیە، کۆماری‌ئیسلامی درێژە بەو سیاسەتەی خۆی دەداو زیاتر هەوڵ دەدا خەڵک چاوترسێن بکا.

# وتوویژ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟!



تەهای ڕەحیمی

بە دوای توندتر بوونی هەوسارەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانو تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکەو تێکچوونی باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سیستمی کۆماری ئیسلامی‌و کارەبەدەستە باڵاکانی سەرەڕای سەرکوتی ناڕازییانو باڵە ڕەخنەگرەکانی بە ناو ئیسلاحتەڵەبی نێوخۆ، ناچار بە پاشەکشە بوو و لە دوایین خولی سەرکۆماری‌دا باندی بنئاژۆخوازو ئوسلگەراو خامنەیی دانی بە سەرکەوتنی بەربژێرێک دانا کە وێدەچی سیاسەتو ڕوانگەی سیاسیی ئەویان زۆر بە دڵ نەبێ. دەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی هیواو تەدبیر، ئاراستەی سیاسەتی دوو فاقیەتی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە دەرەوەو نێوخۆ بە خێرایی بەرەو گۆڕان هەنگاوی ناو و هەرچی ڕوو بە کۆمەڵگەی جیهانی‌و ناوەندەکانی بڕیاردانی توندکردنی گەمارۆکانی سەر ئەو وڵاتە بوو بەرەو نەرمی نواندن (نرمش قهرمانانه!) چوو و لە نێوخۆش جگە لە ئازاد کردنی هێندێک زیندانی سیاسی کە دیارە زۆربەیان گیراوە ناڕازییەکانی دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ و سەر بە نەتەوە باڵادەست بوون چی دیکەی بۆ کەمە نەتەوەکانو بە تایبەت کورد کە ڕێژەی بەشداری‌و دەنگدانی بەو دەوڵەتە بە پێی ئامارەکانی خودی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاتر بوو بە دواوە نەبوو. بەم حاڵەشەوە ئەگەرچی هێشتا زوویە بڕیار لە سەر داهاتووی ئەم دەوڵەتەو ئاسۆی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ڕووحانی بدەین، بەڵام شەپۆلی ئێعدامو ئەمنییەتیتر بوونی کەشی ئێرانو کوردستان جارێکی دیکە هیواکان بەرەو کاڵ بوونەوە دەباو دەوڵەتی ڕووحانی بۆ ڕازی ڕاگرتنی لایەنگرانو بڕوا هێنانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە گۆڕانکاری لە سیاسەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەوە شێلگیرتر بەرەو جێبەجێی داواکانی نێوخۆو دەرەوە هەنگاو بنێ.

ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە کە هەر لە سەرەتاوە بە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانە ڕوانییە چارەسەری کێشەکانی دەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو ئێراق لە شەڕی چەکداری‌و چالاکیی بەرین لە نێو کۆمەڵانی خەڵک کەوتو زیاتر بە دواداچوونی کێشەکانی باندو تاقمەکانی نێو دەسەڵاتی کردوەو جگە لە کاری دیپلۆماسی‌و ڕاگەیاندنو هەروەها هێندێک کاری تەشکیلاتی‌و ڕێکخستن (کە ئەمیش زیاتر لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە) جگە لە ڕەخنە گرتنو هێنانە ژێر پرسیاری کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی کردەیی بۆ بەرەو پێش بردنی بوارەکانی ژیانو گۆڕینی باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵکو کۆمەڵگەی ئێران نەهێناوەتەوە گۆڕ. ئێستاش هەوڵ دەدا خۆی دەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیە بگونجێنێ.

هەر لەم سۆنگەیەدا هێندێک لە هێزە کوردییەکانیش ئەم ماوەیە بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەنووکەیی باس لە دیالۆگ و وتوویژ دەگەڵ دەوڵەتی ڕووحانی دەکەنو هەر کامەی بە جیا لە لێدوانو ڕاگەیاندنی جیاوازدا ئامادەیی خۆیان بۆ وتوویژ لە سەر داخوازی‌و ویستەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕن.

ئەگەرچی دەکرێ بڵێین ئامادەیی بزاڤی کوردی لە ڕۆژهەڵات هەر لە سەرەتاوەش بێبەرێ نەبووە لەم گوتارو دیسکۆرسە، بەڵام بە هۆی مل نەدانی کۆماری ئیسلامی بە داخوازیی ئۆپۆزیسیۆنو هەروەها تیرۆری سەرکردە کاریزماتیکەکانی بزاڤ لە ڕێگەی دیالۆگو دانوستانی ئاشتیخوازانەدا ئەم شێوازە لە خەبات وەستابوو، بەڵام دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات، حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) زووتر و ماوەیەک دوای هەڵبژاردنی ٨٨ەوە لە زمانی سکرتێری گشتییەوە لە وتوویژێکی ڕۆژنامەنووسی‌دا ئامادەیی حیزبەکەی بۆ وتوویژ ڕاگەیاند، ئەم حیزبە لەو دەگمەن پارتانە بوو کە بە ئیتلاف دەگەڵ هێندێک لایەنی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن، خولی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێرانی بایکۆت نەکردو بەم جۆرە نیشانی‌دا کە ئامادەیە بۆ خەبات لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران‌دا. بەڵام دەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ڕووحانی، لەنێو قسەوباسی هێندێک لە ڕێبەرانی حیزبەکان‌دا ئەم باسە کرایەوە. هەروەک باسکرا کورد چ لە ئێران و هەموو پارچەکانی دیکەش لەمێژ ساڵانە ڕایگەیاندوە چارەسەری کێشەکەی، پێویستی بە ڕێگەچارەی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەیەو هەر لە بنەڕەتیشەوە هەوڵی داوە خەباتی نەرمو دیموکراسیخوازانە بگرێتە بەر. بەڵام ئاکارو کرداری داگیرکەرانەی دەسەڵاتی ئێران، بووەتە هۆی ئەوەی بۆ بەرگری لە خۆی دەست بۆ چەک بەرێ‌و نکۆڵی لە ئاشتیخوازانە بوونی خەباتی ڕەوای کورد ناکرێ و هەروەها تێچووی گیانی بەرزی ئەم نەتەوەیە لە ڕێگەیەدا ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ.

بەڵام لە ڕۆژهەڵات، لە دێر زەمانە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەستیان لە چاکسازی نێوخۆیی ئێران و ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شتۆتەوە و درووشمی ڕووخانی ئەم سیستمەیان وەک بە بنەمایەک بۆ خەباتو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کورد پاراستوە.

وەرگرتوە. ئەوەی لەم نێوەدا جێی هەڵوێستە کردنە ئەمەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەم جۆرەی مڵ بۆ داواکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ڕادەکێشێ، لە کێشەکانی لە سەر وزەی ناوکی بۆ ڕۆژاوا دادەبەزێ، بڵێی هەر ئاواش ئاوڕ لە داوای خەڵکی ئێرانو کەمە نەتەوەکان بە تایبەت کورد بداتەوە. یان ئەوەی ئایا کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتو هێزەکانی ئەوەندە خاوەن قورسایی‌و کاریگەرن کە دەسەڵاتی تاران ناچار بێ لە ئاستی‌دا پاشەکشە بکاو گوێ لە داواکانی بگرێ؟ ئایا پرۆسەی ئاشتی‌و دانوستان دەگەڵ دوژمنێکی سی و چەند ساڵە هێند سووک و ئاسانە کە حیزبەکانی لە تاراوگەوە بتوانن کانالیزەی بکەنو بە ئاکامی بگەیەنن. یان ئەو حیزبانە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەندە خاوەنی جێگەو پێگەیەکی قورس و کاریگەرن کە بە بێ هیچ کارتێکی گوشار کۆماری ئیسلامی ناچار بە کۆتایی هێنان بە سێ دەیە سەرکوت و چەوسانەوە و دوژمنایەتی بکەن؟ یان ئایا پرۆژەی ئاشتی، ئەویش ئاشتیی نێوان نەتەوەیەکی چەوساوەو حکوومەتو سیستمێکی باڵادەستی دیکتاتۆر هێند سووکو ئاسانە کە حیزب و لایەنێک بە تەنێ بیەوێ بەڕێوەی بەرێ؟ ئەم پرۆژەیەو ئەکتەرەکانی هێند پرسیار هەڵدەگرن کە پێڕاگەیشتنیان دژوارە.

ئێمەی کوردو هێزەکانمان دەبێ بێنە سەر ئەو بڕوایەی کە هیچمان بە تەنیا نوێنەری گشتیی خەڵک لە ڕۆژهەڵات نینو هیچ لایەنێکیشمان توانای بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە قورسەمان نییە کە چارەنووسی گەلێکی زیاتر لە دە میلیۆنی بۆ داهاتوو دیاری دەکا. هەروها دەبێ ئەوەش بزانین کە کۆماری ئیسلامی بە پێی داکشان و هەڵکشانی (دماسنج) ی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان یاری پاشەکشەو مل بۆ داواکانی کۆمەڵگەی جیهانی ڕادەکێشێ، یان باشتر بڵێین ئەوە گوشار و هێزی نێودەوڵەتی‌و بە تایبەت ڕۆژاوا ئەمریکایە کە جامی ژەهر بە لێوی ویلایەتی فەقیهەوە دەنێ. کەواتە هێزە کوردییەکان سەرەڕای شێلگیر بوونیان لە سەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسەکە نابێ لە داوی نەرمی نواندنەکانی ئەم سیستمە بکەوێ. هەروەک پێشتر لە سەر دەستی حیزبی دیموکرات و بە تێچووی گیانی گەورەپیاوانی نرخی بۆ داوە. گەلی کورد دەبێ هەوڵ بدا لەم هەلە و ئەم دیسکۆرسەی دەوڵەتی ڕووحانی ئەوپەڕی کەڵک وەرگرێ و هەموو میتۆدو ڕێگەکانی گەیشتنو نزیکبوونەوە لە داخوازییەکانی بەکار بێنێ‌و لە پێش هەموو شتێکدا بیر لە یەکخستنی ڕیزەکانی‌و پاشان ئاشتیی نیشتمانی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکاتەوە جائەوجار بە یەکگرتوویی‌و یەکڕیزی بیر لەو کارتە گوشارانە بکاتەوە کە بۆی هەڵدەسووڕێ، لە دژی حکوومەت بەکاریان بێنێ تا حکوومەت ناچار بێ ئاوڕ لە خواستەکانی بداتەوە.

پارتو لایەنە کوردییەکان دەبێ بە کردەوە هەنگاو بۆ پتەو کردنی ڕیزەکانی خۆیان هەڵبگرن و دەست بدەنە دەستی یەک و بیر لەوە بکەنەوە کە بە یەکبوون و قورسایی تەواو دەتوانن ئەو گوشارە بن کە تاران گوێیان لێ بگرێ. ئەگینا بێ پلاتفۆرمێکی دیاریکراو کە داخوازیی هەموو ڕەوت و لایەن و چینەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات تێی‌دا ڕەنگ بداتەوە، ئەگەر هەر لایەنەی بە ڕوانگەو تێڕوانینی خۆی بەرەورووی دەوڵەتی ناوەندی بێتەوە نەک قوورسایی کورد دەرناخا بەڵکوو زیاتر پەرتەوازەیی و لێک بڵاوی بزاڤی کورد نیشان دەدا. هەروەها هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد بە تولێرانسو پێکەوە هەڵکردنێکی دیموکراتیکانەو قبووڵی داواو ڕاو بۆچوونەکانی یەکتری دەبێ ئەو گرەنتییەش بە خەڵکی ڕۆژهەڵات بدەن کە لە داهاتوودا توانای پراکتیزەی بیری دیموکراسیان لەم پارچەیەی کوردستان‌دا هەیەو هەڵەکانی ڕابردووی کورد چ لەم پارچەیە و پارچەکانی دیکەش دووپات ناکەنەوە.

ئەگەر گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە رابردوو و مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن‌و هەست بە سەربەرزی و سەرفرازی دەکەن لە سایەی فیداکاری‌و خۆبەختکردنی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە.

برایم چووکەڵی

ڕۆژئاوای کوردستان یان باشترە بلێین دڵی سووریە،ناوەندی ئابووری‌و گەشەی سووریەیە، هەم لە ڕووی بەرهەمی کشتوکاڵی، ئاوی خواردنەوە، ئاو بۆ کشتوکاڵ‌و هەمیش لە ڕووی کانگاکانی وەک گاز و نەوت.

ئاگری باڵەکی

# هەڵوەرینی گوڵێک لە باخچەی فەرماندەران‌دا

## لە یادی ٣٠ساڵەی شەهیدبوونی عوسمانی دادخا



برایم چووکەڵی

ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە پێموانیە لەو جیهانە پانوبەرینەدا دەسەڵاتدارە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان و داروودەستەکەیانی لێدەرچن، هیچ کەس هەبێ کە حەز لە شەڕ و کوشتوکوشتار بکا. مرۆڤی کوردیش وەک هەموو ئادەمیزادێکی ئاشتیخوازی دیکە قەتی شەڕ و خوێنڕشتن پێخۆش نەبووە، بەڵام مەخابن دایم بە سەریان دا سەپاندوە، ناچاریان کردوە بۆ مانی خۆی دەست بۆ چەک بەرێ و بەرگری لە خۆی بکا. لەو ڕێگایەش دا بەشێکی زۆر لە باشترین ڕۆڵەکانی بوونەتە قوربانی شەڕ. مێژووی کوردان پڕە لە نموونەی ئەوتۆ. یەکێک لەو کەسایەتییە بەنرخانەی کوردستان، ٣٠ ساڵ لەمەوبەر کە شەڕی داسەپاو گیانی لێ‌سەند عوسمان دادخایە.

عوسمان دادخا زورجار دەچووە گوندەکان و لاوانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوەو قسەی بۆ دەکردن. ئەو دەیگوت» غەدرلێکراوانی گۆی زەوی لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی‌دا لە پێناوی دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان واتە ڕزگاریی نیشتمان‌و دابین بوونی ئازادی‌و بە ئازادی ژیان ، باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی. تەنانەت چەند جار دووبارەی دەکردەوە کە ئەگەر گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە رابردوو و مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن‌و هەست بە سەربەرزی و سەرفرازی دەکەن لە سایەی فیداکاری‌و خۆبەختکردنی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە. هەر بۆیەش عوسمان قۆڵی لی هەڵماڵیبوو کە وڵاتەکەی ئازادیی هەبێ. لەم ڕێگایەش‌دا یا سەر دەکەوێ یا سەردادەنێ.

عوسمان دادخا ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕو زەحمەتکێشی گوندی عەمبارسەر بە ناوچەی« ئەحمەدی کۆڕی» بۆکان لەدایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کراوەو پۆلەکانی سەرەتایی و ناوەندی‌و دواناوەندییشی بە سەرکەوتوویی کرد. کاتێک خۆپیشاندانەکان لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد عوسمان بە چاوو گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا بەشداریی کردو ڕۆڵی بەرچاوو سەرەکیی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان‌دا هەبوو. هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ دیپلۆمی وەرگرت.

بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات‌و دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی لە شاری بۆکان، عوسمان پێوەندیی بە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە دەگرێ‌و وەک لاوێکی ئاگا و شۆڕشگێڕ تێکۆشانی خۆی دەست پێ‌دەکا. لە زۆربەی مەئمووریەتەکانی یەکیەتیی لاوان‌دا بەشداری کردوە. عوسمان لە ماوەیەکی کورت دا ئەوەندەی لێهاتوویی و دڵسۆزی لە خۆی نیشان دابوو کە بتوانێ ساڵی ١٣٥٩ لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان بە ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرێ. دوای هەڵبژێرانی لە بەشی کۆمەڵایەتیی ئەو کومیتەیەدا کاری پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا کە بۆکان لە دەستی هێزەی پێشمەگە دابوو عوسمان بەوپەڕی تواناوە هەوڵی دەدا گیروگرفتەکانی خەڵکی چارەسەر بکا. هەر بۆیە لەم بوارەش دا توانی متمانە و ڕێزو خۆشەویستیی خەڵک و هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. ئەگەرچی

عوسمان کادری سیاسی بوو، بەڵام هەرکات شەڕ لە نێوان هێزی ڕێژیم و پێشمەرگە دا رووی دەدا زۆر زوو خۆی دەگەیاندە بەرەکانی شەڕو شان بەشانی پێشمەرگە لە دژی هێزی سەرکوتکەر شەڕی دەکرد.



هەست کردن بە مەسئولییەت، بردنەسەری ئاگایی سیاسی، خاکی وخەڵکی بوون، بوێری و سەراحەت قسەکردن، لەسەرەخۆو ڕەوشت بەرزی، فیربوون و فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوون.

به دەست پێکردنی هێرش بۆ سەر شاری بۆکان لە سەر داخوازیی خۆی چووە نێو هێزی پێشمەرگەو لە هێزی بەیان سازمان درا. عوسمان ڕۆڵەیەکی ئازاو تێکۆشەر بوو، بە چەشنێک کە لە ماوەیەکی کورت‌دا جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوە. لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کرد. ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو. ئازایەتی‌و فیداکاری عوسمان بوو بە هۆی سەرپەلی پەڵک لە هێزی پێشمەرگە. لەو بەرپرسیاریەتیەشدا سەلماندی کە لێوەشاوەیی ئەو پۆستەی هەیە. بە سەرپەلیی عوسمان چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بەڕێوە چوون. لێهاتوویی، فیداکاری‌و ئازایەتیی عوسمان بوو بە هۆی ئەوە کە دواتر وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی بەیان دیاری بکرێ. ئەو لە شکاندنی ستوونی ٨٠١ی شیراز، شەڕە حەماسییەکانی نێو شاری بۆکان، شەڕی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، گرتنی مۆڵگەی قۆچاغو شەڕی شاریکەندو چەندین شەڕی گەورەو بچووکی دیکە دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. لەشەر لەگەڵ هێزەکانی دوژمن چەند جار بریندار بوو بە تایبەتی لە نێو شاری بۆکان کە برینداریش بوو سەنگەری چۆڵ نەکرد.

ئەو لە بواری سیاسییش دا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پلەی زانیاری خۆی بەرەو سەر دەبردو هەوڵیشی دەدا چەندی لە توانای دایە لە بارهێنانی سیاسیی هاوڕێیانی‌دا نەخشی هەبێ.

عوسمان دادخا بەهۆی لێوەشاوەیی لە بەهاری ١٣٦٢ دا بوو بە جێگری هێزی هەژار سەر بە دەفتەری سیاسی. لەو پۆستەش دا دڵسۆزی و لێوەشاوەیی خۆی وەک پێشوو نیشان دایەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەو ناسینەوە و متمانەیە کە لەسەر عوسمانی دادخای وەدەستی هێنابوو سەرەنجام دوای شەهید بوونی فەرماندەری قارەمان ئێقبالی کەرێم نەژاد بە فەرماندەری هێزی شەریفزادەی دیاری کرد. کاتێک حوکمی فەرماندەریی هیزی شەهید شەریفزادەی وەرگرت و بەرەو ناوچەی سنە وەڕێکەوت، هەستی بەبەرپرسیارەتییەکی زۆرتر دەکرد. هەرچەند شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوو، بەڵام قۆڵی لێ هەڵمالی چونکە بە باشی دەیزانی چ بەرپرسایەتییەکی گەورەی کەوتۆتە سەرشان. عوسمان هەوڵی‌دا لەو مەیدانە نوێیەش‌دا لێهاتوویی و قارەمانەتیی خۆی نیشان بداتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو دەرفەتەی دەست نەکەوت.

تازە ٢ مانگ لە تێکۆشانی عوسمان دادخا لە هێزی شەریفزادە تێدەپەڕی کە ڕۆژی ١٨ی خەزەڵوەر عوسمان دادخا لەگەڵ ٦ کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پێگەو دامەزراوەکانی ڕێژیم دەچنە ناوچەی حوسێناوای سنە. لە گەڕانەوەدا شەویان بەسەردادێ‌و لە گوندی «کێلەچەرموو» دەمێننەوە. بە هۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن هەست بەبوونیان لەو گوندە دەکاو سەعات ٣ی نیوەشەوی ١٩ی خەزەڵوەر دەوری ئەو گوندەو بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان دەدەن و هەوڵ دەدەن کە بەدیلیان بگرن. بەڵام هاوڕێکانی لە سەروان ئێقبال کەریم نەژاد فێر ببوون کە خۆڕاگر بن، بۆیە سەنگەر لە دوژمن دەگرن‌و شەڕێکی نابەرانبەر دەست پێ دەکا. پاش سەعات‌و نیوێک شەڕی دەستەو یەخە بەداخەوە عوسمانی‌دادخا فەرماندەری هیزی شەریفزادە لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: سەید ئەمیری عەبدی فەرماندە لک، محمد رەحیمی جێگری لک، سەید خالید حوسێنی سەرپەل، سمایل ناسری پێشمەرگەی ئەرکانی هێز، وەستا ساڵح ناسری و محەممەد ساڵح تەهماسبی پیشمەرگە شەهید بوون‌و ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد. هەرچەند شەهیدبوونی بەدوای یەکی دوو فەرماندە لە ماوەی سێ مانگ بەتایبەت بۆ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە داخێکی زۆر گران بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەی سنە نەک وەرەیان بەرنەدا بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی ئازایانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە بردو یادی فەرماندە شەهیدەکانیان هەمیشە زیندوو ڕاگرت.

# دیوەکەی تری ڕۆژئاوای کوردستان

## ڕۆژئاوای کوردستان ناوچەیەکی جێی ناکۆکی کوردو ناوچەی دۆستایەتی کورد و عەرەب



ئاگری باڵەکی

ڕاپەڕین لە دژی ڕێژیمی سووریا لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە (کوردستانی سووریە)ەوە دەستی پێکردو دواتر هەموو سووریای گرتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک شۆڕش لەشارە کوردییەکانی سووریە دادامرکایەوە و هێزە چەکدارە کوردییەکان جێگای هێزەکانی حکوومەتی سووریەیان گرتەوە. ئەم جێ گۆڕکێ خێرایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی سووریە بەبێ هیچ بەربەرەکانییەک خاکی ڕۆژئاوای بۆ کوردان چۆل کرد. ئەم چۆڵکردنە لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، کە لێرەدا جێگای باسی ئەم وتارە نیە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، ڕۆژئاوای کوردستان کە شارەگی ئابووری سووریەیە، چۆن و لەبەر چی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ناوچەیەکی ئاوا گرینگی بەجێ‌هێشت، ئەوە جێگای پرسیارە کە ڕەنگە لە داهاتوودا وەڵامی ئەو پرسیارە روون بێتەوە. بەڵام بە لێ وردبوونەوە لە ئابووری ناوچە کوردنشینەکانی سووریە دەبینین کە ئەو ناوچانە، ناوچەیەک نین کە حکوومەتی سووریە ئاوا بە ئاسانی دەستیان لێ‌هەڵبگرێ. لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر ئەوەی کە بۆچی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ حکوومەتی سووریە و ناوچەکە گرینگە.

ڕۆژئاوای کوردستان یان باشترە بلێین دڵی سووریە،ناوەندی ئابووری‌و گەشەی سووریەیە، هەم لە ڕووی بەرهەمی کشتوکاڵی، ئاوی خواردنەوە، ئاو بۆ کشتوکاڵ‌و هەمیش لە ڕووی کانگاکانی وەک گاز و نەوت.

تا چەند ساڵ لەمەوبەر زانیاریەکی ئەوتۆ لە سەر ژیان‌و ژمارە و هەڵکەوتەی کوردانی ڕۆژئاوا بە ڕوونی نەزانراوە، هەروەها بە هۆی سیستەم و دەسەڵاتی وڵاتی سووریە و بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتە، کورد لەو وڵاتە لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بێبەش بووە و وەک هاوڵاتی پلە دوو حیسابیان بۆ کراوە، تەنانەت دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە دانی ناسنامەش بە کوردان خۆی پارستوە.

ئەو ناوچەیەی کە ڕۆژئاوای کوردستان (سووریە) تێی‌دا هەڵکەوتووە بە ناوچەی جەزیرە بەناوبانگە. ڕۆژئاوای کوردستان کەوتۆتە باکووری وڵاتی سووریە و هاوسنوورە لەگەڵ باکووری کوردستان (تورکیە). بەپێی ئامارەکانی ناوەندی جیهانیی ئامار ڕووبەری کوردستانی سووریە نزیک بە ٢٤ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە کە دوو بەرامبەری وڵاتی لوبنانە. هەروەها بەپێی ئامارە نافەرمیەکان ژمارەی دانیشتوانی ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە کە دەکاتە ١٦٪ لە دانیشتوانی سووریە. ئەگەر چاوێک بە ئاماری وڵاتی سووریە پێش ڕاپەڕین‌دا بخشێنین ژمارەی کوردەکانی لە نیوان میلیۆن‌و نیوێک تا ٢ میلیۆن کەس داناوە، لێردا دەتوانین بلێین حکوومەتی سووریە بە چەندین جۆر کوردەکانی ئەم وڵاتەی چەوساندۆتەوە هەم لە ڕووی نەتەوە و هەمیش لەڕووی ئایین و ئابوورەیەوە و هەمیش لە ڕووی ڕێژەی حەشیمەتەوە.

### ئابوری ڕۆژئاوای کوردستان

### نەوت وگاز

ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر هەمان هێلی ژێرزەوی نەوت هەڵکەوتووە کە لە باشووری کوردستانەوە دەست پێ‌دەکا و لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆتایی پێ دێ. چاڵە نەوتەکانی سووریە بەشی زۆریان دەکەونە ڕۆژئاوای کوردستان کە بە ٧٠٪ خەملێنراوە . بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی خاوی ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕۆژێکدا ٢٥٠ هەزار بۆشکەیە. هەروەها بە ڕێژەیەکی بەرچاو گازی سروشتی بەرهەم دەهێنرێ کە بە ٢٠٠ هەزار مەتر سێ‌جا گاز لە ڕۆژێکدا خەملێنراوە.

بەرهەمی ئەو چاڵە نەوتییانە بۆ فرۆش بەهۆی لوولە دەگەیەنرێنە سەر دەریای ناوەڕاست . لەکاتی ئێستادا کوردەکان و حکوومەتی سووریە پێکەوە بەسەر چاڵە نەوتەکان رادەگەن.

بەپێی نرخی نەوتی ئێستا لە بازارە جیهانییەکان‌دا ڕۆژئاوای کوردستان دەتوانێ ساڵانە بە ڕێژەی ٩ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلار نەوت هەناردەی دەروە بکرێ کە ئەو ڕێژەیە نیوەی بودجەی وڵاتی سووریایە لە ساڵێکدا.

### کشتوکاڵ

ڕۆژئاوای کوردستان بۆ کشتوکاڵ ناوچەیەکی بە پیتە. ئامارەکان نیشان دەدەن کە ٧٥٪ لە خاکی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ کشتوکاڵ دەبێ. ئەو ڕێژەیە دەکاتە ١٨ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە.

بەرهەمی دانەوێلەی (گەنم و جۆ) ١ میلیۆن و نیو تۆنە لە ساڵیکدا، کە دەکاتە ٣٧٪ لە بەرهەمی سووریە، لە بەرامبەردا داهاتی گەنم لە ساڵێکدا نزیک بە ٣٧٢ میلیۆن دۆلارە.

بەرهەمێکی دیکە لۆکەیە کە ساڵانە ٢٧٣ هەزار تۆن بەرهەم دێ، کە دەکاتە ٣٩٪ بەرهەمی سووریە. داهاتی ساڵانەی لۆکە دەگاتە ٢٣٠ میلیۆن دۆلار. لەگەڵ ئەوەش‌دا ڕۆژئاوای کوردستان بە بەرهەمهێنانی زەیتون بەناوبانگە کە بە پێی ئامارەکان ١٥ میلیۆن داری زەیتون دەکەوێتە نێو خاکی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، کە دەکاتە ٢٥٪ لە دارە زەیتونەکانی سووریە. فرۆشی ساڵانەی زەیتون لە ڕۆژئاوای کوردستان دەگاتە ٧٥٠میلیۆن دۆلار کە بەراورد لەگەڵ زۆر وڵاتان ڕێژیەکی زۆرە.

بەپێ ئەو ئامارانەی سەرەوە ٤٥٪ خاکی کشتوکاڵیی سووریە دەکەوێتە خاکی ڕۆژئاوای کوردستان.

### ئاو

لەگەڵ ئەوەش‌دا ڕۆژئاوای کوردستان بەوە گرەوی خۆی بردۆتەوە کە ناوچەیەکە ئاوێکی زۆری تێدایە. لەناو خاکی ڕۆژئاوای کوردستان ١٠ بەنداوی ئاوی هەیە کە ٣٠٠ میلیۆن میتر چوارگۆشەی ئاویان لە خۆیان‌دا گل داوەتەوە، هەروەها ٨ ڕووبار هەیە کە دیجلە گەورەترینیانە.

بەپێی ئەو ئامارانە داهاتی ساڵانەی ڕۆژئاوای کوردستان لە ساڵێکدا نزیک بە ١١ میلیار دۆلارە کە دەکاتە نیوەی داهاتی سووریە.

پاش زانینی ئەم ئامارانە، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆژئاوای کوردستان بۆچی گرینگە. لە ئێستادا کە بە هەر هۆکارێک بێ هێزەکانی بەشار ئەسەد ئەو ناوچەیان چۆڵ کردوە و هێزەکوردییەکان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان بە دەستەوە گرتوە. هێزە کوردییەکانیش بە هەست کردن بە گرنگیی هەلومەرجە سیاسییەکە و لە هەمان حاڵدا فاکتەری گرنگی ئابووری لە هەوڵی پارستنی ئەو دەسکەوتانەدا بن و بە یەکریزی خۆیان دەسەڵاتی کوردی بەهێز بکەن بۆ ئەوە لە داهاتووی دەسەڵاتی سیاسیی سووریەدا چ بە بوونی مانەوەی حیزبی بەعس یا هاتنەسەرکاری ئۆپۆزیسیۆنی سووریە وەک فاکتەرێکی بەهێز و حاشاهەڵنەگر لە ناوچەکەدا حیسابی بۆ بکرێ و لە دەسەڵاتدا خۆی ببینێتەوە.

کەڵک وەرگیراوە لە:
١ـ ڕاپۆرتی کەناڵی ئەلعەرەبیە
http://www.alarabiya.net/
٢ـ ڕاپۆرتی کەناڵی بی بی سی و ڕوداو لە سەر وەزعی ئابوری ڕۆژئاوا
٣ـ ویکیپیدیای ئازاد

**پێداگریی میل لەسەر گەڕانی تاک بەدوای ڕەزامەندیی خۆیدا وا دەکا کە تاک خۆی بەشێوەیەکی سوودمەندو گشت بینانە پەروەردە بکا. بەمجۆرە دەتوانێ کامڵ ببێو پەی بە تێکڕای تواناکانی خۆی بەرێ. ئەمەش هەر بۆ خۆی تۆزێک گەشبینانەیە. بێگومان خوێندنەوەکەی میل بواری بۆ ئەم خۆشبینییە خۆش کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ وا دەبێ یان نا، بابەتێکی دیکەیە. دەروونناسی ئێمە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ، هەمیشە بەرەو خۆشیو ڕووناکیمان نابا.**

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

**(٥-٧)**

ن: پاڵ ستراتێرن

و:مادح ئەحمەدی

میل ئاگاداری بەڵگەکەی هیومە و دەیەوێ لێی دەرباز بێ. ئەو لە بەڵگاندنەکەیدا جێ بۆ هیچ «دەبێ»یەک ناکاتەوە کە پێشان تەنیا «هەیە»ی تێدا بووە. لە باتی ئەوە ڕاستییەکی ڕۆحی دەخاتە بەرچاو. لێرەدا جێی خۆیەتی کە کاکڵەی پرەنسیپگەلی سوودگەرایانەی بێنتام کە هێشتا میل پابەند بوو پێیان، وەک خۆیان بنووسینەوە: «سروشت مرۆڤی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی دوو سەروەری دەرد و چێژەوە. تەنیا ئەمانن کە پێمان دەڵێن، دەبێ چ بکەینو هەروەها ئەوەش دیاری دەکەن کە لە داهاتوودا چ دەکەین... پێوەری ڕاستو ناڕاست گرێدراوی باڵادەستیی هەر یەک لەمانەیە. ئەمان بەسەر تێکڕای بیرو کردارماندا زاڵن. هەر بزاوێک کە بۆ داماڵینی کۆتوبەندی دەستو پێمان دەیدەین، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ سەلماندنو پشتڕاستکردنەوەی... بنەمای سوودگەرایی.» میل ئەمە دەسەلمێنێو دەڵێ:» من سوود، لە هەر پرسێکی ئەخلاقیدا، بە یەکلاکەرەوە دەزانم.»

هەر لە سەرەتاوە ڕووی دەمی هیوم لە بەڵگاندنی سوودگەراییە. بنەمای سوود بێگومان خەتابارە:» ئەوەی دەمانەوێ ئەنجامی بدەین چێژە، چێژە کە دەبێ ئەنجامی بدەین.» هەنگاوی دواتریش خەتابارە: دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندی لە «دابینکردنی زۆرترین چێژ بۆ زۆرینەی خەڵک»ە. بەم پێیە دەبێ بەدوای «دابینکردنی ئەوپەڕی چێژ بۆ زۆرینەی خەڵک»ەوە بین. بەو حاڵەش میلو بێنتام هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە لەڕێی ڕاستییەکی دەروونناسییەوە، وەڵامی بەڵگاندنە فەلسەفییە رووتەکەی هیومیان داوەتەوە. بەپێی ئەم هەیە دەجووڵێنەوەو بەم شێوەیە دەبێ بجووڵێنەوە. ڕاستییە دەروونییەکە نەک هەر بوو بە ئەرکێکی ئەخلاقی، بەڵکوو ئەم دووە (هەیەو دەبێ) مەحاڵ بوو دابەش بکرێن.

بەڵگاندنی سوودگەرایانە لە ڕوانگەی ئێمەوە لە سەدەی بیستویەکدا بەڵگەنەویستە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە سەردەمی سوودگەراییدا دەژین. بەڵگاندنەکەی بێنتامو پەرەپێدانی لە لایەن میلەوە، تا دەهات لایەنگری زۆرتری بۆ پەیدا دەبوو، تاکو ئەوپەڕی چێژی بۆ زۆرینەی خەڵک دابین کرد. لە سەدەی بیستەمدا هەوڵ دەدرا حاشا لەوە بکرێ کەوا ئەم پرەنسیپە کارەساتی لێکەوتۆتەوە. تەنانەت لەو چەند حاڵەتە دەگمەنەشدا کەوا لەم پێناوەدا هەوڵیان دا، خەتابارەکان ناچار بوون وابنوێنن کەهەر بە پێی ئەو پرەنسیپە جووڵاونەتەوە. کۆمۆنیزم لە تیۆریدا لایەنگری ئەمە بوو، هەروەک چۆن لە لافیتەگەلی مەزنی گەورەتر لە قەبارەی سروشتیی خۆی پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا، ئەم پێی وا بوو، هەلی دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی هەمووان لە داهاتوودا دەڕەخسێ. فاشیزم لە تیۆریدا پشتی بە فۆرمێکی سنووردراری ڕەگەزپەرەستانەی سوودگەرایی بەست: ڕەزامەندیی نەژادی بەرزتری جیهانگیر بوو. ئەمانە هەر دووکیان (کۆمۆنیزم و فاشیزم) کۆپی و لاساکردنەوەی بنەمای لیبراڵی میل بوون.

سوودگەرایی لیبراڵ، بەو شێوەیە کەوا میل دای ڕشت، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەگەڵ کرانەوەی فەزاو زیاتر بوونی ئازادی برەوی زۆرتری پەیدا دەکرد، بەچەشنێک کە بنەمای سوود ئێستاکە بووەتە بنەمایەکی دەستووری لە سەرجەم مۆدێلی دیموکراسیگەلی ئازادی ڕۆژئاوادا. هیچ کاربەدەستێک تەنانەت بیر لە دژایەتیکردنیشی ناکاتەوە. تەنانەت تەئکیدیش لەسەر چەسپاندنی پتری ئەم پرەنسیپە، لەژێر ناوی چاکەی گشتیدا دەکرێتەوەو مەبەست لێشی چێژو ڕەزامەندیی ئایندەیە.

بەڵام هەر بەراست ئەم چێژە چیە؟ چی دەبێتە هۆی ڕەزامەندیی ئێمە؟ میل لە سەرەتاوە دەیزانی کە کێشەکە هەر ئەمەیە. میل زانیی کە «سوودمەندی» یان چێژ بەگوێرەی پرەنسیپەکەی بێنتام زۆر بەرتەسک و داخراوە. بێنتام ئاوا سوودی پێناسە کردبوو:» (سوود) بریتییە لەو کوالیتییەی کە لە هەرشتێک دایەو سوودێک، ئیمتیازێک، چێژێک، چاکەیەک، یان سەروەرییەک... یان... ی لێ شین دەبێو




دەبێتە کۆسپ لە بەردەم چارەڕەشی، ڕەنج، خراپە، یان ناڕەزامەندییەکدا.» ئەمە ڕەنگە زۆر گشتی بنوێنێ، بەڵام کاتێکە ئەم حیسابی چێژەی ناوبراو، پراکتیزە دەکرا، زۆر سەیر سادەو سەرەتایی دەنواند. حیساب دەکرا چەندایەتیی پێی لێک بدرێتەوە، بەڵام بۆ پێوانی لایەنی چۆنایەتی کۆڵەوار بوو. بەکردەکیش وا دەرچوو. سوودەکەی بێنتام تاکو ڕادەیەکی زۆر تەنیا لە نزمترین ئاستی چێژگەرایانە دایە.

لە لایەکی دیکەوە، پێناسەکەی میل چەمکی چۆنایەتیو پێشکەوتن لە بەرچاو دەگرێ:» دەبێ بەپێی بەرینترین پێناسە، سوود ببێتە بنەمای خێرو بەرژەوەندیی بەردەوامی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێشکەوتوو.» خاڵێک کە لە هەناوی ئەم بۆچوونە لەمەڕ ڕەزامەندیدا، خۆی حەشار داوە بریتییە لە تێرمی باشترکردنی کاروبار. میل لێرەدا هاودەنگە لەگەڵ نوێترین ئەندێشەی سەردەمی خۆیدا. ڕێک دوو ساڵ پێش بڵاوکردنەوەی سوودگەرایی، داروین کتێبی «بنەمای جۆرەکان»ی بڵاو کردبووەوە. بۆچوونەکانی میل لە مەڕ پێشکەوتن لەگەڵ پرسی تەکامولدا ناکۆک نەبوو، بەڵام زۆر بەتوندی لە ڕوانگەی «هەیە \ دەبێ»ی هیومدا تێک دەگیرا. (پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگە قازانجی هەیە، ئێمە دەبێ بۆ پێشکەوتن تێبکۆشین.) ئەمەش لەپراتیکدا بێ عەیب دیار بوو. وا دەرناکەوێ کە کێشەیەکی هەبێ. چەمکی پێشکەوتنی مرۆڤ، وەک چێژ، بە تەواوەتی قبووڵ دەکرا. ئەمەش لە چەرخی سوودگەرای ئێمەدا وەک دەستوور سەیر دەکرێ. (تەنانەت حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکانش پێیان باشە بەبیانووی لایەنگری لە پێشکەوتنەوە چاپۆشی لە پێناسەکەی خۆیان بکەن.)

میل دووپاتی دەکاتەوە کە بایەخی هەموو چێژەکان وەک یەک نیە. ڕەزامەندیی ڕاستەقینە بەرهەمی چێژی بەرزتری «کامڵبوونی ڕۆحی»یە. کاتێک بەکردەیی سەرکەوتووتر دەبین کە ناڕاستەوخۆ مەبەستمان گەیشتن بە ڕەزامەندی بێ. ناوبراو لەسەر کاریگەریی هەقیقەتو جوانی پێ دادەگرێ. ئەمانە پێویستیان بە پەروەردە کردن و هەستەوەرییە. زانایی‌و هەروەها ئەزموون دەبنە هۆی تێگەیشتنی قووڵتر لە ڕەزامەندی. بەم پێیە سوودگەرایی میل دەکەوێتە سەرووی تاوتوێکردنی چێژخوازی کە لە نزمترین ئاست دایە. بەڵام ئەمە زۆر زیاتر لە تایبەتمەندیی بژاردەسالاریی دەگرێتەوە. تەنانەت بێنتامی حیسابکەر بوو، دانی بەوەدا نابوو کە هەندێ جار مرۆڤ دەتوانێ بە کارێکی زۆر سادە وەک گوێدان بە سەمفۆنیایەکی قووڵ، چێژێکی زۆر وەر بگرێ. «با واز لە دەمارگرژی بێنین، یاریی هەقلی مەقۆ بە قەدەر زانستو هونەری شیعر و مۆسیقا بەبایەخە.» لێرەدا وادیارە حیسابی چێژەکەی ناوبراو لەڕووی دەروونناسییەوە گونجاو بوو.

بەو حاڵەش میل ئاگاداری ئەم بابەتە بوو و تەنانەت کەڵکی لێوەرگرتو ریشەیەکی لیبراڵی لە سوودگەرایی زیاد کرد. بایەخی چێژ لەوەدایە کە ژیانی خەڵک خۆشتر دەکا. لە هەمانکاتدا بایەخدان بە خەڵک دەبێ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بێت. نابێ بەزۆرەملێ بێ. ڕەزامەندی کاتێک لە کۆمەڵگەدا زیاتر برەو پەیدا دەکات کە هەرکەسێک ئازاد بێ لەوەی بە دوای ڕەزامەندیی خۆیدا بگەڕێ. تاکە مەرجی پێویستیش بۆ ئەمە، ئەوەیە کەوا ئەم بۆچوونە تایبەتانە لەمەڕ ڕەزامەندی، سنووری یەکتر یان هیی چاکەی گشتی نەبەزێنن. باسکردنی ئەم چەشنە سەرپشک کردنە لە لیبرالیزمدا بەسەر ئەو بەڵگەهێنانەوە زۆر دووپاتەکراوەیەی دژی «دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندی بۆ زۆرینەی خەڵک» سەردەکەوێ. ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، بەروونی و دواجار، سوودگەرایی بە ئاراستەیەکدا دەبرد کە دژی لە سێدارەدان لە پێش چاوی خەڵک دەگرت. لەهەر بارێکەوە لێبڕوانین، چێژی سادیستیی زۆرینە، بێگومان لەسەروو چارەڕەشیی تاکەوە دانرابوو. لەم خوێندنەوە دەستوەرنەدەرانەیەی میلدا بۆ سوودگەرایی، ئیدی تاک نەدەبووە قوربانیی چێژی سادیستییانەی زۆرینە.

شرۆڤەی لیبراڵی میل بۆ ڕەزامەندی - هەرکەس بە گوێرەی سەلیقەی خۆی - چەند شێوازێکی دیکەی لە حیسابکردنی ڕەزامەندیو پێوانی گشتییدا دروست کرد. ئێستا کاتی ئەوەیە ڕەزامەندی شرۆڤە بکرێو بوار بدرێ بە هەموو چەشنە لێکدانەوەو بۆچوونێک لەسەری. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بێژین لە کەشێکی وادا ئیدی پێوانی ئاستی ڕەزامەندیی تاک نە دەست دەداو نە پێویستیشە. چۆن دەکرێ ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک مەزندە بکەین؟ بێگومان دەبێ پشت بە پێوەرێکی ئەزموونیی باو ببەستین: ئەویش ڕێککەوتنی گشتییە.

ئەمە لەگەڵ لۆژیکی میل دێتەوەو ئەزموونگەرایی، لیبرالیزمو سوودگەراییەکەی تەبا دەکا. کاتێک هەرکەسێک ئازادە کەوا بەپێی حەزو سەلیقەی خۆی بەدوای ڕەزامەندیدا بگەڕێ، ئیدی دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕەزامەندی دەبێتە بابەتێکی ئەزموونیو تەجرەبی. هەرچەشنە پێوانو هەڵسەنگاندنێکی ڕەزامەندی گشتیش لەمە بەدەر نابێ. هیچ وێناو چەمکێکی پێش وەخت یان باڵا، لە گۆڕێدا نابێو پێوانەی تەجرەبیی ڕەزامەندیی گشتیش لێکچوونێکی بەرچاوی لەگەڵ ئەنجامگیریی»استقرایی»دا دەبێ. ئەمەش بۆ خۆی هەڵهەڵگرە، بەڵام دووپاتبوونەوە، کاربڕیو ڕاستبوونەکەی بەهێز دەکا. بە قسەی میل «تەنیا بەڵگەیەک کە دەکرێ بۆ شایانی ویستن بوونی شتێک بخرێتە بەرچاو، ئەوەیە کە خەڵک بە کردەکی ئەو شتەیان بوێ.» ئەمە ڕەنگە وا دەرکەوێ کە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە، دوورە، بەڵام جارێکی دیکەش وا دێتەوە بەرچاو کە لایەنی دەروونناسییەکەی، بەسەر بۆچوونی «هەیە \ دەبێ»ی هیومدا باز دەدا. هەروەک میل لە درێژەی قسەکانیدا تەئکید دەکاتەوە کە «ئەگەر ئەو ئامانجەی ڕێبازی سوودگەرایی بۆ خۆی دیاری دەکا، لە تیۆری و پراکتیکدا کرابایەتە ئامانجو قبووڵ نەکرابایە، هیچ شتێک نەیدەتوانی کەسێک ڕازی بکا کە وایە.»

بەڵام ئایا ئەمە تێکڕای وێنەکەیە؟ بێگومان هەندێ جار دەکرێ بەدوای شتێکی لە چێژ بەدەر بین. دەکرێ پابەندی مرۆڤدۆستیو ئەرکناسی بین. میل دان بەوەدا دەنێ کە دەکرێ بەپێچەوانەی ویستە کاتییەکان بجووڵێنەوە. «بەڵام ئەنجامدانی کاری دروست»یش چێژو ڕەزامەندیی لێدەکەوێتەوە - وەک بەخۆنازین، چێژ وەرگرتن لە سەنگ و قیمەتی خۆت لە ناو کۆمەڵگەداو هتد... . بەم شێوەیە پەروەردەکردنی فەزیلەت دەکرێ ڕەزامەندیی تاکو کۆمەڵگەی بەدواوە بێ. بەم شێوەیە شارەزاییەکی قووڵتر لەمەڕ ڕەزامەندی پەیدا دەکەین کە زیاتر لە «کەماڵی ڕۆحی» نزیکمان دەکاتەوە.

پێداگریی میل لەسەر گەڕانی تاک بەدوای ڕەزامەندیی خۆیدا وا دەکا کە تاک خۆی بەشێوەیەکی سوودمەندو گشت بینانە پەروەردە بکا. بەمجۆرە دەتوانێ کامڵ ببێو پەی بە تێکڕای تواناکانی خۆی بەرێ. ئەمەش هەر بۆ خۆی تۆزێک گەشبینانەیە. بێگومان خوێندنەوەکەی میل بواری بۆ ئەم خۆشبینییە خۆش کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ وا دەبێ یان نا، بابەتێکی دیکەیە. دەروونناسی ئێمە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ، هەمیشە بەرەو خۆشیو ڕووناکیمان نابا. هێندەی تەمەنی نەوەیەکی دیکە کاتی دەویست تاکوو فرۆید ئەو دەورە سەرەکییە شرۆڤە بکا کە دەروونپەژاری، نەست، پاڵنەرە خۆ وێرانکەرەکان لە ژیانی تایبەتی ئێمەدا دەیگێڕن. لە لایەکی دیکەوە، لیبرالیزمی میل ڕێی لە دەسوەردانی باوکسالارانە لە ژیانی کەسانی تردا دەگرت بەو بیانووەی کە گوایا زۆربەی خەڵک مەسڵەحەتی خۆیان نازانن . لە سەردەمی میلدا، تەنانەت ڕۆشنگەرانەترین هەوڵەکان بۆ چاک کردنی باری کۆمەڵایەتی زۆرتر هەر لە ئەم بنەما باوکسالارانەیەوە سەرچاوەیان دەگرت: کە کەسانی ئاقڵو ژیر باشتر دەزانن. بێگومان بێنتامو باوکی میلیش هەر وا بیریان دەکردەوە. ڕەنگە جۆرە باوەڕێکیان بە ئازادیو دەسەڵات هەبوو بێت، بەڵام دواتر دەردەکەوت کە باوەڕێکی یەکجار ئایدیال و تیۆریکەو بابەتیانە نییە. جارێکی دیکە ئەزموونی ڕاستەوخۆ، دەسکەوتی بۆ میل هەبوو. هەر تاکێک مافی خۆیەتی لە ئازادییەکەی کەڵک وەربگرێو بۆ خۆشی شرۆڤەی ئەو ئازادییە بکا.



کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦١٩
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٦ی نوامبری ٢٠١٣

# بۆ ئیعدامی



جەلال مەلەکشا

وتیان: تاوانی ئێعدامی
گەچڵاندنی خەوی شارە
سزای ئەوەش لە قانوونی ئەساسیدا
بۆ چاوترسێن خەڵکی، دارە!
وتیان: تاوانی ئێعدامی
ورووژانی بورکانە دامرکاوەکان
بۆتەکان بوومەلەرزەو ئاژاوەیە
هێنانەوەی دەنگی کوێستان
بۆ شلەژانی ئاسایشی ئەم وڵاتە
رازاوەیە
نیوەشەو بوو ....
لە کۆرەپانی شارێکا
جەلادەکان، داریان هەڵنست
جاریان کێشا
ئەوەی ویستیان...
بە تەشیە کۆنەکەی خۆیان
بۆ خەڵکیان رست
وتیان: تاوانی ئێعدامی
گەچڵاندنی خەوی شارە
سزای ئەوەش لە قانوونی ئەساسیدا
بۆ چاوترسێن خەڵکی، دارە!
وتیان: تاوانی ئێعدامی
ورووژانی بورکانە دامرکاوەکان
بۆ تەکان بوومەلەرزە و ئاژاوەیە
هێنانەوەی دەنگی کوێستان
بۆ شلەژانی ئاسایشی ئەم وڵاتە
رازاوەیە
نیوەشەو بوو...
لە قاوشی زیندانێکا
ئێعدامیە تاوانبارەکە
بیری لە کازیوە ئەکرد
لە ژوورێکی پڕ خەیاڵی شاری خەما
ژنی بیرەوەرییەکانی
دەنک دەنک
وەک ملوانک،
بۆ گەردەنی کۆرپە هێشتا نەهاتووەکەی
پێوە ئەکرد!
لە کۆرەپانی سامناکا
لە ژووری دادگای شارا
کاربەدەستان بۆ ئێعدامی
خەڵاتیی مەرگیان ئەدووراند.
کاتژمێرە فێگرتووەکەی
کاکەی تاوانباریش بەلەز
شەوی ئەشکان
هاتن، هاتن...
قازی، پۆلیس و میرغەزەب هاتن
وتیان: هانێ! ئەوە پێنووس
وەسیەت‌نامەکەت بنووسە
وتی: دەبێ سڵاو بنێرم بۆ کوێستان
وتیان: نابێ...
ئەویش لە وەسیەت‌نامەدا
تفەنگەکەی دا بە سبەی!
دارەکەیان لە خەو هەڵسان
وەنەوزی کۆڕەپان شکا،
لە ژووری چۆڵ
تکی فرمێسک لە چاوی ژن
بە سەر گۆنای زەردیا تکا!
ئالقەی تەناف زریکاندی
تاوانبار چوو بەرەو ئاسمان
هەورەکانی کوێستان جمان
ژنی ژانگرتوو قیژاندی
کۆرپەی سبەی هاتە جیهان.

# شەهید



قوبادی جەلیزادە

با داباری بارانی ئاڵ،
تۆوی ئازادی پێ دەڕوێن.
دەبا بڕژێ خوێنی لاوان،
رۆژهەڵات ئاشنایە بە خوێن.

گەر بتەوێ خۆر داگری ،
دڕەی بە تاریکی شەوێ.
دەبێ رۆژانە بە خەندە،
لاوێک بۆ تەناف سەرکەوێ.

بۆ رۆژهەڵات تازە نییە،
سینگ و گوللە و ، پەت و گەردن.
ریگای ئازادی دژوارە،
زۆر کوڕو کچی بۆ مردن.

دەرسی شەرەفمەندی دادا،
سەرۆک کۆمارەکەی ئێوە.
لاوان لە پێشەوا فێر بوون،
کە گیان بسپێرن بەپێوە.

# نامەی ماڵئاوایی حەبیبوڵا گوڵپەرییوور بۆ بنەماڵەکەی

بە ناوی خوا
سڵاو

ماوەی چوار ساڵە بە تەواوەتی وەزەحمەتم خستوون. هیوادارم بمبوورن. بۆ هەمووتان ئارەزووی سەرکەوتن دەکەم. بە دایکم بڵێن هەرکات دڵ تەنگ بوو بچێتە ئاویەر و من لە ئاوییەر ببینێ. من هەمووکات لە گەڵ ئەودا دەبم. کەوابوو با بیر لە من نەکاتەوە. پێمخۆشە ڕۆژەکانی داهاتوو هەر خۆش بێت، منیش بەوجۆرە خۆشحاڵ دەبم. ئەگەر شادو خۆشحاڵی منتان دەوێ کەوابوو ئێوەش دەبێ شاد و خۆشحاڵ بن.

باوکی خۆشەویستم! سپاس بۆ هەموو ئەو زەحمەتانەی بۆ منت کێشاوە. لەوەی کە نەمتوانی کوڕێکی باش بم بۆتان، داوای لێبووردن دەکەم. بۆ هەموو خوشک و براکانم هیوای سەرکەوتن و باشترین ژیان بەئاوات دەخوازم.

خوا بتانپارێزێ
حەبیبوڵڵا گوڵپەرییوور



لە پەیجی سیاوەش گودەرزی وەرگیراوە..

هەڵپچینی

# هەڵسەنگاندنی دوو وشەی چەند بڕگەیی



مستەفا شێخە

لەم ماوەیەدا کە خەریکی هەڵەچێنیم، تا ئێستا توانیومە هەڵەی زۆر لە ناو زمانی کوردیدا بچێنم. هیوادارم هەموو ئەو هەڵانەی دەیانچێنم، بێ ئەوەی دانەیەکیان کوێرە بکات، هەموویان شین ببنەوە و لەم پەنایەدا هەموو هەڵەخوازان و ئەو کەسانەی تامەزرۆی بەروبوومی هەڵەن، بە ئاواتە لەمێژینەکانیان بگەن.

مەبەست لە چاندنی هەڵە ئەوە نیە، خەڵک گوێ بۆ «رێنوێنی»یەکانم رابگرن و وەک دانیشتووانی رەسەنی شاری هەولێر دەڵێن، بە گێم بکەن. بboورن گوتم رێنوێنی. من خۆم لە ئاستێکدا نابینم کەس رێنوێنی بکەم، بۆیە داواتان لێدەکەم ئەوەندە زەحمەت بدەن بە خۆتان و یەکەم وشەی «ڕێنوێنی» لە چەند دێڕی سەرەوەدا بگۆڕنو بیکەن بە « تێبینی». هەروەک دەزانن من کارم هەڵەچێنیە، بۆیە لە خۆم ڕانەدیت ئەم هەڵەیەی سەرەوە راست بکەمەوە. من تەنیا کارم چاندنەو ئێوە خۆتان چۆن دروێنەو شەنو کەوی دەکەن، بە خۆتانی دەسپێرم.

جاری وایە لەبەر خۆمەوە، بەخۆم دەنازم و وادەزانم هەر من هەڵەچێنم و لەم بەستێنەدا واتە لە بەستێنی هەڵەچێنیدا کەس دەسکانم لەدوا ناکاتو تاکە سواری ئەم بەستێنەم. جاری واشە لە پەرێزی هەڵەچێنانی دیکەدا نسکۆیان دەدەم و بە زەحمەت خۆم بۆ دەگیرێتەوەو دێمەوە سەرخۆ. نسکۆ لەسەر نسکۆ و بیلامانێ سەرسم لەسەر سەرسم.

رۆژێک لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لە پشت پۆلی خوێندنی قوتابخانەیەک خۆم مات کردو گوێم لە کۆمەڵێک ماموستا گرت، ئاخۆ چۆن وانە دەڵێنەوەو مێشکی قوتابیان چۆن بە زانستی فێربوونو پێشکەوتن‌خوازی زاخاو دەدەن.

بەداخەوە ئەوەی من باش تێی‌نەگەمو سەرەدەری لێ‌دەرنەکەم، وانەی زمانو رێزمانە. لە بەختی بەدی من وانەی ئەمڕۆژەی هەموو پۆلەکانیش دەرسی رێزمان بوو.

ماموستای یەکەم لە یەکێک لە پۆلەکان‌دا باسی زمانی کردو گوتی هەرچی هەمانە، سەرچاوەکەی زمانەو ئەگەر زمان باش نەزانین، لە پانتایی زانست و تێگەیشتن‌دا دۆ و دۆشاومان لێ تێکەڵ دەبێت. لەبەرخۆمەوە گوتم جا وەرە سەیری بکە ئەگەر دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوونو لێکدران بڵێی ئەم رەنگە سپیو قاوەییە سووتاوە چی بەسەربێت؟ ئەوکات دەبێ دەستەودامێنی شارەزایانی رەنگناسی بینو ئەوانیش بە بۆچوونی خۆیان ناوێکی نوێ بۆ رەنگە تازەکە دابتاشن.

ماموستای دووهەم وێرای پێداگری لە سەر زمانو رێزمان، گوتی: لەدرێژەی وانەی ماموستاکەی پێشتردا وشەی «یەکگرتن»تان بۆ شی دەکەمەوە. ئەم ماموستایەیان دوای ئەوەی کەمێک بای لەملاو ئەولای گوپی کرد، بێ‌ئەوەی هەست رابگرێت قوتابیەکان چەندە لە وانەکە دەگەن، گوتی وشەی « یەکگرتن» لە سێ بڕگە پێک هاتووە. هەموو قوتابییەکان دەمیان بەش کردەوەو دەتگوت بە فەرمایشتی ماموستا باوێشکیان دێتێ.

دوای ئەم زڕەباوێشکە، هێندێک لە قوتابیەکان لەبنەوە رانی یەکتریان هەڵدەقورینجیو گۆشتی بن‌هەنگڵی یەکتریان دەگرت. ئەوان ئەوا لە مانای یەکگرتن تێگەیشتبوونو ماموستاش تەنیا بە دووبارەکردنەوەی بڕگەکانی یەکگرتن خۆی دەخافڵاندو بە درێژی باسی چاکەکانی یەکگرتنی دەکرد. ماموستا دەیگوت یەکگرتن بەو پیتە دەنگدارانەیەوە زۆر جوانە. ئەگەر ئەم پیتە دەنگدارانەی نەبوایە، پیتە بێدەنگەکان هەر لەخۆوە حەیاتیان لێدەبڕاو یەک بە مەیدانێ رادەکشان. ماموستا ئەوەندە گێژ بوو نەیدەزانی پیتی بێدەنگ بە تەنیا ناتوانێ تۆزقاڵێکیش خۆی لەبەر یەک بکێشێتەوە. قوتابییەکان هێندێک بیریان لێ کردەوەو هەر یەکەو ئەوی تەنیشت خۆی دەگرتو بە بۆچوونی خۆیان ئەوا لە یەکگرتن تێگەیشتبوون. ماموستا دیتی غەڵبەغەڵبو دەنگەدەنگ ژووری پۆلەکەی داگرتووە، ناچار بانگی ئەو ماموستایەی کرد کە سەردەمێک لەمەوبەر، بێ پرسی یەکتری دەستیان دە ئاوی ساردوگەرم نەدەنا. ماموستاکان دوو سێ‌جار چاوی ماناداریان لەیەکتر نووقاندو لە یەکتری نزیک بوونەوە. هەردووکیان خەریک بوون لەخۆیان دەفشیو بە فیز و ئیفادەوە «لێک نێزیکبوونەوە»کەیان بە قوتابیان نیشان دەدا. ماموستای دووهەم کە هەر بزەی سمێڵی دەهاتو خۆی لە سەر ئەوی دیکە بادەدا و وای دەگەیاند ئەو باشتر دەتوانێت قوتابیەکان بخافڵێنێت. هەر بەم گوڕوتینەوە کە لە هاوکاری پێشووی نزیک دەبۆوە، دەستی بە لێکدانەوەی پاژەکانی «یەکگرتنەوە» کرد. ئەویش دەیگوت وشەی یەکگرتنەوە لە وشەی یەکگرتن دوورو درێژترە، لە پێنج بڕگە پێکهاتووە و دیارە وشەی پێنج بڕگەییش لە وشەی سێ بڕگەیی گەورەترە. ئەگەر گەورەتر بێت، دیارە باشتریشە. دەمەو ئێوارە، ماموستاکان بەردەوام هەر یەکەو بەجیا باسی دوو وشەی «یەکگرتن»و «یەکگرتنەوە»یان دەکرد و قوتابیەکانیش لاملی خۆیان دەخوراندو خەریک بوون کتێب‌ودەفتەرەکانیان کۆدەکردەوە. لەم ناوەدا قوتابیەکی زیرەک، بۆ ئەوەی کۆتایی بە وانەی ئەمڕۆ بێنێتو خۆیو هاوپۆلەکانی لەدەست ئەم دووماموستایە رزگار بکات، گوتی: وشە تازەکانی ناو وانەی ئەمڕۆمان بریتی بوون لە: یەکگرتن، یەکگرتنەوە، لێک‌نزیک بوونەوەو هاوڕێی پێشوو. ماموستاکانیش گوتیان بۆ سبەودوو یان بۆ چەند رۆژێک دواتر کە خۆمان لەسەری ساغ بووینەوە، دەبێ هەمووتان وەک بولبولی خۆشخوان ئەم چەند وشەیە بە ماناکانیانەوە لەبەر بلێینەوە.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 619 6 Nov 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان لەلایەن کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامەکانی ئەم دواییانە



ڕەزا ئیسمـــاعیلی



شێرکـــۆ مەعارفی



حەبیبوڵڵا گولپـــەری‌پوور





هەولێـــر



کۆیـــە



نۆروێـــژ





مـــەریوان





فـــەڕانسە

بەر لە ماڵاوایی

# لە پەراوێزی وڵامدانەو وڵامنەدانەوەی حیزبەکان بە ڕەخنەی دڵسۆزانەی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاک



قادر وریا

دوای بڵاوبوونەوەی وڵامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە نامەی دڵسۆزانەی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی کوردستان، لە دنیای مەجازیدا، هێندێک تانە و تەشەر لەو وڵامانە دران. دیارە کەسانێکیش هەبوون، بە ڕێزەوە باسی نەفسی وڵامدانەوەکەیان کرد و بە کارێکی بەرپرسیارانە و ولامدەرانەیان ناو برد.

دەستخۆش و سوپاس بۆ هەر کەسێک دەنێرم کە کردەوەی جوان دەبینێ و ڕێزی لی دەگرێ. هەر وەها ڕێز و سوپاسیشم بۆ کەسانێک کە کاری جێگای ڕەخنە دەبینن و دلسۆزانە و بە زمانێکی مەنتیقی رەخنەی لێ دەگرن. بەلام هێندێک بەڕێز خەریکن لە ئەسلی مەسەلەکە خۆ دەدزنەوە و بە پەڕاوێزەکانییەوە خۆ خەریک دەکەن. لێرە دا راست رووی قسەم لەو بەڕێزانەیە:

تکایە بە شتی لاوەکی باسەکە بە لاڕێ دا مەبەن. لەبارەی نامەی ئەو کۆمەڵە خانمە و وڵامدانەوە یا وڵامنەدانەوەی حیزبەکان بەوان، پرسیارە ئەسلییەکان ئەمانەن ئەگەر وڵامێکتان بۆیان هەیە :

١- ئایا کارەکەیان و داواکەیان ( رووی ڕەخنە و قسە کردن لە حیزبەکان بە مەبەستی بە خۆداچوونەوە و هەنگاونان بەرەو کاری پێکەوە و هاوبەش و هەڵوێستی هاوبەش بە تایبەتی لە رووبەروو بوونەوە لە گەڵ ئێعدامی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان) باشە یان خراپ؟

٢- بە ڕێز و حورمەتەوە، وڵامدانەوە بەم جۆرە رەخنە و داوایانە لە لایەن رێبەریی حیزبەکانەوە، کارێکی باشە یا خۆ لێ بیدەنگ کردنیان و حیساب بۆ نەکردنیان؟ زەحمەت نەبێ ولامی ئەو پرسیارەش بدەنەوە کە لە ئاست ولامنەدانەوەی حیزبەکەی یا حیزبەکانی خۆتان بە داوای ئەو خانمانە بۆ بیدەنگن؟ بۆ ڕەخنەی لێ ناگرن؟

٣- نامەی ئەو خانمانە نامەی سەرئاوەڵایە، واتە ئەگەر بە تایبەتییش بۆ حیزبەکانی نەنێرن، مادام لە راگەیەنەکان دا بڵاو بۆتەوە، بەردەنگەکانیان هەر پێویستە لە بەرامبەری دا وڵامدەر بن. بەو حاڵەش وەک لە خۆیانم بیستوە بۆ هەموو حیزبەکانیان ناردوە. خۆ ڕووی قسەی ئەوان لە ژنانی ئەندامی حیزبەکان نییە، ڕوویان لە رێبەریی حیزبەکانە. بە راستی ئەو حیزبانەی وڵامیان نەداوەتەوە، لە بەر ئەوەیە کە ئەم خانمانە پێوەندییان بە ژنانی ئەندام لە ڕیزەکانی ئەوانەوە نەگرتوە؟ هەر لە جێ دا ژنان و ئەندامانی ئەوحیزبانە تا چەند ئەو ماف و ئازادییەیان هەیە بێ ئیجازەی ڕیبەریی حیزبەکانیان،بەشداری یا پێشوازی لە داوا و هەوڵێکی رەخنەگرانە بەڵام دڵسۆزانە بکەن کە رووی لە حیزبەکانی ئەوانیشە؟!

٤- ئەو خانمانە پێکەوە هەنگاوێکیان بە هاوبەشی و هاودەنگی هەڵگرتوە، خۆ حیزب و رێکخراویان پێک نەهێناوە تا چاوەروان بین بزانین دەتوانن بۆ ماوەی مانگێک، درێژە بە پێکەوە بوون و پێکەوە مانەوە بدەن، جا ئەو جار و بەو مەرجە ولامی ئەم داوایەی ئێستایان بدەینەوە!! بۆ چی ئەم جۆرە کارە هاوبەشانەشیان با کاتی و ناوبەناویش بێت بە کەم بگرین و لە جیاتی خستنە ژێرپرسیار هاندەریان نەبین بۆ پەرەپیدان و بەردەوامبوونیان؟!

٥- چەن کەسێک، دیارە هێندێکیان بە ناحەزی و دەربڕینێکی نابێهداشتی، رەخنەیان لەو بەشەی ولامەی حیزبی دیموکراتی کورستان گرتوە کە دەڵێ «پێمان وایە ئەو ڕەخنانەی ئێوە کەمتر ڕوویان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانە و زۆر بە کەمی ئێمە دەگرێتەوە». لە وڵامی ئەوان دا دەڵێم «آفتاب آمد دلیل آفتاب»! ئەو خانمانە دەڵێن ئێوە حیزبەکان پێکەوە بەیاننامە بدەن، بە یەکەوە و بە هاوبەشی هەڵویست بگرن و یەکگرتوو بن لە سەرپرسی گشتی. ئایا حدک کە بەر لەو ڕەخنەیەش بە چەندین جار عەینی ئەو داوایەی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە باس کردوە و وتوویەتی با هاودەنگی و هاوهەڵوێیستی بەرەورووی ئەو رووداو و پرسانە بینەوە کە پێوەندیی بە هەر هەموومان و خەڵکەکەمانەوە هەیە، حەقی نییە بڵێ «ئەو رەخنەیەی ئەو خانمانە کەمتر رووی لە ئێمەیە، بەو حالەش بە دڵسۆزانەی دەزانین و پێشوازیی لێ دەکەین.»؟

٦- ئێستا دوای هەموو ئەو تانە و تەشەرانەتان، قسەی حیسابیتان چییە؟ وەک خۆتان و ئەندامی حیزبێک، قبووڵتانە حیزبەکەتان یا حیزبەکانتان لە گەڵ حیزبەکانی دیکە، پێکەوە کۆ ببنەوە، بەیاننامەی هاوبەش بدەن و لە سەر ڕۆژێک بۆ مانگرتنی گشتی یا هەر حەرەکەتێکی گشتی و پێکەوە، ساغ ببنەوە؟

٢٠١٣/١١/١